**ناوی کتێب: هەڕەشەی داینامیکی تیرۆریستی**

- نووسینی: کیم کراگین و سارا ئا. دالی
- وەرگێڕانی: مەڕوان کاکل
- نەخشەسازی ناوەوە: هەردی
- بەرگ: ڕێبین
- سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات
- ژمارەی سپاردن: (٨٦٣)
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- چاپی یەکەم ٢٠٠٦
- نرخ: ٣٠٠٠ دینار
- چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

زنجیرەی کتێب (٤)

**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی**

**موکریانی**

www.mukiryani.com

asokareem@ maktoob.com

Tel: ٢٢٦٠٣١١

# هەڕەشەی داینامیکی تیرۆریستی

هەڵسەنگاندنی پاڵنەر و توانا تیرۆریستییەکان لە جیهانی گۆڕاودا

**نووسینی:** کیم کراگین و سارا ئا. دالی

**وەرگێڕانی:** مەڕوان کاکل

هەولێر - ٢٠٠٦

# پێرست


پێرست ........ ١
وتەیەك ........ ٥
كورتكراوەكان ........ ٧
بەشی یەكەم ........ ٩
پێشەكی ........ ١١
كورتەی مێژوویی ........ ١١
بەرنامەڕێژی ........ ١٣
بەشی دووەم ........ ١٨
هەڵسەنگاندنی هەڕەشەی تیرۆیستان ........ ١٩
دامەزراندنی سیستەمەكە ........ ١٩
نیشانەكانی نیازە تیرۆریستییەكان ........ ٢١
نیشانەكانی توانا تیرۆریستیەكان ........ ٢٨
جێبەجێكردنی سیستەمەكە ........ ٣٧
بەشی سێیەم ........ ٤٧
تواناكانی گروپە تیرۆریستییەكان ........ ٤٨
بەگریمانەكردنی ئامرازە تیرۆریستییەكان ........ ٤٩
ئامرازە ڕێكخراوەییەكان ........ ٥٥
ئایدیۆلۆجیا ........ ٥٦
سەركردایەتیكردن ........ ٦٠
كۆكردنەوەی ئەندامی نوێ (ئەندامگیری) ........ ٦٤
پروپاگەندە ........ ٦٨
ئامرازە كردارییەكان ........ ٧٣
فەرماندان و كۆنترۆڵكردن ........ ٧٣





چەك ........ ٧٧
بۆشایی كرداری ........ ٨١
ئاسایشی كرداری ........ ٨٣
مەشقكردن ........ ٨٦
هەواڵگری ........ ٩٠
داهات (پارە) ........ ٩٦
بەشی چوارەم ........ ١٠٤
گروپە تیترۆریستییەكان وەك قەوارەیەكی هەمیشە گۆڕاو (دینامیكی) ........ ١٠٤
ڕێڕەوی پڕشنگدار ........ ١٠٦
حزب الله ........ ١١٤
جیهادی ئیسلامی میسری ........ ١٢٣
گروپی ئەبو سەیاف ........ ١٣١
بەشی پێنجەم ........ ١٤١
ئەنجام ........ ١٤١
پاشكۆ ........ ١٤٥
خواستەكانی هێرشی تیرۆریستی ........ ١٤٧

## وتەیەک

بــە ماوەیــەکی کــەم دوای هێرشــەکانی ١١ ی ســێپتێمبەر بــۆ ســەر ویلایەتــە یەکگرتووەکان، (جۆن جەمپەر)، سەرۆکی ستافی گشتی هێزەکانی ئاسمانی داوای لە دەزگای (ڕاند) کرد بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەك لــەژێر نــاوی (بیرکردنــەوەی ستراتیژییانە دەربارەی جەنگکردن لەگەڵ تیرۆر". پرۆژە درێژخایەنەکــە بــۆ چــوار ئەرکی لێکۆڵینەوە دابەشکرا، هەریەکەیان لایەنێکی جیاواز بەڵام تەواوکەری بــۆ کێشەکانی دژە تیرۆر ئەنجامدا، کە بریتیبوون لە مانەی خوارەوە:

ـ هەڵسەنگاندنی هەڕەشە ـ دیاریکردنی خەسڵەت و سنوورەکانی هەڕەشەکە.

ـ ڕەهەندەکانی جیهانی ـ کاریگەری هاوپەیمانی و ئەکتەرە جیهانییــەکانی دیکــە لەسەر هەڵبژاردنەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان.

ـ ستراتیژی ـ داڕشتنی بەرنامەی پێداویستی دژە تیرۆر.

ـ ئەنجامەکان بۆ هێزی ئاسمانی ـ دیاریکردنی ئاکامی باش بۆ هێزی بۆشایی.

لێکۆڵینەوەی ئەو ڕاپۆرتە وەك بەشێکی ئەرکی یەکەم ـ هەڵسەنگاندنی هەڕەشە ـ ئەنجامدرا. ڕاپۆرتەکە ئەو هەڕەشانە هەڵدەسەنگێنێ کە گروپە تیرۆریستییەکان دەیخەنە سەر ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەرژەوەندییــەکانی دەرەوەی، ئــەویش بــە پێشنیارکردنی سیستەمێك بۆ هەڵسەنگاندن و نرخانــدنی پاڵنــەرە ڕادەییــەکان و تواناکانیان. ڕاپۆرتەکە ئەو ئامرازانە وەسف دەکا کە گروپە تیرۆریستییە جیاکــان بۆ پارێزگاریکردنی یەکگرتوویی گروپەکانیان و ئەنجامــدانی هێرشــی تیرۆریــستی سەرکەوتوو، بەکاری دەهێــنن. هــەروەها دوای دیــاریکردنی خاڵــە هەســتیار یــا لاوازەکانی گروپە تیرۆریــستییەکان، باســەکە ئاوێتــە بــە دەمەتــەقێی چــۆنیەتی خۆگونجاندن و گۆڕانی نادیاری ئەو گروپانە دەبێ. کۆتاییەکەشی، چەند ئەنجامێك



بۆ ململانێی هەنووکەیی دژی تیرۆر دەخاتە بەر دید و بۆچوونی خوێنــەران. بۆیــە ئــەم ڕاپۆرتــە دەبــێ بــۆ داڕێــژەرانی سیاســەت بایەخــدار بــێ کــە لــە ئــەرکی کەمکردنەوەی هەڕەشە سەپێنراوەکانی ئەمڕۆی دەستی تیرۆر بــۆ ســەر ویلایەتــە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە گلاون. بــەڵام هەڕەشــەی تــیرۆر بــە درێــژایی کــات گــۆڕانی بەســەردادێت، بۆیــە نووســەرەکان تێکۆشــاون بــۆ پێــشکەشکردنی چوارچێوەیەك، کە بڕیار بەدەستان و ئەکادیمییەکانی پەیوەندیدار بە شــیکردنەوەی دۆزی تیرۆر و بەرپرسیارییەتی دژە تیرۆر لە ئایندەدا، لێیەوە کەڵکمەند بن.

## کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| ASG | گروپی ئەبو سەییاف |
| AUC | هێزە خۆپارێزەکانی کۆلۆمبیا |
| CBRN | چەکی کیمیایی، بایۆلۆژی، ڕادیۆیی، و ناوەکی |
| CPN-M | پارتی کۆمۆنیستی ماوەییە نیپالییەکان |
| CPRS | بنکەی توێژنەوەی فەلەستینی |
| DHKP/C | بەرەی/ پارتی خەڵکی شۆڕشگێڕانی ئازادیخواز |
| DMZ | هەرێمی لەچەك داماڵراو |
| EIJ | جیهادی ئیسلامی میسری |
| ELN | سوپای ئازادیخوازی نەتەوەیی |
| ETA | نیشتمان و ئازادی باسك |
| FARC | هێزە چاکدارەکانی شۆڕشگێڕانی کۆلۆمبیا |
| GIA | گروپی چەکداری ئیسلامی |
| GSPC | گروپی سەلەفی بۆ دەعوا و جەنگ |
| Hamas | بزوتنەوەی بەرگریکردنی ئیسلامی |
| IG | گروپی ئیسلامی (ئەلجەماعە لئیسلامییە) |
| IMU | بزووتنەوەی ئیسلامی ئۆزبەگستان |
| LeT | لەشکری تۆییبە |
| LTTE | پلنگەکانی ئازادی تامیل ئیلام |



| | |
|---|---|
| MILF | بەرەی ئیسلامی ئازادیخوازی مۆرۆ |
| MIPT | دەزگای یادەوەری نەتەوەیی بۆ قەدەغەکردنی تیرۆر |
| MNLF | بەرەی ئازادیخوازی نەتەوەیی مۆرۆ |
| NATO | ڕێکخراوی پەیماننامەی باکوری ئەتڵەسی |
| N١٧RO | ڕێکخراوی شۆڕشگێرانی ١٧ ی نۆڤێمبەر |
| PAF | پرۆژەی هێزی ئاسمانی |
| PIJ | جیهادی ئیسلامە فەلەستینی |
| PIRA | سوپای کاتی کۆماری ئێرلەندی |
| PKK | پارتی کرێکارانی کوردستان |
| PLO | ڕێکخراوی ئازادیخوزای فەلەستینی |
| RIRA | سوپای ڕاستەقینەی کۆماری ئێرلەندی |
| SDLP | پارتی سۆشیالیست و دیموکراتی کرێکاران |
| SL | ڕێڕەوی پرشنگدار |
| USS | کەشتی ویلایەتە یەکگرتووەکان |

# بەشی یەکەم

## کورتەی مێژوویی

## پێشەکی

### کورتەی مێژوویی

لە ٥ ی سێپتێمبەری **١٩٧٢**، لـە کـاتی ئەنجامـدانی یارییـەکانی ئۆڵـۆمپی لـە میـونیخ ـ ئـەڵمانیای رۆژئـاوا ـ هەشـت فەلەسـتینی چـوونە نێـو نـشینگەی ئیسرائیلییەکان و نـۆ وەرزشـوانیان رفانـد[1]. بـە جێبـەجێکردنی ئـەم هێرشـە تیرۆریـستان بـەهیوای ئـازادکردنی **٢٣٦** فەلەسـتینی زینـدانیکراو لەلایـەن ئیسرائیلەوە بوون. بـەم کارەیـان سـەرنجی جیهانیـان بـۆ لای کێـشەکەی خۆیـان راکێـشا و بـوونی فەلەسـتینییەکانیان لـەو کۆبوونەوەیـە سـەلماند کـە پشتگوێخرابوون[2]. دوای چەند سەعاتێك وتووێـژ، تیرۆریـستان رێگـەیان پێـدرا بارمتەکان بەرەو بنکەی ئاسمانی ئەڵمانیای رۆژئاوا ببەن و پلانیـان وابـوو بـەرەو میسر بۆی بەرێکەون تا بەندییەکان ئـاڵوگۆڕ بکـەن، بـەڵام هێزەکـانی پۆلیـسی ئـەڵمانی لـە هـەولێك بـۆ رزگـارکردنی بارمتـەکان و لـە کـاتی گەیـشتنی هەلیکۆپتەرەکاندا، ئاگری چەکەکانیان بەرووی تیرۆریـستان دا کـردەوە. ئاکـامی هەوڵەکەیان سەرکەوتوو نەبوو و، هەر نۆ بارمتەکە لە ئاکامی تەقەکردنی پۆلیس و تیرۆریستان کوژران. سەرەرای لەدەسـتدانی بارمتـەکانیان، فەلەسـتینییەکان و تیرۆریـستانی دیکـە، دوو وانـە لـەم رووداوە فێربـوون: یەکـەمیان، هێرشـە تیرۆریستییەکان دەتوانێ سەرکەوتن بەدەست بێنـێ ئەگـەر چـی لـە بـەدیهێنانی ئامانجە کاتییەکانشیاندا (کە لەم بارەدا، ئازادکردنی بەندکراوە فەلەسـتینییەکان

[1]ـ Bruce Hoffman, Inside Terrorism, New York: Columbia University Press, ١٩٩٨, pp. ٧١–٧٥.

[2]ـ ئەم لێدوانانە لەلایەن ئەبوو ئەیاد، سەرۆکی هەواڵگری رێکخراوی ئازادیخوازانی فەلەستینی لە پەرتوکەکەی هۆفمان (١٩٩٨، ل٧٣) راگەیاندراوە



بوو) نوشوستی بێـنن، ئـەویتریش، کـردە تیرۆریـستییەکان هـانی پاڵپـشتیکردن دەدات، و لەوەشەوە دەتوانێ رێکخراوە تیرۆریستییەکان بەهێزتر بکا[1].

لە راستیدا، بـەلای زۆربـەی شـیکارانی تـیرۆرەوە، ئـەم رووداوە زەنگـی هـاتنی قۆنـاغێکی لێـدا کـە (بریـان جێکینـز) لـە سـاڵی **١٩٧٥** دا بـە (تـیرۆر وەك هەرەشەیەك)[2] وەسفی کردووە.

ئیمرۆ کە زیاتر لە **٣٠** ساڵ بە سەر رووداوەکـەی میـونیخ تێپـەردەبێ، ویلایەتـە یـەکگرتووەکان خـۆی لـەوە دەبینێتـەوە کـە سـەرقاڵی جـەنگی تـیرۆرە. ئەمـە جەنگێکی سەختە و تەنها رێکخراوی ئەلقاعیـدە تیایـدا ئامـانج نییـە، بـەڵکو گروپی دیکەش کە پەیوەندییان بە رێکخراوی ئەلقاعیدەوە هەیە و لەشـوێنەکانی دیکەی جیهاندا پەرتوبلاوبوونەتەوە، دەگرێتەوە. زیاتر لەوە، ئێستا واپێدەچێ کە دروشمـی سـەرەتایی تـیرۆر کـە دەڵـێ (خـەڵکێکی زۆر ببیـنن و ببیـسن، بـەڵام خـەڵکێکی زۆر نـەمرن) گۆرابـێ. وەك نموونەیـەك، رێکخـراوی ئەلئەلقاعیـدە راپگەیاندووە کە ئامانجی یەکەمی بریتییە لە کوشـتنی ئەمەریکییـەکان تـا لـە توانایدا بێ[3]. بۆیە، دەسـتەی دارێـژەرانی سیاسـەتی ئەمـەریکی بریـاری داوە هـەموو ئـەو هەرەشـانەی تـیرۆر دەسـەپێنرێنە سـەر ویلایەتـە یـەکگرتووەکان کەمبکاتەوە. لە راستیدا، راگەیاندنەکانی کۆشکی سپی ئاماژە بەوە دەکات کـە بۆی هەیە جەنگی دژەتیرۆر لـە کۆتاییـدا فراوانبـێ و تیرۆریـستانی سەرانـسەری

[1]ـ پەرتوکی Inside Terrorism, Bruce Hoffman (١٩٩٨, p. ٧٤) رایدەگەیەنێ کە لە دوای ئەم رووداوانە هەزاران فەلەستینی نوێ پەیوەندییان بە رێکخراوە تیرۆریستیەکانەوە کرد، وەك رێکخراوی سێپتێمبەری رەش کە لە پێناو کێشەی فەلەستینیەکان جەنگا.

[2]ـ Brian Jenkins, cited in Hoffman (١٩٩٨, p. ٣٨).

[3]ـ بۆ گفتوگۆ دەربارەی ئەلقاعیدە و ئامانجەکانی بروانە:
Peter Bergen, Holy War, Inc.:Inside the Secret World of Osama Bin Laden, New York: The Free Press, ٢٠٠١, pp. ٢٤–٤٠.

جیهان بگرێتەوە[1]، واتە ئەو گروپانەش بخزێنە نێو چوارچێوەی هەڵمەتی دژە تیرۆر کە بە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە نە لکاون بەڵام توانای ئەوەیان هەیە هێرش بکەنە سەر نیشتمانی ویلایەتە یەکگرتووەکان. جەنگێکی وەها لەوە دەچێ داهاتی سەربازی و دبلۆماسی گەورەی بوێت، و بەلای کەمەوە چەندین ساڵ بخایەنێ. لەگەڵ بەرپاکردنی ئەم جەنگەشدا، ویلایەتە یەکگرتووەکان بەدوای بەدیهێنانی ئامانجەکانی دیکەی وەك پاراستنی بەرژەوەندییەکانی، لە شوێنەکانی دیکەی جیهان دەکەوێ. بێگومان ئەمە کێبڕکێ لەنێو ئامانجەکانی ئاسایشی نەتەوەیی دێنێتە ئاراوە، بۆیە گرنگە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان چالاکییەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بخاتە پێشینەی کارەکانی و گەلێ کاریگەرانەتر جەنگی تیرۆر بەرێوەببا.

## بەرنامەڕێژی

مەبەست لە پێشکەشکردنی ئەم ڕاپۆرتە یارمەتیدانی حکومەتی ئەمەریکایە، بەتایبەتی وەزارەتی بەرگری و دەستەی هەواڵگری. هەروەها دیاریکردنی هەڕەشە تیرۆریستییە لەناکاو و دەرکەوتووەکان، هەندێ تێگەیشتن بەدەستەوە بدات کە بتوانرێ لە ڕێگەیەوە بەباشترین شێوە بسەریاندا زاڵبێت.

لە ڕووی مێژووییەوە دەستەی ئاسایش و هەواڵگری ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕێگەیەکی هەستیی بۆ هەڵسەنگاندنی هەڕەشەی ڕێژەیی سەپێنراو بەهۆی گروپە تیرۆرستییەکانەوە گرتووەتە بەر. بۆ ئەنجامدانی ئەمەش، شارەزایان،

[1]ـ چەمکی (سەرانسەری جیهان) لە وتاری جۆرج بۆش وەرگیراوە کە لە دیسێمبەری ٢٠٠١ دا وتی: (دەسەڵاتی ئەمەریکی لە دژی هەموو تیرۆریستانی سەرانسەری جیهاندا بەکاردەهێنرێ): لەم سایتەی خوارەوە سەیری وتارەکە بکە:
www.whitehouse.gov/news/releases/٢٠٠١/١٢/٢٠٠١١٢٢٠-١١.html, September ٢٠٠٣) .( accessed



تیرۆرستانیان لە نێوان هەڕەشەی زۆر توند و هەڕەشەی کەمتر لەسەر بنەمای ژمارەی ئەو هێرشانەی کە دژی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئامانجە ڕۆژئاواییەکان لە ماوەیەکی دیاریکراودا ئەنجامدراوە، پلە پلە کردووە. لە بری ئەوە، شیکەرەوان هەڵساون بە هەڵسەنگاندنی (بەهێزی) و (لاوازی) گروپی دیاریکراو بە گوێرەی بەرنامەی کار و، ژمارەی جەنگاوەران و، پلەی پاڵپشتییان، بەڵام بەشێوەیەکی ڕێکوپێك لەگەڵ هەڕەشەی ڕێکخراوە تیرۆریستیەکانی دیکە بەراورد نەکراوە. هەرچەندە پۆلینکردنی گروپەکان بەم ڕێگەیە لەوەدەچی زیاتر ڕێگەیەکی لۆجیکی بێ بۆ ماوەیەکی کورتخایەن، چونکە هەستی چۆنیەتی گۆڕانی توانا تیرۆرستییەکان بە تێپەڕبوونی کات بۆ سیاسەتوانان و شارەزایان فەراهەم ناکا، بەهەمان شێوە وەها ڕێگەیەك ناتوانرێ بخەملێنرێ، بۆ نموونە، ئەو مەترسییەی بەم دواییە کە هەڕەشە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکات، هیچ هێرشێکی بۆ سەر ئامانجەکانی ئەم وڵاتە لێ جێ بەجێنەکراوە، بەڵام کاتێکی زۆری لە ئەندامان و پشتیوانانی هەوڵەکانی هەستی دژە ئەمەریکاییبوونی بەفیڕۆ بردووە. ئێمە لەوە دەدوێین کە ئەمانە پێدەچێ گروپی ناچالاك بن و هەڕەشەی مەعنەوی زیاتری بواری مامناوەند تا درێژخایەن بسەپێننە سەر ویلایەتە یەکگرتووەکان.

ئەم ڕاپۆرتە بەلای ئەوەدا دەچێ کە پەردە لەسەر دینامیکی نێوان توانا و نیازەکانی گروپە تیرۆریستییەکان هەڵبماڵێ، هەروەها ڕوونیشی بکاتەوە کە ئەم ئاشکراکردنە بەلای ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە چی دەگەیەنێ. زیاتر لەوەش تەقەلا دەخاتە گەڕ بۆ بەرەوپێشبردنی ڕێگەیەکی بەرنامەدار کە سیاسەتوانان بتوانن کاری لەسەر بکەن بۆ هەڵسەنگاندنی هەڕەشەی تیرۆریستان بە تێپەڕبوونی کات. لە کۆتاییدا، هیواداریین ڕاپۆرتەکە تێگەیشتنێکی قووڵ بۆ سیاسەتوانان بەرجەستە بکا کە لە ڕێگەیەوە بتوانن دەستنیشانی ئەوە بکەن: ئەگەر / و کەی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەبێ بڕیار وەربگرێ کە تەدەخولی بەرەوپێشچوونی گروپە تیرۆریستییەکان بکا لە پێناو پەچڕاندنی فراوانبوونیان و لە پەلوپۆ خستنیان.

بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەش، سەرەتا ڕاپۆرتەکە هەڵسساوە بە هەڵسەنگاندنی هەڕەشەی تیرۆریستانی ئێستا بۆ سەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە هەن، بە بەرکاهێنانی سیستەمێکی شیکردنەوە کە ڕێگەی بەراوردکردنی هاندەر و تواناکانی گروپە تیرۆریستییەکان لە دژی هەریەکەیانی لەبەردەمدا والآیە. لە بەشی دووەمدا ئەم سیستەمە زیاتر پەرەپێدەدات، کە بە دەستپێکردنی ئەزموونی شێوازە مێژووییەکانی چالاکییە تیرۆرستییەکان باسی لێوەکراوە[1]، بۆ نموونە، لە ساڵانی ١٩٩١ تا ٢٠٠٠، مێژووی ڕووداوەکانی تیرۆر لە دەزگای (ڕاند) و (ئاماری ڕووداوەکانی تیرۆری دەزگای یادەوەری نەتەوەیی بۆ قەدەغەکردنی تیرۆر کە سەر بە دەزگای ڕاندە)) نزیکەی ٣,٨٠٠ هێرشی تیرۆریستی جیهانی تۆمارکردووە. ئەم تۆماری زانیارییانە بۆ تاقیکردنەوەی بەرنامەی کار و تواناکانی گروپی تیرۆریستی هەمەجۆر بەکارهێنراون (ئەم زانیارییانە دەتوانرێ لە پاشکۆدا ببینرێ). بە هەرحاڵ پشتبەستن بە (داتا) مێژووییەکان گرفت بەرەو ڕووی شیکارەوان دەکاتەوە: نە هەموو گروپە تیرۆیستییەکان لە ساڵی ١٩٩١ ەوە لە سەپاندنی هەڕەشە بەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکاندا چالاك بوون و، نە گەلێ لەو چەك و تاکتیکانەی بەکاریان هێناون بەرهەڵستیکردنێکی دیاریکراوی سەپاندووە. سەرەڕای ئەوەش، خواستی مێژوویی ناکرێ وەك زەرورەتێك بۆ پێشبینییەکی ورد و دیاریکراوی هێرشی تیرۆریستان لە داهاتوودا بەکاربهێنرێ. بۆ دواندنی ئەم گرفتە، ڕاپۆرتەکە ئەو

[1]ـ ئەو ژمارانەی لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە لە مێژووی ڕووداوەکانی تیرۆر لە دەزگای (ڕاند) و ئاماری ڕووداوەکانی دەزگای یادەوەری نەتەوەیی بۆ قەدەغەکردنی تیرۆر کە سەر بەدەزگای راندە وەرگیراون، تەنها ئەوە نەبێ کە ئاماژەی پێکراوە. روونوسێکی ئەم لیستی ڕووداو و داتایانە لە سایتی (http://db.mipt.org) دەستدەکەوێ. هەرچۆنێ بێ ئەمە تێبینی مەترسی یەکجار گەورە دەکەین لە ئاراستە و بۆچوونی هێرشە تیرۆریستییەکانی ڕابردوو کە پێشبینی بۆ داهاتوو بکرێ. لە ڕاستیدا، مەرجی سەرەتایی ئێمە لەم ڕاپۆرتەدا بریتییە لەوەی کە گروپە تیرۆریستیەکان کیانی دینامیکین. تەواو بەومانایەی، کە داتایەکانی لەم ڕاپۆرتەدا پێشکەشکراون کۆنتێکستێکی فراوانتر بۆ شیکردنەوەکەی ئێمە دابین دەکا. بۆ زیاتر زانیاری، سەیری پاشکۆ بکە.



شێوازە مێژووییانە پەردەپۆش دەکا کە لە پەرەسەندنی بۆچوونی تیرۆریستە دەرکەوتووەکان دەبینرێن.

دروستکردنی سیستەمێك بۆ بەراوردکردنی ئەو هەڕەشەی کە گروپی هەمەجۆری تیرۆریستی دەیسەپێننە سەر ویلایەتە یەکگرتووەکان، و شیکردنەوەیەکی گشتگری زیاتر بۆ توانا تیرۆریستییەکان لە بەشی سێیەمدا ڕوونکراوەتەوە. ئەم بەشە ئەوەشی سەلماندووە کە گروپە تیرۆریستییەکان پێویستییان بە بەردەوام بوون و زیادکردنی تواناکانیان هەیە، بەمەش ڕاپۆرتەکە ئامانجە شیمانەکراوەکان بۆ چالاکییەکانی دژە تیرۆری ویلایەتە یەکگرتووەکان دەستنیشان دەکا. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەش، پێداویستی گروپەکان بۆ ئامرازی ڕێکخراوەیی و کرداری، دابەش دەکا: گروپە تیرۆریستییەکان چییان پێویستە بۆ ئەوەی هەبن و چیشیان گەرەکە بۆ ئەوەی کاریگەرانە هێرشەکانیان بەڕێوەببەن؟

ئەو بەشەی تایبەتە بە هێرشە هەنووکەیی و ئەوانەیش کە ئەنجامدەدرێن، کارێکی بەرچاوی هەیە لەسەر ئامانجە سیاسییەکانی دژە تیرۆری ویلایەتە یەکگرتووەکان، بۆ نموونە، نیازی هەر حکومەتێك لە بەرکارهێنانی هەڵمەتی ڕاگەیاندن بۆ ئەوەیە پاڵپشتی گشتی لە تیرۆر کەمبکاتەوە، بۆیە پرۆژەی داهاتوویان، پێداویستییەکانی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان یان بوونی ئەو ڕێکخراوانە بە ئامانج هەڵدەبژێرێ. ئەم سیاسەتە بۆی هەیە کاریگەری خۆی لەسەر توانای گروپە تیرۆریستییەکان لە ئەنجامدانی هێرشەکان دەربخا، تەنها لەبەرئەوەی ئەوان (حکومەت) هەڕەشە لە بوونی ڕاستەقینەی خودی ڕێکخراوەکەش دەکەن. بە پێچەوانەوە، ئەو سیاسەتەی کە هەوڵی گەیشتنی تیرۆریستان بە کەرەستەی خاوی کیمیایی و بایۆلۆژی و رادیۆلۆجی و ناوەکی لاواز دەکات، توانا کردارییەکانی ئەو گروپانە دەکاتە ئامانج، نەك بوونی ڕاستەقینەیان. هەردوو سیاسەتەکە دەتوانن کاریگەر بن، بەڵام هەریەکەیان دەرەنجامی جیاوازی خۆی هەیە. دوای دابەشکردنی پێداویستییەکانی تیرۆریستان بۆ پێداویستی ڕێکخراوەیی و کرداری، ڕاپۆرتەکە تێبینی دەربارەی چوار گروپی

(سوپای ڕاستەقینەی کۆماری ئێرلەندی لە ئێرلەندای باکوور (RIRA) و، گروپی حەماسی فەلەستینی و، سوپای هێزی شۆڕشگێری کۆلۆمبی (FARC) و، ڕێکخراوی ئەلقاعیدە) بەکاردەهێنێ بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی چۆن ئەو پێداویستییانە بۆیان هەیە گۆڕانیان بەسەردا بێت کاتێك کە گروپەکان هەوڵدەدەن کاریگەری و پێشکەوتنی خۆیان لەسەر هێرشەکانیان قوڵتر دەربخەن.

بەشی چوارەم دوایین ڕەهەند دەخاتە سەر شیکردنەوەکان بە تاقیکردنەوەی ئەوەی چۆن تیرۆریستان کاردانەوەیان بۆ دینامیکی نێوان ڕێکخراوەکانی خۆیان و بارودۆخی دەوروپشتیان هەیە. ئەم بەشە تێگەیشتن بۆ گۆڕانی شیمانەکراو لە ژینگەی هەڕەشەی تیرۆریستانی ئێستا دەستەبەر دەکات. بۆ ئەمەشیان، لێکۆڵینەوەی چوار بارودۆخی دیکە دەخاتە سەر ڕاپۆرتەکە ( گروپی ئەبو سەییافی فلیپینی (ASG) و، ڕێڕەوی پڕشنگداری[*] پیرۆ (SL) و، حزبوڵلای لوبنانی و، جیهادی ئیسلامی میسری (EIJ) بۆ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە کە چۆن هاندەر و، ئامانجەکان و، تاکتیکی گروپە تیرۆریستییەکان بۆیان هەیە بگۆڕێن. لە ڕاستیدا ئەنجامی سەرەتایی کە لە بەشی چوارەم دەستمان دەکەوێ ئەوەیە کاتێك کە گروپە تیرۆریستییەکان بە ماوەی گۆڕاندا تێپەڕ دەبن، مەترسی بێ وێنە نیشان دەدەن کە ئەو کات دەتوانرێ بەهۆی چالاکییە دژە تیرۆرییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەکار ببرێ یا پێشی لێبگیرێ.

* گروپێکی یاخیبووی پیرۆیە لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، لە ژمارەیەك پارتی بچووکی کۆمیونیستی لە پیرۆ دامەزرا. ناوەکەی لەو دروشمەوە هاتووە کە یەکەم سەرکردەی پارتی کۆمۆنیستی (جۆز کارلۆس ماریاتیگۆی) لە پیرۆ هەڵیگرتبوو: "مارکسیزم ـ لینینزم ڕێڕەوێکی پڕشنگدار بۆ شۆڕش فەراهەم دەکات). ئابامایل گوزمان، سەکردەی دامەزرێنەر و سەرەکی گروپەکە بوو. (وەرگێڕ).



## بەشی دووەم

# هەڵسەنگاندنی هەڕەشەی تیرۆریستان

## هەڵسەنگاندنی هەڕەشەی تیرۆیستان

لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین سیستەمێك بۆ هەڵسەنگاندنی هەڕەشەی گروپە تیرۆریستییە جۆراوجۆرەکان کە دەیسەپێننە سەر ویلایەتە یەکگرتووەکان پەرە پێبدەین، ئەویش بە بەکارهێنانی پێوانەی دووانەیی نیاز و تواناکان[1]. لەم پێناوەدا، سەرەتا پێنج پلە لە هەستی دژەئەمەریکاییمان بڕیاردا، کە بریتین لە پێوانەی ئێمە بۆ خواست و ئارەزووی گروپە تیرۆریستییەکان لە هەڵکوتانە سەر بەرژەوەندییەکانی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان. بە هەمان شێوە پێنج بەڵگە یا نیشانەی جیاوازمان بۆ توانا سەربازییەکانی ئەو ڕێکخراوانەی پیادەی کاری تیرۆریستی دەکەن، دیاریکرد. بە تێگەیشتنی تیرۆریستان لە و چوارچێوەیە، سیاسەتوانان دەتوانن ئەو هەڕەشە ڕێژەییە بەراورد بکەن کە لەلایەن تیرۆریستانەوە سەپێنراوەتە سەر ویلایەتە یەکگرتووەکان. لە کۆتاییشدا، ئەم سیستەمە بۆ هەڵسەنگاندنی (٢٢) ڕێکخراوی تیرۆریستی جێبەجێ دەکەین بەگوێرەی ڕادەی دوژمنایەتی و تەواوی تواناکانیان بەرامبەر بە ویلایەتە یەکگرتووەکان.

## دامەزراندنی سیستەمەکە

سیستەمە شیکردنەوەییەکەی ئێمە سێ پێکهاتووی لۆجیکی لەخۆ دەگرێ. پێکهاتووی یەکەم بریتییە لە خودی پێکهاتنە گشتییەکە، کە هەریەك لە پێوەرەکانی نیاز و توانا بەرامبەر ئەوی دیکە پۆلین دەکا. هەرچەندە شیکارانی تیرۆریستان لە ڕابردوو ڕێگەیەکی بەرنامەداری وەهایان بۆ هەڵسەنگاندنی

[1] ـ تێبینی ئەوە بکەن کە ئەم ڕاپۆرتە هەوڵی ئەوە نادا بەلای هەڵسەنگاندنی ئەو هەڕەشە تیرۆریستییانەوە بچێ کە پەیوەندییان بە گروپێکی ڕێکخراو نییە، وەك تەقینەوەکەی شاری ئۆکلاهۆما.



هەڕەشەکان کار پێنەکردووە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەمەیان مامەڵەکردنێکی تەقلیدییانەیە لە توێژینەوە ستراتیژییەکان و پلانەکانی بەرگری، کە بۆ پێوانەکردنی هەڕەشەکان سوودی لێ وەرگیراوە. بۆیە پێکهاتووی یەکەم، ڕەنگدانەوەی گونجانێکی زیاتر لەگەڵ شیکردنەوەی بەرگرییە تەقلیدییەکان لە جیهانی لێکۆڵینەوەکانی تیرۆر دەگرێتە ئامێز.

پێکهاتووی دووەمی سیستەمەکە بریتییە لە خودی پێوانە دروستەکان: هەستی دژەئەمەریکایی لە نیاز و لێهاتوویی هێرشە سەلمێنراو و پەی پێبراوەکان بۆ توانا تیرۆریستییەکان[1]. بە دڵنیاییەوە، گروپە تیرۆریستییەکان نوێنەرایەتی بوارێکی فراوانی هاندەری شاراوە و، بڕیار دان و، بەرنامەی کار، و بارودۆخی کرداری دەکەن. ئەم هەمەجۆرییە هەمیشە توخمێکی پڕململانێ بووە لە بەراوردکردنی ئەو هەڕەشەیەی کە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانیان خوڵقاندووە. بۆیە ئەم پێوانە تایبەتییانەمان هەڵبژاردووە، چونکە بڕوامان وایە تا ئەو ڕادەیە دیاریکراون کە بتوانن معیارێکی پێوانەکراو دابین بکەن و ڕێگەی ئەوەشمان پێبدەن دەستبەسەر هەمەجۆرایەتی ڕێکخراوە سەربازییەکان دابگرین کە سەرقاڵی چالاکیی تیرۆریستین. ئەم پێوانانەمان بە شێوەیەکی تایبەتی بۆ تیشك خستنە سەر هەڕەشەی تیرۆریستی سەپێنراوی سەر ویلایەتە یەکگرتووەکان دارِشتووە، نەك

[1] ـ وەك لە پێشەکی باسکرا، لەم شیکردنەوەیەدا ژمارە بەکارهێنراوەکان لە مێژووی ڕووداوەکانی دەزگای (ڕاند) و ئاماری ڕووداوەتیرۆریشستییەکان کە سەر بە دەزگای (ڕاند)ە وەرگیراون، بۆ ئەوەی بگەین بەم پێوانەییانە. بەڵام نووسەرەکان سەرەڕای چالاکییە ڕاگەیەنراوەکان، ئاستێکی دیکەی چالاکی هەستپێکراو دەخەنە سەر شیکردنەوەکان. کاتێك کە دەگونجێ جێبەجێ بکرێ، ئەوا بابەتییانە تیشکی دەخرێتە سەر و لە دەقەکەدا شی دەکرێتەوە. بڕوا ناکەین ئەمە لە بەکارهێنان و سوودی سیستەمەکە کەمبکاتەوە، هەرچۆنێ بێ، وابیردەکەینەوە کە پێوانەییەکانی دیکەش دەکرێ سەرکەوتووانە بەکاربهێنرێن.

تیرۆری نێودەوڵەتی بە گشتی. لەگەڵ ئەوەشدا دان بەوەدادەنێین کە لەوانەیە رێگەی دیکەش بۆ پێوانەکردن یا هەڵسەنگاندنی نیاز و توانای تیرۆریستان هەبێ: نرخ و بەهای سیستەمەکەی ئێمە ئەوەندە بە پێوانە بەکارهاتووەکانەوە بەند نییە تا رادەی ئەوەی کە پێوانەی جیاکەرەوەی لە خۆی گرتبێ.

پێکهاتووی سێەم و کۆتاییش، بریتییە لە زنجیرەیەك: (دە) ئاست (سنوور) لە نێوان هەر دوو پێوانەکاندا کێشاومانن بۆ دیاریکردنی فرەپەلەیی لە نیاز و تواناداا. ئەم ئاستانەش لەسەر بنەمای نیازەکانی چالاکی تیرۆریستانەوە لە ماوەی ۳۰ ساڵی رابردوودا بنیاتنراون، هەروەها زیاتر شێوازە نوێ و دیارەکانمان خستووەتە پێشینەی ئەو شیکردنەوە مێژووییەی هەڵسەنگاندنەکە (سەیری پاشکۆ بکە). هەروەك پێکهاتووەکەی پێشوو، مەبەست لەم ئاستانە دروستکردنی مۆدیلێکی شیکارییە کە تارادەیەك نەرمونیانی تێدابێ بۆ لێکدانەوەی هەمەجۆرایەتی لە نێوان گروپە تیرۆریستییەکاندا. جارێکی تر، ئێمە پێشبینی ئەوە ناکەین کە خوێنەر پێویستە ئەو ئاستە دیاریکراوانەی ئێمە پەسەند بکەن: نرخی راستەقینەی ئەوان دەکەوێتە سەر ئەو راستییەی کە بە روونی پێناسەکراون و بە درێژایی زنجیرەیەکی پێوانەکراو هەن.

لە خوارەوە زیاتر ئەم ئاستانە کورتکراونەتەوە و لەسەر تیرۆریستەکانی ئێستا و ئەوانەیش کە لە رابردوو دەرکەوتوون جێبەجێکراون.

## نیشانەکانی نیازە تیرۆریستییەکان

ئێمە، هەست یا بۆچوونی دژە ئەمەریکاییمان وەك پێوانەیەك بۆ دیاریکردنی نیازەکانی تیرۆریستان لە دژی ویلایەتە یەکگرتووەکان هەڵبژاردووە. بە دڵنیاییەوە، هەندێ گروپ هیچ رادەیەك لەم هەستە یا بۆچوونەی دژی ئەمەریکاییان نییە یا دەری ناخەن، بۆ نموونە: (Kach) گروپێکی تیرۆریستی باڵی راستی ئیسرائیلییە و بە ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی دژی فەلەستینییەکان



تاوانبار کراوە، بەڵام هیچ نارەزامەندبوونێکی دژی ویلایەتە یەکگرتووەکان یا بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی دەرەوەی بە روونی نیشان نەداوە[1]. بۆیە لەم راپۆرتەدا، یەکەم ئاست لە نێو هەستی دژە ئەمەریکایی پێوانەییدا، ئاستی دووەمە کە هیچ ئاستێکی دیکەی لەژێرەوەدا نییە. بەگوێرەی ئەمە، لەخوارەوە پێنج ئاست یا سنووری هەستی دژە ئەمەریکایی لەسەریەك و لە شێوەی رێکخستنێکی بەرەوژوور بنیاتنراون.

ئاستی یەکەم بریتییە لە وتاری دژ بە ویلایەتە یەکگرتووەکان و/ یان ئامانجی راگەیەنراو بۆ تێکدان و شپرزەکردنی باری وڵاتە هاوپەیمانە گرنگەکانی ئەمەریکا. خۆی لە خۆیدا لەم ئاستە تارادەی پلەیەکی کەم لە هەستی دژە ئەمەریکایی بەرجەستە دەبێ. لە راستیدا، هەندێك گروپی تیرۆریستی هەن لە بری هێرشکردنە سەر هاوڵاتیان یا کۆمپانیاکان یا بەرژەوەندییەکانی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان، تۆوی رق و کینە لە دژی ئەم وڵاتە دەچێنن، بۆنموونە: ماوییە نیپاڵییەکان کە رێکخراوێکی باڵی چەپی سەربازیین، گوتارەکانی ئیمپریالیستی و سەرمایەداری لە دژی ئەمەریکا بەکاردەهێنن، و هێرشەکانیشیان تەنها بۆ سەر ئامانجە نیپالییە نێوخۆییەکان ئەنجام دەدەن[2].

---

[1]ـ قسەوباس لەوە دەکرێ کە ئەو هێرشە تیرۆریستییانەی مەبەستیان لێکترازاندنی ئاشتییە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست، دژی بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانن. بەهەرحاڵ، ئێمە بەزۆری بەرژەوەندییە ستراتیژییەکان ، یان ئەوانەی بۆچوونی راستەوخۆیان لەسەر ستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتووەکان و جەنگی دژە تیرۆرەوە هەیە، تاقیدەکەینەوە.

[2]ـ (CPN-M) گروپێکە کۆنترۆڵی بەشێکی نیپال دەکات، کە (روکۆم، رۆپلا، سالیان، کالیکۆت، و جاکارکۆت) دەگرێتەوە و کاریگەریشی بۆ چەند ناوچەیەکی دیکە فراوانتر= =کردووە، وەك (سیندهولی، سۆلیوخۆمبا، خۆتانگ، سانخواسابا و, ئۆکالدۆنگا).گروپەکە هەڵمەتی هەڵگەرانەوە و یاخیبوون لە ناوچە دێهاتییەکانی نیپال بەرێوە دەبا و هێرشە تیرۆریستییەکانیش لە مەڵبەندە شارستانییەکان ئەنجام دەدا. وتووێژی ئاشتی لە نێوان

بۆیە تیرۆریستان لەم ئاستەدا (وەك ماوییەكان) لە هەستی دژەئەمەریكاییاندا بەدوای گوتاری هێرشكردنە سەر ئەم وڵاتە نەكەوتوون بەمەش پێگەی ژێری ژێرەوەلە زنجیرەی هەستی دژەئەمەریكایی بۆ هێرش كردنە سەر ویلایەتە یەكگرتووەكان داگیردەكەن.

ئاستی دووەم هاوبەشیكردنە لە گەڵ گروپی تیرۆریستی دیكە بۆ پێكانی ئامانجەكانی وەك هاوڵاتیان و دامودەزگاكان بەشێوەیەكی دیاریكراوتر. ئێمە ئەو ئاستەمان وەك ئاستێكی دیار و ئاشكرا دامەزراندووە، و بە شێوەیەكی سەرەتایی لەسەر شێوازی مەشقكردن و پاڵپشتیكردن دامەزراوە، كە ئەلەلقاعیدە بۆ ئەو گرووپە تیرۆریستییانەی دابینكردووە تازە سەریان هەڵداوە و زیاتر جەخت لەسەر ئامانجە نێوخۆییەكان دەكەنەوە. هەرچەندە ئەو ڕێكخراوە تیرۆریستییانە وەك (PLO)، (ETA)، و سوپای كاتی كۆماری ئێرلەندی (PIRA) پارێزگارییان لە پەیوەندی مێژوویی ناڕاستەوخۆ كردووە، ئەم شێوازەی مەشقكردن و چاودێریكردنەی گروپی تیرۆریستی دیكە تا ڕادەیەك نوێیە و لەم خاڵەدا بۆ ئەلەلقاعیدە شتێكی دەگمەن و بێ وێنەیە. بەهەرحاڵ سەرەڕای پشتیوانی ئەلەلقاعیدە، گەلێك لە هاوپێوەندەكانی هێرش ناكەنە سەر ئامانجەكانی ویلایەتە یەكگرتووەكان، لە بری ئەوە، پاڵپشتی لۆجستیكی یا پەناگە بۆ ئەندامانی ئەلەلقاعیدە دابین دەكەن، تەواو بەو مانایەی ئەم

ماوییەكان و حكومەتی نیپالی لە تەمووزی ٢٠٠١ دا بەرەو بنبەست چوو. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە:

R. Bedi, "'Red Terror' Gaining Ground in Nepal," Jane's Terrorism and Security Monitor, July ٢, ٢٠٠٢.



هاوبەندییە لەوەدەچێ نوێنەرایەتی پلەیەكی باڵاتری هەستی دژە ئەمەریكایی بكا وەك لەوەی وتاری سادە لە دژی ویلایەتە یەكگرتووەكان بڵاو بكەنەوە، بەڵام نەك ئەگەر ئەو گروپە هاوپێوەندانە بە شێوەیەكی دیاریكراو ویلایەتە یەكگرتووەكان بكەنە ئامانج، بۆ نموونە: هەرچەندە جەماعەتی سەلەفی بۆ دەعوە و جەنگ (GSPC) گروپێكی ئیسلامی جەزائیرییە و سەربە ڕێكخراوی ئەلەلقاعیدەیە، و تا ئێستا هێرشی نەكردووەتە سەر ئامانجەكانی ویلایەتە یەكگرتووەكان[1]. بۆیە ئەم ڕێكخراوە تەنها لە ڕووی نیازەكانیەوە هەڕەشەیەكی زیاتر لە ماوییەكانی نیپالی دەخاتە سەر ویلایەتە یەكگرتووەكان. هەرچۆنێ بێ، (GSPC) هەڕەشەیەكی ئەوتۆ نا سەپێنێتە سەر هاوڵاتیان و بازاڕەكانی ویلایەتە یەكگرتووەكان وەك ئەوەی كە ڕێكخراوە تیرۆریستییەكانی دیكە دەیسەپێنن.

بە هەمان شێوە، ئاستی سێیەم بریتییە لە بە ئاشكرا دەربڕینی بیری دژەڕۆژئاوایی و/ یان بوونی مێژووی هێرشی بەرچاو بۆ سەر هاوپەیمانە گرنگەكانی ویلایەتە یەكگرتووەكان. هەندێ گروپی تیرۆریستی وەك گروپی تیرۆریستی پاكستانی لەشكری ـ تۆیبە (LeT) هەڵناكوتنە سەر ئامانجەكانی ویلایەتە یەكگرتووەكان، بەڵام مەترسییەكی ئاشكرا و ڕاستەوخۆ بۆ هاوپەیمانە

[1]ـ ڕێكخراوی (GSPC) هەرگیز بە فەرمی ئیمزای ئەو فەتوایانەی نەكردووە كە لە لایەن بەرەی جیهانی ئیسلامییەوە بۆ هاندانی جیهاد لە دژی جولەكە و خاچپەرستەكان بڵاودەكرێنەوە، لە بری ئەوە هاوبەشیكردنی لەگەڵ ڕێكخراوی ئەلەلقاعیدە هەڵبژاردووە لەژێر دروشمەكانی خۆی. بڕوانە:

Rohan Gunaratna, Inside Al Qaeda: Global Network of Terror, New York: Columbia University Press, ٢٠٠٢, p. ١٢٥.

گرنگەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەخولقێنن. لە چوارچێوەی جەنگ دژی تیرۆردا، پاکستان هاوپەیمانێکی ستراتیژییە، بۆیە ئەو گروپە تیرۆریستییانەی کە مێژوویێکی بەرچاویان لە پەلاماردانی پاکستان هەیە لە پێگەیەکی پلە بڵندتری مەترسی دادەنرێن بۆ نیازی پێوانەییەکەی ئێمە لەچاو گروپێکی وەك (GSPC) جەزائیری یان ماوییەکانی نیپالی.

ئاستی چوارەم لەو گروپانە پێکدێت کە هاوڵاتیان و/ یان موڵکەکانی (دامودەزگاکان) ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ئەگێندا نێوخۆییەکانیاندا دەکەنە ئامانج[1]. هەندێك گروپی تیرۆریستی هێرش دەکەنە سەر ئامانجەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی ئەگێندای نێوخۆییان پەرەپێبدەن، بۆ نموونە: (FARC) کۆمەڵە هێرشێکی بۆ سەر ویلایەتە یەکگرتووەکان دەستپێکرد و دەستی بەسەر بۆڕی نەوتدا گرت وەك بەشێك لە هەڵمەتەکەی بۆ شێواندن و تێکدانی باری حکومەتی کۆڵۆمبی[2]. هەرچەندە لەم هێرشانەدا مەبەست ویلایەتە یەکگرتووەکان نەبوو، بەڵام هێشتا پلەیەکی بەرزی هەڕەشە لە هەستی دژی

1ـ ئەم ئاستە لەوانەیە گروپێك بگرێتەخۆی کە هاوڵاتیانی بێگانە بکوژێ بۆ فشار خستنە سەر وڵاتی بە ئامنجکراو یا بەرپرسانی ناوخۆیی. ئەم ئاستە جیاوازە لەو هێرشانەی لەو ناوچانە بەڕێوە دەبرێن کە تیایدا قوربانیان لەوانەیە و لەوانەش نییە هاوڵاتی بێگانە بن (بۆ نموونە: شوێنەکانی شت کڕین و فرۆشتن لە بازاڕ) یان، بە هەمان شێوە جیاوازە، هەندێ گروپ ئەندامانیان ڕادەسپێرن کە خۆیان لە کوشتن یا بە ئامانجکردنی بێگانەکان بە دوور بگرن.

2ـ بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی (FARC) بڕوانە: "La Paz Sobre la Mesa," Cambio, May ١١, ١٩٩٨, pp. ١٤–٢١.



ویلایەتە یەکگرتووەکان دەنوێنن و لەو گوتارانەی یا هێرشانەی کە دەکرێنە سەر هاوبەشە گرنگەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان مەترسیدارترن.

دوایین ئاستیش ئەو گروپە تیرۆریستییانە دەگرێتەوە کە ڕاستەوخۆ لە هێرشەکانیاندا ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکەنە نیشان. بێگومان دیارترین گروپی تیرۆریستی لەم ئاستەدا ڕێکخراوی ئەلەلقاعیدەیە، کە هێرشی کردووەتە سەر باڵیۆز و، کەشتی دەریایی و، هێرشەکەی ١١ ی سێپتێمبەریشی ئەنجامداوە. سەرباری ئەوەش، چالاکی تیرۆریستی دیکەی ئەنجامداوە، وەك تەقینەوەکەی نشینگەی سەربازی ئەمەریکی ساڵی ١٩٨٣ یا ڕفاندنی فڕۆکەی ( Pan Am ١٠٣)، کە بەشێوەیەکی دیاریکراو ویلایەتە یەکگرتووەکانی وەك بەشێك لە ئەگێندایەکی نێونەتەوەیی فراوان بە ئامانج نیشانکردووە.

دەکرێ داڕشتنی ئەم پێنج ئاستەی هەستی دژەئەمەریکایی بۆ پێوانەکردنی نیازەکانی گروپە تیرۆریستەکان بەکاربهێنرێ، و بێ گومان سودبەخش دەبێ بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی چۆن ئەم ئاستانە دەتوانرێ لە هەڵسەنگاندنی هەڕەشەی تیرۆیستان بەرکاربهێنرێن. بۆ ئەنجامدانی ئەوەش، بۆ هەر ئاستێك نرخێکی ژمارەییمان داناوە خشتەی (٢ ـ ١)، و دواتر ئەم نرخانە بەکار دەهێنین بۆ بەراوردکردنی نیازەکانی گروپە تیرۆریستییەکان هەریەکەیان دژی ئەویتر بەرامبەر بە ویلایەتە یەکگرتووەکان.

**خشتەی (٢ ـ ١) نیشانەکانی نیازەکانی گروپە تیرۆریستیەکان**

| ئاستەکانی هەستی دژە ئەمەریکایی | نرخە ژمارەییەکان |
|---|---|
| گوتاری دژ بە ویلایەتە یەکگرتووەکان و/یان ئامانجی ڕاگەیەنراو بۆ تێکدان و شپرزەکردنی باری وڵاتە هاوپەیمانە گرنگەکانی ئەمەریکا | ١ |
| هاوبەشیکردن لەگەڵ گروپی تیرۆریستی دیکە بۆ بۆ پێکانی ئامانجەکانی وەك هاوڵاتیان و دامودەزگاکان بەشێوەیەکی دیاریکراوتر | ٢ |
| بە ئاشکرا دەربڕینی بیری دژەڕۆژئاوایی و/یان بوونی مێژووی هێرشی بەرچاو بۆ سەر هاوپەیمانە گرنگەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان | ٣ |
| ئەو گروپانەی کە هاوڵاتیان و/یان موڵکەکانی (دامودەزگاکان) ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ئەگینەدا نێوخۆییەکانیاندا دەکەنە ئامانج | ٤ |
| ئەو گروپانەی بە شێوەیەکی دیاریکراو پەلامارەکانیان ئاراستەی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکەن | ٥ |

سەرەنجام، مەبەستی ئەو خواستە پێوانەییە دابینکردنی لیستێکی ڕێژەیی معیاری بابەتییانەیە بۆ پێوانەکردنی نیازی گروپە تیرۆیستییەکان لە هێرشکردنە سەر ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەرژەوەندییەکانی دەرەوەی. بەو مانایەی ئەمە نیوەی وێنەکەیە. بەڵام ڕێگە بە شیکاران دەدات بۆ بەراوردکردنی هەڕەشەی سەپێنراوی سەر ویلایەتە یەکگرتووەکان بەهۆی گروپە بەتواناکان: بۆ نموونە،



ڕێکخراوی (LTTE) گروپێکی خاوەن توانای بەرزە، هەروەك و (FARC)، بەڵام تا ئێستا بۆچوونی دژی وڵاتەیەکگرتووەکانی ڕانەگەیاندووە، بۆیە بە گوێرەی شێوەی (٢ ـ ١)، (LTTE) نرخی ژمارەیی (سفر) ی بۆ دادەنرێ، لە کاتێکدا (FARC) لە پۆلینکارییەکەدا نرخی (٤) وەردەگرێ. بۆیە کەڵکی ئەم پێوانەکردنە، ئەوەیە ڕێگە بە سیاسەتوانان دەدات کە پێگە و جیاوازییەکانی گروپ دیاری بکەن و، بەگوێرەی ئەو سیستەمە سیاسەتی دژە تیرۆری ئەمەریکی دابڕێژن.


بە هەمان شێوە، سیستەمەکە دەتوانێ یارمەتیدەر بێ لە جوداکردنەوەی گروپە تیرۆریستییەکان کە خاوەن هەمان ئایدیۆلۆجی، بەڵام نیاز و مەرامی جیاوازن، بۆ نموونە: ئەلەلقاعیدە و حەماس گروپی ئیسلامین، بەڵام ئەوەی یەکەم جەنگێکی بەرپاکردووە دەکرێ بووترێ دژی ویلایەتە یەکگرتووەکانە، لە کاتێکدا ئەوەی دواییان هێرشەکانی بە شێوەیەکی تایبەت بۆ ئامانجەکانی نێو ئیسرائیل و هەرێمە داگیرکراوەکان تەرخانکردووە. لە پێوەدانگی هاوشێوەیی ئایدیۆلۆجییەکانیانەوە، ئەم دوو گروپە گەلێ جار لە هێڵێکدا تێکەڵ بە یەکتر دەبن و لە یەك ئاستی هەڕەشەدا پۆلین دەکرێن: کە بریتییە لە تیرۆریستی ئیسلامی. بە هەرحاڵ، لە ڕوانگەی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە، نیاز و خواستەکانی ئەلقاعیدە هەڕەشەی زۆر زیاتر دەنێنەوە لە چاو ئەوەی کە حەماس دەیخولقێنێ.

## نیشانەکانی توانا تیرۆریستیەکان

جێگای بایەخە کە گروپە تیرۆریستییەکان بەگوێرەی نیاز و خواستەکانیان لێکدانەوەیان بۆ بکرێ، بەڵام گرنگتر لەوەدایە توانا ڕێکخراوەییەکانیان هەڵبسەنگێندرێ، کە دەتوانن پەلاماری ڕاستەقینە بۆ سەر دوژمنە بە ئامانجکراوەکانیان ئەنجام بدەن. لەم هەنگاوەشماندا، پێنج نیشانە و بەڵگەمان بۆ

تواناکانیان هەڵبژاردووە و، شیکردنەوەی هێرشە تیرۆریستییە جیهانییەکانمان کردووە بە بنەمای کارەکە کە لە (مێژووی ڕووداوی تیرۆری دەزگای ـ ڕاند ـ و ئاماری ڕووداوەکانی تیرۆر ـ MIPT ـ کە سەر بە دەزگای ڕاندە) وەرمانگرتوون. وەك لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا، ئامارەکانی دەزگای (ڕاند) نزیکەی ٣,٨٠٠ ڕووداوی تیرۆریستی جیهانی لە نێوان ساڵانی ١٩٩١ ەوە تا ٢٠٠٠، تۆمار کردووە. بەڵام هەموو ئەم ڕووداوانە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان مایەی هەڕەشە نەبوون یان هاوڵاتیانی ئەویان لە دەرەوە نەکردووەتە نیشان. هێلکاری شێوە (٢ ـ ١) ئەم خاڵە ڕووندەکاتەوە، بە بەراوردکردنی گشت شێوازەکانی هێرشە تیرۆریستییەکان لەگەڵ ئەو هێرشانەی کە لە دژی ویلایەتە یەکگرتووەکان پیادەکراون.

هێلکاری شێوە (٢ ـ ١) هێرشە جیهانییەکان بە بەراورد لەگەڵ ئەو هێرشانەی دژی هاوڵاتیان و موڵکەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەنجامدراون






لە هێلکاری شێوە (٢ ـ ١) دا بە ڕوونی ئەوە دیارە کە ژمارەی هێرشە تیرۆریستییەکان بۆ سەر ئامانجەکانی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەوەتەی ساڵی ١٩٩٥ ەوە بە چەسپاوی زیادی کردووە[1]. ئەم هێلکارییە ئەو پرسیارەش دەوروژێنێ کە (کامە گروپی تیرۆریستی بەر پرسن لە ئەنجامدانی ئەو هێرشانە؟) و (کامە گروپ گەورەترین هەڕەشە دەسەپێنێتە سەر بەرژەوەندی ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ئایندەدا؟). لە وەڵامی ئەو پرسیارانەدا، گرنگە تێبینی ئەوە بکەین، کە ئامارە مێژووییەکان تەنها دەتوانن هۆکارێکی ڕوونکردنەوەیی خواست و نیازە تیرۆریستییەکان بن، نەك ڕوانگەیەك بۆ پێشبینی کردن بەدەستەوە بدەن. بۆیە ئێمە هەڵسەنگاندنەکەمان دەخەینە سەر خواست و نیازی تیرۆرستە نوێ و دەرکەوتووەکان. دەرەنجامی ئەوەش بریتییە لە زنجیرەیەك پێوانەکردن، کە بڕوامان وایە پێکهاتنێکی باش بۆ دروستکردنی سیستەمێك لە پێوانەکردنی توانا تیرۆریستییەکان دابین دەکا، هەروەها تا ئەو ڕادەیە نەرمی دەنوێنێ بەهۆیەوە بتوانێ بارودۆخێ فرەکردار و توانا دژەتیرۆریستییەکانی دەوڵەت شیبکاتەوە کە بەهۆی ئەو ڕێکخراوە سەربازییانەی هێرشە تیرۆریستییەکان بەڕێوە دەبەن، ڕووبەڕووی دەبێتەوە. لە بواری دیاریکردنی هەموو جۆری هێرشە پەیوەندار یا شاراوەکان کە گروپەکان بیری لێ دەکەنەوە ئەم نیشانە و بەڵگانە مانای ئەوە ناگەیەنن کە تایبەتن یا گشتگرن. لە بری ئەوە، نیشانەکان سیاسەتوانان بە زنجیرەیەك پێوانەکردن ئاشنا دەکەن کە دەتوانن بەکاریان بهێنن لە بەراوردکردنی توانا ڕادەییەکانی تیرۆریستان.

[1] ـ ئەو ژمارانەی لەو هێلکارییەدا بەکارهێنراون، لە مێژووی ڕووداوەکانی دەزگای ڕاند و ئاماری ڕووداوە تیرۆریستییەکانی (MIPT) ی دەزگای ڕاند وەرگیراون. تێبینی ئەوە بکەن کە دەزگای ڕاند لە ساڵی ١٩٩٨ ەوە لە تۆمارکردنی مێژووی ڕووداوەکانییەوە پچڕاوە و پڕۆژەکەی تا نیسانی ٢٠٠١ دەستپێنەکردووەتەوە. بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە، دەزگای ڕاند هەڵساوە بە وەرگرتنی زانیارییەکان لە ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی دەوڵەتی ئەمەریکا (شێوازەکانی تیرۆری جیهانی) و کۆکردنەوەی لە پاشکۆیەکدا، تیایدا پێناسەیەك بەکاردەهێنێ بۆ تیرۆریزم کە پەیوەندیەکی نزیکی بە داتایەکانی دەزگای ڕاندەوە هەیە.

وەك ئەوەی پێشوو، ئەم ئاستانەی توانا بە ئاستێك بۆ هێرشێکی سادە دەست پێدەکات، بۆ نموونە: لە ١٢ ی ئاداری ٢٠٠٢، دوو ئەندامی بزووتنەوەی فەتح نارنجۆکیان بە ئاراستەی پاسی هاتوچۆی ئیسرائیلیەکان هاویشت لە نزیك سنووری لوبنان لە ئیسرائیلدا، لە ئاکامدا شەش هاولاتی کوژران و حەوتی دیکەش بریندار بوون. هێرشەکانی ئەم ئاستە پێویست بە وەرگرتنی زانیاری و، ئەزموونی تەکنیکی و، تەنانەت پلاندانانی پێشوەختەش ناکا. لە ڕاستیدا، هێرشی لەم جۆرە بە ئاسانی تیرۆریستان دەتوانن ئەنجامی بدەن کە پێویستی بەدەستهێنانی چەند نانجۆکێك و پلانێکی ئەوتۆی لە بواری ئاسایشی کرداری (فەراهەم بوونی ئاسایش لە جێبەجێکردنی ئەرکەکان) بۆ ئەنجامدانی هێرشەکە پێناوێ و، دەشتوانێ بە ئاسانی لە چنگی هێزی پۆلیس رزگاری بێ، لە هەردوو شوێندا، ئیسرائیل و هەرێمە داگیرکراوەکاندا تا ڕادەیەك ئاسانە. بە واتایەکی تر، هێرشەکە تێگەیشتنێکی ورد دەربارەی توانا کردارییەکانی بزوووتنەوەی فەتح وەك ڕێکخراوێك فەراهەم ناکا.

هەرچۆنێ بێ، جێگای تێبینییە کە زۆربەی هێرشە تیرۆریستییەکانی جیهان لەم چەشنەیاندا ڕوودەدەن، بۆ نموونە: لە کانونی دووەمی ١٩٩٨ تا کانوونی یەکەمی ٢٠٠٢، تێکرای هەر هێرشێکی تیرۆریستان نزیکەی کوژراوێك و سێ برینداری ناوەتەوە[1]. لەبەر ئەوەی ئێمە ئاستی یەکەمان وا دادەنێین کە لەخوارەوەیدا هەموو شتێك هەیە. وەك لە خوارەوە ڕوونکراوەتەوە ئەو ڕاستییە دەردەکەوێ کە گەلێ گروپی تیرۆریستی تەنانەت بۆی هەیە بە پێداویستییەکانی ئاستی یەکەمیش نەگەن، هەروەها ئەگەر گروپێکیش ئەو پێداویستییانەی دەست

[1]ـ ئەو هەڵسەنگاندنە، هێرشە تیرۆریستییە خۆکوژییەکانیش دەگرێتەوە کە ئەنجامدەرانی لە ئاکامی هێرشەکەدا دەمرن، هەرچەندە ژمارەی ئەو چەشنە هێرشانەش ئەوەندە بەرچاو نییە، هێرشە خۆکوژییەکان بە نزیکەیی ڕێژەی ١/١٠ ی هەموو هێرشەکانی دیکە دەخەملێنرێن.



بکەوێ، مانای ئەوە نییە کە هەموو هێرشێکی ڕێکخراوەکە دەکەوێتە سەرەوەی ئاستی یەکەم. بۆ دەستنیشانکردنی قەبارەی هەڕەشەکانی دژ بە ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئاستی یەکەم لە بواری هەموو نیازەکانی تیرۆریستان بەرزتر دادەنێین. پێنج ئاستەکە لە خوارەوە لە شێوەی ڕێکخستنێکی بەرەو ژوور شیکراونەتەوە. (بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی شێوازە مێژووییەکانی هێرشی تیرۆریستی کە پەیوەندی بەم ئاستەوە هەیە سەیری پاشکۆ بکە).

ئاستی یەکەمی توانا بریتییە لە توانای کوشتن یا بریندارکردنی ٥٠ کەس لە یەك هێرشدا. ئێمە ئەم ئاستەمان هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی نیشانی توانای گروپە تیرۆریستییەکان بدەین بۆ بەدەستهێنانی زانیاری سەرەتایی ئامانجێك و، بوونی ڕادەیەکی کەم لە کێبڕکێی تەکنیکی (بۆ نموونە، توانای داهێنانی ئامێرێکی تەقینەوەی سەرپێیی)، و پلاندانان و جێبەجێکردنی هێرشێك بە کەمترین ئاستی ئاسایشی کرداری. بۆ نموونە، لە کانوونی دووەمی ١٩٩٨، گروپی چەکداری ئیسلامی (GIA) لە ڕێگەی ئامێرێکی تەقێنەرەوەی کاتی لە شانۆیەکی جەزائیری نزیکەی ٥٠ کەسی کوشت. هەرچەندە ئەمە هێرشێکی پێشکەوتوو نەبوو، بەڵام دەرەنجامەکەی ئەوە دیاریدەکا کە گروپەکە لە جێبەجێکردنی کارەکانیدا خاوەنی پلانگێڕی کاریگەر و لێهاتووییە.

ئاستی دووەمی توانای تیرۆریستان لە بە ئامانجکردنی ئەنقەستانەی بێگانە نەپارێزراوەکاندا، وێنە دەکێشین. شیکردنەوەی ئامار و داتایەکان پێشنیاری ئەوە دەکا کە هێرشی ئەنقەستانە بۆ سەر بێگانەکان پێویست بە پلەیەکی بەرزتری پشکنین و ئەزموونی تەکنەلۆژی و پلانگێڕی دەکا لەچاو ئاستەکەی پێشووتر. هەندێ گروپی تیرۆریستی لەوانەیە توانای ڕفاندن یا تیرۆرکردنی بێگانەکانیان بۆ جارێك یا دوو جار لە ماوەی بوونیاندا هەبێ، بەڵام ئەم ئاستەی کردارانە سەختە بتوانرێ گروپە تیرۆریستییەکان لێی بەردەوام بن یا بەهێزتری بکەن. نموونەیەك بۆ

ئەم جۆرە چالاکییە، لە ٨ ی ئاداری ٢٠٠٢ هێرشی تیرۆریستانی پاکستانی لە دژی ئەندازیارانی فەرەنسی کە لە پاکستان دەژیان لە هۆتێلی شیراتۆنی کاراجی، کە نزیکەی ١٣ ئەندازیارییان کوشت و ٢٥ دیکەشیان بریندار کرد. لەم هێرشەدا، ئەنجامدەران نەك تەنها شوێنی قوربانیانیان دەزانی، بەڵکو لە بەرنامەی کاریشیان ئاگادار بوون، کە لە کوێوە هاتوون و لە کوێ کاردەکەن. بۆیە مافی ئەوەمان هەیە بڵێین کە ئەم ئاستە نوێنەرایەتی هەڕەشەیەك دەکا کە لە توانایدایە زیاتر لە ٥٠ کەس بکوژێت.

ئاستی سێیەم بۆ پێوانەکردنی توانای گروپە تیرۆریستییەکان بریتییە لە توانای کوشتن یا برینداركردنی زیاتر لە ١٥٠ کەس لە یەك هێرشدا. نموونەی ئەم ئاستە بریتییە لە تەقاندنەوەی فڕۆکەی (Pan Am ١٠٣) لە ٢١ ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٨ لە سەر ئاسمانی لۆکەربی ـ ئوسکۆتلەندا، کە ٢٧٠ کەسی لە ئاسمان و سەر زەویدا کوشت[1]. بۆ ئەم ئاستەی توانایە بڕیارمان داوە بەرەو دواوەی شێوازە مێژووییەکانی هێرشە تیرۆریستییەکان گوزەر بکەین، هەروەها خواست و نیازە دەرکەوتووەکانی چالاکییە تیرۆریستییەکان شیبکەینەوە. ئەم ئاستە ئەم گوێزرانەوەیە دەسەلمێنێ، چونکە تیایدا سەختە بتوانرێ نیازی کوشتنی ١٥٠ کەس یا زیاتر لە توانای ڕاستەقینەی ئەو کردارە جیا بکرێتەوە. بۆ نموونە، (EIJ) لە سەرەتای نەوەتەکاندا لە تاکە هێرشێکدا نەیتوانیوە زیاتر لە ١٥٠ کەس بکوژێت تەنانەت لە لوتکەی ئەنجامدانی هەڵمەتەکانیشیدا. ئەگەر بە ئاسانی بە شێوازەکانی ڕابردووی هێرشەکانی (EIJ) پابەند بین، ئەوە ئەم خاڵیبوونە دەکرێ بە نەبوونی توانای (EIJ) لە ئەنجامدانی وەها هێرشێك

١ـ بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هێرشەکەی (Pan Am) سەردانی پێگەی یادەوەری بکە لە:
www.geocities.com/CapitolHill/٥٢٦٠/headpage.html (accessed September ٢٠٠٣).



لێکبدرێتەوە و لەوەشەوە (EIJ) ناکەوێتە ئەم ئاستەوە. کەچی ئەندامانی (EIJ) ڕۆڵێکی بەرچاویان لە پلاندانان و جێبەجێکردنی تەقاندنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە نایرۆبی و کینیا گێڕا کە زیاتر لە ١٥٠ کەسی تیادا کوژرا[1]. بۆیە ڕوونتر، ڕۆڵی (EIJ) لەم هێرشانەدا پێدەچێ ئەوە دیاریبکا کە توانای هەیە زیاتر لە ١٥٠ کەس لە هەر هێرشێکدا بکوژێ هەرچەندە کە گروپەکە لە ڕابردوودا چەشنە کردارێکی لەم جۆرەی ئەنجام نەداوە. بۆیە ئەم ئاستە هەوڵ دەدا دەست بەسەر هەردوو بواری توانای سەلمێنراو و پەی پێبراوی گروپە تیرۆریستییەکان دا بگرێ.

بە هەمان شێوە، ئاستی چوارەمان بۆ توانا تیرۆریستییە سەلمێنراو و پەی پێبراوەکانی ئەو گروپانە داناوە کە لە ڕێگەیەوە هێرش دەکەنە سەر ئامانجە پارێزراوەکان. لەم چوارچێوەیەدا هێرشکردنە سەر ئامانجێکی پارێزراوی ویلایەتە یەکگرتووەکان، کرداری سەرکەوتووانەی دزەکردن و چوونە نێو دەزگا سەربازی و باڵیۆزخانەکان بە بەراورد لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشەکان، لەخۆ دەگرێ. بۆ نموونە، لە ٢٤ ی تەمووزی ٢٠٠١، (LTTE) هێرشی کردە سەر بنکەی هێزی ئاسمانی سریلانکی و فڕۆکەخانەی مەدەنی، لە هێرشەکەدا هەشت فڕۆکەی سەربازی و شەشی مەدەنی تێکشکاند[2]. بە گەلێ شێوە کەرەستەی هونەری لێهاتوویی و زرینگی لە کارەکاندا پێویستن بۆ بەڕێوەبردنی پەلامارێك دژی ئامانجە پارێزراوەکان، وەك نموونەکەی سریلانکا، کە زیاتر لە کاری گەریلاکان واتە بزووتنەوە یاخیبووەکان دەوەشێتەوە نەك تیرۆریستان[3]. بزووتنەوەی

١ـ Gunaratna (٢٠٠٢, pp. ٩٧, ١٥٩–١٦٤).

٢ـ John Daly, "Will Sri Lanka's Peace Accord with the Tamil Tigers Hold?" Jane's Terrorism and Security Monitor, April ١, ٢٠٠٢.

٣ـ تێبینی ئەوە بکە کە ئەم سیستەمە نیشانەکانی توانای یاخیبوان و هەڵگەڕاوەکان تاقیناکاتەوە.

یاخیبووان زیاتر پەلامارەکانیان لە ئامانجە سەربازییەکاندا چڕدەکەنەوە بە بەکارهێنانی تفەنگ و بۆمب بۆ هێرشبردن بۆ کۆنترۆڵکردنی خەڵکانێك یا هەرێمێك. بە پێچەوانەوە گروپە تیرۆریستییەکان لە کارەکانیاندا ئارەزوومەندی توندوتیژین بۆ ڕاکێشانی سەرنجی گشتی بۆ ئامانجە سیاسییەکانیان یا فشار خستنە سەر حکوومەتەکان بۆ گۆڕینی سیاسەتیان[1]. بۆیە گروپی گەریلا (یاخیبوو) خاوەنی بەرنامەی پارتیزانین وەك (LTTE) یان (FARC) و کاردەکەن بۆ پەرەپێدانی لێهاتوویی و چەك و تەقەمەنی کە پێویستن لە هەڵکوتانە سەر پۆلیس و ئامانجە سەربازییە پارێزراوەکان. وتوومانە کە هەندێ گروپی تیرۆریستی سەرکەوتووانە پەلامارەکانیان بۆ سەر ئامانجە پارێزراوەکان بەرێوە دەبەن، وەك لەو هێرشانەی بۆ سەر باڵیۆزخانەکانی ئەمەریکا ئەنجامدراون. بۆیە کارامەیی کە پێویستە بۆ گروپە تیرۆریستییەکان لە هەڵکوتانە سەر ئامانجە پارێزراوەکان تەواو شایانی ئەو ئاستەی خۆیانە کە ئاستی چوارەمە.

بالاترین نیشانەی توانا تیرۆریستییەکان کە ئێمە خستوومانەتە نێو سیستەمەکەمان بریتییە لە توانای ڕێکخستن بۆ ئەنجامدانی فرەپەلامار. ئەم ئاستەمان هەڵبژاردووە چونکە وەها هێرشبردنێك پێویستی بە پلاندانانی پێشکەوتوو و کۆکردنەوەی زانیاری و، کردارەکانی ئاسایشی و ئەزموونی تەکنیکی و فەرماندان و کۆنترۆڵکردنی تەواو هەیە. لە ڕاستیدا بۆ مەبەستی ئەم شیکردنەوەیە، فرەپەلاماری ڕێکخراو ناچێتە قاڵبی پلەیەکی کەم لە پلاندانان و نەخشەبۆکێشان، هەر وەك هێرشەکەی نۆڤێمبەری هۆتێلی نایرۆبی و ئەوەی فڕۆکە جەنگییەکەی ئیسرائیلی. ئەم هێرشە پێویستی بە پلەیەکی بەرزی ئەزموونی تەکنیکی و، (خۆ پیاکێشانی هۆتێلێك یان تەقەکردن لە سیستەمێکی

١-Hoffman (١٩٩٨, pp. ٤١–٤٤).



بەرگری جولاو) و، ئاسایشی کرداری و پلاندانان نەبوو، تەنانەت ڕادەیەکی بەرچاوی ڕێکخستنیشی نەدەویست. بە پێچەوانەوە، پەلامارەکانی ١١ سێپتێمبەری ٢٠٠١ بۆ سەر ویلایەتە یەکگرتووەکان، نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی ئەم ئاستەی تواناکان دەکەن. بۆ نموونە، ئێستا وا دەرکەوتووە کە لە ساڵی ١٩٩٧ەوە ئەنجامدەرانی کردەوەکە ئەرکی پشکنین و وەرگرتنی زانیارییان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە ئەنجامداوە، بە وێنەگرتنی ئەو ئامانجە شاراوانە وەك پەیکەری ئازادی و دیزنی لاند[1]، هەروەها هەندێك لە ڕفێنەران (محەمەد عەتا) لە قوتابخانەی مەشقکردنی فڕۆکە ناونووسکرابوو بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ هێرشەکە[2]. جگە لە ڕێکخراوی ئەلەلقاعیدە کە ئێستا دیارترین گروپی دژی ئەمەریکایە و هێرشی ڕێکخراو و پلان بۆکێشراو و فرە ئەنجام دەدات، ڕێکخراوی دیکەش وەك (LTTE) هەمان توانای هێرشبردنی نیشانداوە. بۆیە دەتوانین پێشبینی ئەوە بکەین یەکێك لەو ڕێکخراوانە بۆ ئەوە تێبکۆشێ کە زنجیرەیەك پەلاماری نەخشە کێشراوی پێشکەوتوو لە نێو ویلایەتە یەکگرتووەکاندا یان دژی دامەزراوەکانی دەرەوەی ئەو وڵاتە ئەنجام بدات.

بە هەمان شێوەی نیشانەکانی نیازە تیرۆریستییەکان بۆ هەر ئاستێکی تواناش نرخێکی ژمارەیی دادەنێین. خشتەی (٢ ـ ٢) ئەم نرخانە نیشاندەدا، لە برگەی دواتر بۆ ئەوە بەکاریان دەهێنین کە چۆن دەکرێ توانا تیرۆریستییەکان بەرامبەر هەریەکەیان بەراورد بکرێن.

١ـ "Al-Qaeda Suspect Filmed WTC," CNN.com, July ١٦, ٢٠٠٢.

٢ـ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: Bergen (٢٠٠١, pp. ٣٥–٣٦).

**خشتەی (٢ ـ ٢) نیشانەکانی توانی گروپە تیرۆریستییەکان**

| نرخی ژمارەیی | ئاستی چالاکی هێرشە ئاشکرا و تێبینیکراوەکان |
|---|---|
| ١ | کوشتن یا بریندارکردنی ٥٠ کەس یا زیاتر لە تاکە هێرشێکدا |
| ٢ | هێرشی ئەنقەستانە بۆ سەر هاوڵاتیانی نەپارێزراوی بێگانە |
| ٣ | کوشتن یا بریندارکردنی ١٥٠ کەس لە تاکە هێرشێکدا |
| ٤ | هێرشکردن بۆ سەر ئامانجە پارێزراوەکان |
| ٥ | فرەهێرشی سەرکەوتووی ڕێکخراو |

## جێبەجێکردنی سیستەمەکە

سیستەمێکمان خستووەتە بەردەست کە بتوانرێ لە بەراوردکردنی هەڕەشە سەپێنراوەکانی سەر ویلایەتە یەکگرتووەکان بەهۆی گروپی هەمەجۆری سەربازییەوە، بەکاربهێنرێ. ئەم باسە (٢٢) گروپی تیرۆریستی بۆ بوارێکی دوو دووری (نیاز و تواناکان) کە پێناسەمان کردووە، پۆلین دەکا. خشتە (٢ ـ ٣) ئەم لیستە بە ڕێکخستنێکی ئەبجەدی بەگوێرەی ناوە کورتکراوەکان کە زۆر ناسراون، نیشان دەدات. شیکاران دەتوانن بە ئاسانی هەر ژمارەیەك لە گروپە تیرۆریستییەکان بخەنە سسیستەمەکەوە، بەڵام لەبەر ئەوە ئەو (٢٢) گروپەمان هەڵبژاردووە، چونکە ئەمانە ڕادەیەکی فراوان لە پاڵنان و توانا و پەیوەستبوون و تێوەگلان لە جەنگی تیرۆر دەنوێنن.



**خشتە (٢ ـ ٣) جێبەجێکردنی سیستەمەکە لەسەر ٢٢ گروپی تیرۆریستی**

| گروپ | ناوی کورتکراوە | بنکەی سەرەکی |
|---|---|---|
| ئەلەلقاعیدە | ئەلەلقاعیدە | ئەفغانستان |
| گروپی ئەبو سەیاف | ASG | فلیپین |
| هێزە خۆپارێزەکانی کۆلۆمبیا | AUC | کۆلۆمبیا |
| پارتی کۆمۆنیستی ماوییە نیپالییەکان | CPN-M | نیپال |
| بەرەی/پارتی ئازادیخوازی خەڵکی شۆڕشگێڕ | DHKPIC | یۆنان |
| هێزی ئازادیخوازی نەتەوەیی | ELN | کۆلۆمبیا |
| نیشتمان و ئازادی باسك | ETA | ئیسپانیا |
| هێزی چەکداری شۆڕشگێڕانی کۆلۆمبیا | FARC | کۆلۆمبیا |
| گروپی چەکداری ئیسلامی (چیا) | GIA | جەزائیر |
| گروپی سەلەفی بۆ دەعوە و چەنگ | GSPC | فەڕەنسا |
| بزووتنەوەی بەرگری فەلەستینی | حەماس | کەرتی ڕۆژئاوا و غەززە |
| پارتی خودا (حزب الله) | حزب الله | لوبنان |

| | | |
|---|---|---|
| کۆمەڵەی ئیسلامی | IG | میسر |
| بزووتنەوەی ئیسلامی ئۆزبەگستان | IMU | ئۆزبەگستان |
| کاچ | Kach | ئیسرائیل |
| لەشکری تۆیبە | LeT | کشمیر |
| پڵنگەکانی ئازادیخوازی تامیل ئیلام | LTTE | سریلانکا |
| بەرەی ئازادیخوازی ئیسلامی مۆرۆ | MILF | فلیپین |
| ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی ١٧ ی نۆڤێمبەر | N١٧RO | یۆنان |
| جیهادی ئیسلامی فەلەستینی | PIJ | کەرتی ڕۆژئاوا و غەززە |
| سوپای ڕاسەقینەی کۆماری ئێرلەندی | RIRA | ئێرلەندای باکوور |
| ڕێڕەوی درەوشاوە | SL | پیرۆ |

دواتر کۆدێکمان بۆ هەر گروپێك بە گوێرەی زنجیرەی پێنج ئاستەکەی هەستی دژە ئەمەریکاییبوون و پێنج ئاستەکەی دیکەی نیشانەکانی تواناکانیان وەك لەسەرەوە ڕوونکرایەوە، داناوە. ئەنجامی کۆدکردنەکەش لە خشتەی (٢ ـ ٤) دا لیستکراوە و بە شێوەیەکی گرافیکی لە هێلکاری شێوە (٢ ـ ٢) دا ڕوونکراوەتەوە. نیازەکان لە نێوان (سفر) تا (٥) پۆلینکراون بە گوێرەی ڕێکخستنێکی بەرەوژووری نیشانەکانی هەستی دژەئەمەریکایی، پێنجیان زۆر دوژمنکار و هیچ یەکێکیش لەوانە نەرمونیان نەبوون. بۆ ئاستی تواناکانیش بە



هەمان شێوە پۆلینکراوە، تیایاندا پێنج گروپ ئاستی باڵای لێهاتوویی و کارامەیی نیشاندەدەن[1].

**خشتەی (٢ ـ ٤) کۆدکردنی (نرخپێدانی) نیاز و توانای گروپە تیرۆریستییەکان**

| گروپەکان | نیازەکانیان | تواناکانیان |
|---|---|---|
| Al-Qaeda | ٥ | ٥ |
| ASG | ٢ | ١ |
| AUC | ١ | ٣ |
| CPN-M | ١ | ٢ |
| DHKPLC | ٤ | ١ |
| ELN | ٣ | ٢ |
| ETA | ٠ | ٢ |
| FARC | ٤ | ٣ |
| GIA | ٢ | ٢ |
| GSPC | ٢ | ٣ |
| Hamas | ٣ | ٢ |
| Hizbulla | ٣ | ٤ |
| IG | ٣ | ٢ |

١ـ هەردوو پێوانەکانی نیاز و تواناکان لە سەر بنەمای وتار و/ یان هێرشە تیرۆریستییەکان کە بەهۆی ئەم گروپانەوە بەڕێوەبراون لەوەتەی ساڵی ١٩٩٨ ەوە، داڕێژراون.


| | | |
|---|---|---|
| IMU | ٢ | ٢ |
| Kach | ٠ | ٠ |
| LeT | ٤ | ٢ |
| LTTE | ٠ | ٥ |
| MILF | ١ | ٣ |
| N۱۷RO | ٤ | ١ |
| RIRA | ٠ | ١ |
| SL | ٣ | ١ |

هێلکاری شێوه (٢ ـ ٢) به ڕوونی دیاریدەکا کە چۆن سیستەمەکە دەتوانێ وردبینێك بۆ شیکاران و سیاسەتوانان دابین بکا بۆ پاڵاوتنی ژاوەژاوی ئاژاوەگێڕی هەڕەشەی تیرۆریستان. لە ڕاستیدا ئەم نموونەیە پرسیکی زۆر گرنگ و بنەڕەتی ڕوون دەکاتەوە کە هێڵ بەژێر ستراتیژیەتی دژە تیرۆری سەرکەوتووانە دەکێشێ، " کامە گروپە کە دەبێ لە هەمووان زیاتر ویلایەتە یەکگرتووەکان بخاتە دڵەڕاوکێوە؟" هێلکاری شێوه (٢ ـ ٢) وەڵامی ئەم پرسیارە بەدەستەوە دەدات: گروپە تیرۆریستییەکان لە گۆشەی سەرەوەی لای ڕاست ئەوانەن کە هەستی دژەئەمەریکایی بەرز و توانای کرداری بەرچاو بەیەکەوەیان گرێداوە، ئەوانە دەبێ لە سیاسەتی دژە تیرۆری هەرە پێشینەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بن. بە گوێرەی ئەمە، گروپەکانی ـ ئەلەلقاعیدە، (FARC) و، حیزبولڵا ـ دەکەونە ئەم ڕیزەوە.



## هێلکاری شێوه (٢ ـ ٢)

### نەخشەکێشانی نیازەکان بەرامبەر تواناکانی (٢٢) گروپی تیرۆریستی




هەرچەندە مەبەستی ئەم سیستەمکارییە لە بەراوردکردنی ئەو هەڕەشە سەپێنراوانەی گروپە تیرۆریستییەکان بۆ سەر وڵاتە یەکگرتوەکان خۆی دەبینێتەوە، بەڵام جێی بایەخە تێبینی بکەین کە هەموو ئەو گروپانەی دەکەونە گۆشەی سەرەوەی لای ڕاست مەرج نییە یا ناتوانن هاندەر بن لە بەرپاکردنی زنجیرە پەلاماری پێشکەوتوو لە نێو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا. لەوانەیە سوودمەند بێ ئەگەر زنجیرەیەك پێوانەی لێك جودا بۆ ئەو هێرشانەی بە

تایبەتی دەکرێنە سەر نیشتمانی ویلایەتە یەکگرتووەکان دابمەزرێنین، بەڵام مەبەست لەم شیکردنەوەیە بریتییە لە سەیرکردنی نیاز و تواناکانی گروپە تیرۆریستییەکان بەرامبەر بە ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی لەدەرەوەی وڵاتەکەیدا.

بە پێچەوانەی ڕێکخراوەکانی ـ ئەلەلقاعیدە، (FARC) و، حیزبوڵلاّ ـ گروپە تیرۆریستییەکان لە گۆشەی خوارەوەی لای چەپی هێلکارییەکە نزمترین ئاستی هەڕەشە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان دەنوێنن، چونکە خاوەنی کەمترین پلەی توانا و خواستی هەڵکوتانە سەر ویلایەتە یەکگرتووەکانن. ئێمە هەرگیز لەوە نادوێین کە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەبێ تەواوی ئەو گروپانە پشتگوێ بخا، بەڵام تارادەیەك ئامۆژگاری ئەوە دەکەین کە سیاسەتوانان لە چوارچێوەی بەرژەوەندی ستراتیژی بەردەوام بیان کێشن. لە ڕاستیدا ویلایەتە یەکگرتووەکان پشت بە هەندێ وڵاتی وەك فلیپین دەبەستێ لە بەدواداچوونی جەنگ دژی تیرۆر، لەم بارودۆخانەدا گروپە تیرۆریستییە توانا مامناوەندەکان ـ وەك (ASG) ـ بۆی هەیە بەرەوپێش بچێ تا ڕادەی ئەوەی هەڕەشە دروست بکا و ویلایەتە یەکگرتووەکان ناچاردەبێ لەسەر داوای سیاسەتی هاوپەیمانەکەی بخزێتە نێو ململانێی نێوخۆیی ئەو وڵاتەوە.

هەردوو گۆشە توندڕەوەکە ـ لای ڕاستی سەرەوە و لای چەپی خوارەوە ـ ئاسانترن کە بخرێنە پێشینە بە گوێرەی هەڕەشەکانیان دژی ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی. بەڵام بە پێشینەکردنی دوو گۆشەکەی دیکە سەختتر دەبێ. ناوەرۆکی ئەم بەشە ئەوەیە کە هەڕەشەی تیرۆریستان دەبێ بخرێتە پێشینەی کارەکان بە گوێرەی هەردوو بواری بوونی هەڕەشەکانیان و بەرەو




پێشچوونیان کە چۆن گروپەکان لە توانایاندایە گۆڕانکاری لە خۆیاندا لە هەردوو لایەنی هاندەر و تواناکانیان ئەنجام بدەن. بۆ نموونە، گروپێکی تیرۆریستی بە توانای وەك (LTTE) بۆی هەیە ببێ بە دوژمنێکی بەرچاو ئەگەر کۆششەکانی لە ویلایەتە یکگرتووەکان خەست بکاتەوە، لە بری ئەوەش، گروپێکی دوژمنکاری توانا مام ناوەندی وەك جیهادی ئیسلامی فەلەستینی (PIJ) ئەگەر توانی ئاستی تواناکانی وەك ڕێکخراوی (LTTE) بۆ نموونە، لێبکا، بۆی هەیە تەنها بەرهەڵستکارێك بێ.

هەرچۆنێ بێ، هەڵسەنگاندنی ئەوەی کە چۆن گروپە تیرۆریستییەکان بۆیان هەیە بە گۆڕانکاریدا تێپەڕبن، ئەرکێکی ئاسان نییە. پرسێکی سەختە، چونکە گروپە تیرۆریستییەکان مەرج نییە بە درێژایی ڕێڕەوێکی ڕاست و ڕێك گەشە بکەن، کە بتوانرێ بە سانایی نەخشەیان بکێشرێ. سەرەنجام شیکردنەوەی تیرۆر بەزۆری تیشك دەخاتە سەر هەڕەشەکانیان لە ماوەی چوارچێوەیەکی دیاریکراودا، بە بێ تەقەلادان بۆ وێنەکێشانی ئاییندە یان داڕشتنی سیاسەتەکانی دژەتیرۆر کە لەوانەیە نەشونمای گروپەکان بەر لەوەی ئاستێکی بەرزی هەڕەشە بێننە ئاراوە، بوەستێنێ. لە هەوڵێکماندا بۆ چاکسازیکردن لەم کەموکوڕییە، لە بەشی چوارەم تیشك دەخەینە سەر ئەو پرسیارەی: " چی هۆکارێك کار لە گەشەی گروپە تیرۆریستییەکان دەکات چی بە پۆزەتیڤ یا نێگەتیڤ؟" لەم خاڵەدا ئێمە دان بە ئاڵۆزی و ئەو ڕاستییەدا دەنێین کە گروپە تیرۆریستییەکان کیانێکی چەسپاو و جێگیر نین، بەڵکو زیاتر ڕێکخراوی هەمیشە خۆگونجێنن. هێلکاری شێوە (٢ ـ ٣) ئەم بۆچوونە زیاتر ڕوون دەکاتەوە.

**هێلکاری شێوە (٢ ـ ٣)**

**گۆڕانکاری نەتەوەیی لە نەخشەکاندا دوای ئەوەی کادیرەکانی ئەلەلقاعیدە کۆچیان کرد**




شێوە (٢ ـ ٣) ئەوە ناگەیەنێ کە پێشبینی بکەین بۆ داهاتوو، بەڵکو زیاتر بە شێوەیەکی سادە کاریگەری پەرتەوازەبوونی ئەندامانی ئەلەلقاعیدە بۆ گروپە تیرۆریستییەکانی دیکە (لە ئەنجامی چالاکییەکانی ئەم دواییەی ئەمەریکا لە ئەفغانستان) ڕوون دەکاتەوە کە لەوانەیە کاربکاتە سەر نیاز و تواناکانی گروپە هاوپەیوەندەکانیان.



گفتوگۆی ئەوەی کە ئەگەر ئەندامانی ئەلەلقاعیدە بە ئەزموونی تەکنیکی خۆیان هاوبەشی لەگەڵ گروپە هاوبیرەکانیان بکەن، ئەوە بۆی هەیە توانا کردارییەکانی ئەو گروپانە زیاد بکەن. بە هەمان شێوە، ئەم گروپانە ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێ کە زیاتر بۆچوونی دژەئەمەریکایی بە کاریگەری ئەلەلقاعیدە هەڵبگرن. جوڵەی هەڵکشانی (GIA) و بزووتنەوەی ئیسلامی ئۆزبەکشتانی (IMU) لە هێلکاری شێوە (٢ ـ ٣) دا ( هێڵە ڕەشەپڕەکان) ئەم گۆڕانکارییە نەتەوەییە دەگەیەنێ، لە کاتێکدا جووڵەی ئەلەلقاعیدە بەرەو لای چەپ (هێڵە سپییە زبرەکە) زیادبوونی توانا شاراوەکانی ڕێکخراوەکە لە ئەنجامی جەنگ لە ئەفغانستان دەنوێنێ. بە تێبینی کردنی ئەوەی کە هەردوو ئەو گۆڕانکارییانە تەنها نەتەوەیین. مەبەست لە هێلکاری شێوە (٢ ـ ٣) لەم خاڵەدا، ئەوەیە کە سوود و بەکارهێنانی ئەم سیستەمە ڕوون بکرێتەوە لە شیکردنەوەی تێگەیشتنمان لە بوون و سەرهەڵدانی هەڕەشە تیرۆریستییەکان.

دوای هەڵسەنگاندنی گروپە تیرۆریستییە جۆراوجۆرەکان بە گوێرەی خواست و تواناکانیان، لە بەشی داهاتوودا ئەوە شیدەکەینەوە، کەچی ئەم تواناییانە پێکدەهێنێ ـ داهاتە ڕێکخراوەیی و کردارییەکان کە بەردەوامی و بەهێزی بە گروپەکە دەدەن. و بە شێوەیەکی دیاریکراوتر، گروپە تیرۆریستییەکان چییان گەرەکە بۆ ئەوەی بێننەوە و هەڵمەتی سەرکەوتوو ئەنجام بدەن.

# بەشی سێیەم

## تواناکانی گروپە تیرۆریستییەکان

## تواناکانی گروپە تیرۆریستییەکان

لە ٧ ی ئابی ١٩٩٨و کاتژمێر ١٠ و نیوی بەیانی، لە بەردەم باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە نایرۆبی ـ کینیا ـ ئۆتۆمبێلێکی بەمینچێنراو تەقییەوە، **٢١٣** کەس کوژران و نزیکەی ٤٠٠٠ ی دیکەش بریندار بوون[١]. نزیکەی نۆ خولەك دواتر، لە پەلامارێکی دیکەی ڕێکخراودا ئۆتۆمبێلێکی دیکە لە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە تەنزانیا تەقییەوە و ١١ کەسی کوشت[٢]. بەر لەو ڕووداوانە و بە دوای ئەوەشەوە، تیرۆریستان هاوڵاتیانی ئەمەریکیان بە بارمتە گرتووە و هێرشیان کردووەتە سەر کۆمپانیاکانی و فڕۆکەشیان ڕفاندووە. لە نێوان ١٩٦٨ تا ١٩٩٨ دا، زیاتر لە ٣,٣٠٠ هێرشی تیرۆیستی لە دژی ئامانجەکانی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەنجامدراوە[٣]. ئەم بەشە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو ئامرازانە تێدەکۆشێ کە تیرۆریستان بۆ بەردەوامبوونییان لە ئەنجامدانی ئەو جۆرە هێرشانە و جۆری دیکەی پەلامارەکانیان بەکاری دەهێنن.

## بەگریمانەکردنی ئامرازە تیرۆریستییەکان

سەرەتا هەڵساین بە دابەشکردنی چالاکییەکانی تیرۆرستان (واتە پێداویستییەکانیان) بۆ دوو پۆل:

١- ئەو چالاکییانەی وەك قەوارەیەکی یەکگرتوو، مانەوە بە گروپە تیرۆریستییەکان دەبەخشن.

[١] ـ Bergen (٢٠٠١, pp. ١٠٩–١١٠).

[٢] ـ Bergen (٢٠٠١, p. ١١٣).

[٣] ـ تۆماری ڕووداوەکانی دەزگای ڕاند **٣,٣٣٩** هێرشی دیاریکردووە کە لە دژی ئامانجەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەم ماوەیەدا پیادەکراوە. بۆ زیاتر زانیاری سەیری ئەم سایتە بکە:
http://www.db.mipt.org



٢- ئەو چالاکییانەی دەبنە مایەی درێژەپێدانی زنجیرە هێرشی سەرکەوتووانەی گروپە تیرۆیستییەکان.

نکۆڵی لەوە ناکرێ، ئەم دوو جۆرە چالاکییانە تا ڕادەیەك پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە. کاتێك گروپە تیرۆریستییەکان بتوانن بەردەوامی بە زنجیرە هێرشی سەرکەوتووانەی خۆیان بدەن، دەشتوانن ئەم سەرکەوتنە بگۆڕن بۆ هەڵمەتی بەئەندامکردن (ئەندامگیری) یا سوود وەرگرتن لەو سەرکەوتنە بۆ پتەوکردنی باوەڕی ئەندامانی گروپەکە، لەوەشەوە یەکگرتوویی گروپەکە بە پارێزراوی دەهێڵنەوە. بۆیە چالاکییەکانی تیرۆریستانمان بۆ ئەم دوو جۆرە پۆلینکرد، چونکە ئەم دابەشکردنە بەکارهێنان و ئامانجە شاراوەکان بۆ سیاسەتی دژە تیرۆی ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕوون دەکاتەوە. بۆ نموونە: ئەگەر داڕێژەرانی سیاسەت بیانەوێ ڕێ لە هێرشێکی دیاریکراو بگرن یا کاریگەری هەڕەشەیەکی لەناکاو کەمبکەنەوە، دەبێ چالاکی دژە تیرۆر بە گشتی تیشك بخاتە سەر جۆری دووەم. بە پێچەوانەوە، ئەگەر سیاسەتی دژە تیرۆر گەرەکی بێ بە تەواوی گروپێکی تیرۆیستی بە درێژایی ئامانجە درێژخایەنەکان هەڵبوەشێنێتەوە، پێویستە چالاکی دژە تیرۆر لەم بارەدا جەختی بەرچاو بخاتە سەر جۆری یەکەم. لەم ڕاپۆرتەدا، ئەو توانا تیرۆریستییانەی کە بەردەوامی بە بوون و یەکگرتوویی گروپەکان دەدەن، وەك (ئامرازی ڕێکخراوەیی) ناساندوومانن. بەرامبەر ئەوە، (ئامرازە کردارییەکان) وەك چەمکێك بۆ ئەو چالاکییانە بەکارمان هێناوە، کە توانا دەبەخشنە گروپە تیرۆریستییەکان بۆ مانەوەیان لە ئەنجامدانی زنجیرە هێرشی سەرکەوتووی تیرۆریستی[١].

[١] ـ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ڕێگاکانی شیکردنەوەی گروپە تیرۆریستییەکان، بڕوانە:
Bonnie Cordes, Brian Michael Jenkins, Konrad Kellen, Gail V. Bass-Golod, Daniel A. Relles, William F. Sater, Mario L. uncosa, William Fowler, and Geraldine Petty, A Conceptual Framework for Analyzing Terrorist Groups, Santa Monica, Calif.: RAND Corporation, R-٣١٥١, ١٩٨٥.

دوای دابەشکردنی چالاکییەکانیان بـۆ دوو پـۆل، هەڵـساون بـە دیـاریکردنی نـۆ ئامرازی بنەڕەتی کە تیرۆریستان ـ بە پێی جیاوازی پلەی پێـشکەوتووییان ـ بـۆ بەردەوامبوون لەم چالاکییانەی بەکاریان دەهێنن. چوار ئـامرازە ڕێکخراوەییەکـە بریتین لە: ١- ئایدیۆلۆجیایێکی ڕێنیشاندەر و هانـدەر. ٢- سەرکردایەتیـــکردن. ٣-کۆکردنەوەی خەڵك (ئەندام) (ئەندامگیری) ٤- پروپاگەنـدەکردن (ڕاگەیانـدنی چالاکییەکانیان). سەرباری ئەو ئامرازە ڕێکخراوەییانە، وای دەبینین کە بۆ ئەوەی لە پەرەپێدانی کردەی تیرۆریستی سـەرکەوتوو بـەردەوام بـن، چـەند ئـامرازێکی ڕێکخراوەییش بەکاردەهێنن کە بریتین لـە: ٥- فەرمانـدان و کۆنترۆڵکـــــردن. ٦- چەك. ٧- مەشقکردن. ٨- بۆشایی کرداری (شـوێن و کـاتی کـارکردن)[1]. ٩- ئاسایشی کرداری (سەلامەتی لە کاتی ئەنجامدانەکانیان). ١٠ـ هـەواڵگری. ١١- داهات (پارە).

بۆ زیاتر شیکردنەوەی ئەم پێداویستییانە، تێبینییـەکانمان لەسـەر چـوار گروپـی تیرۆریـــستی (RIRA، حـــەماس، FARC، و ئەلقاعیـــدە) دەخەینـــە ڕوو. هەڵبژاردنی ئـەو گروپانـە بـۆ ئـەوە ناگەڕێتـەوە کـە هەریەکـەیان نوێنەرایـەتی گۆشەیەکی سیستەمە شیکردنەوەییەکەی هەرەشە دەکەن کـە لەبەشـی دووەمـدا هاتووە، بەڵکو دیاریکردنی ئەو گروپـە سـەربازییانە لەبـەر ئەوەیـە کـە ئەوانـە نموونەیەك یا بەڵگەیەکن بـۆ گروپـە تیرۆریـستییەکانی دیکـەی کـە لـە هـەمان ئاستەکانی توانا کاردەکەن وەك لە بەشی دووەمدا باسی لێوکراوە. بـەو واتایـەی وەك جـۆری نموونــەیی نیــشاندراون بــۆ گروپــە تیرۆیــستییەکانی پێــنج ئاســتە جیاوازەکەی توانا لە سیستەمی شیکردنەوەی ئێمە. هەرچەندە باسەکانی داهاتوو بە تێروتەسەلی لە توانا تیرۆرستییەکانی ئەم گروپانە دەدوێن، بەڵام لـە خـوارەوە

[1]ـ بۆشایی کرداری لەم ڕاپۆرتەدا وەك شوێن و کاتی پلاندانان و، مەشقکردن و، ئەنجامدانی هێرشەکان پێناسە کراوە.



بە کورتی کورتەیەکی مێژوویی هاندەر و بەرنامەی کار و بارودۆخ یـا ژینگـەی کارکردنی هەریەکەیان دەخەینە ڕوو:

(RIRA) گروپێکی تیرۆریستییە بە پلەی یەکەم لـە ئێرلەنـدای بـاکوور چـالاکی بـەڕێوە دەبـات. پشتوانانیـشی دەگەڕێنـەوە بـۆ کۆمارییـەکان، چـونکە ئەوانـە پاڵپـشتی لـە یـەکگرتنی ئێرلەنـدای بـاکوور و کۆمـاری ئێرلەنـدا دەکـەن. سەرکردەکانی (PIRA) کە بریتییە لە ڕێکخراوی (PIRA) ی دایك (پێشوو)، لەساڵی ١٩٩٨ لەگەڵ حکوومەتی بـەریتانی چـوونە سـەر مێـزی گفتوگـۆ، بـەڵام هەنـدێ جـەنگاوەرانی (PIRA) ئـەم دانوسـتانەی ئاشـتییان ڕەتکـردەوە و لـە (PIRA) ی جودابوونەوە بۆ دامەزراندنی گروپێکی تیرۆریستی تایبەت بـەخۆیان و بەردەوامبوون لە جەنگکردن دژی دەسەڵاتدارانی بـەریتانی. (RIRA) لەلایـەن ئەفسەری ڕێنماییکردنی پێشووی (PIRA)، مـایکڵ ماکیڤیـت و هاوسـەرەکەی بێرنادێـت سـاندس ـ ماکیڤیـت دامـەزرێنرا، کـە بەیەکـەوە ژمارەیـەك (بەرهەمهێنەری بۆمب) ی لێهاتوویان هێنایە ڕیزی خۆیـان، بەمـەش سـوودێکی یەکجار گەورەی کردارییان بە ڕێکخراوەکەیان گەیانـد. هـەروەها بەشـداریکردنی ساندس ـ ماکیڤیت لە (RIRA) متمانەی لەگەڵ خۆیدا بـە گروپەکـە بەخـشی، چونکە خۆشکەکەی، بۆبی ساندس، یەکەم ئەندامی (PIRA) بوو لەبرسان بەهۆی مانگرتنـەوە لـە سـاڵی ١٩٨١، لـە بەندیخانـەدا مـرد[1]. زۆربـەی هێرشـەکانی (RIRA) بە ئاستێکی کرداری پلە نزم پێناسـە دەکـرێن، وەك نانـەوەی ئـاژاوە، جێهێشتنی بۆمب لە ماڵی دوژمنەکان یا لێدانیان. یەکێك لـە پێـشکەوتووترین ئـەو پەلامارانـەی کـە ئەنـدامانی (RIRA) ئـەنجامیان دابـێ، تەقاندنـەوەی

[1]ـ "Paramilitaries: The Real IRA/٣٢-County Sovereignty Committee," British Broadcasting Corporation, www.bbc.co.uk/history/war/troubles/factfiles/rirashtml (accessed September ٢٠٠٣).

ئۆتۆمبێلێکی مینرێژکراو بوو له ئابی ١٩٩٨ له (ئۆما) که ٢٨ کەسی کوشت و نزیکەی ١٠٠ ی دیکەشی بریندار کرد[1]. بۆیە (RIRA) نوێنەرایەتی نزمترین ئاستی گروپەکان له شیکردنەوەی (ئاستی تواناکان ـ خشتەی ٢ ـ ٤) دا دەکا.

حەماس، هەروەکو (RIRA) گروپێکی ڕەتکەرەوەیە. دژی وتووێژی فەلەستینییەکان لەگەڵ ئیسرائیل دەوەستێ و گوێ بە ڕێکەوتنی ئۆسلۆش نادات. بەڵام بە پێچەوانەی (RIRA) کە بەرنامەی ناسیۆنالیستی هاندەریەتی، بەرنامەکەی حەماس ئامانجی ئایینی لەخۆ دەگرێ: کە بریتییە لە بنیاتنانی دەوڵەتێکی ئیسلامی له فەلەستین[2].

بەهەمان شێوەی گروپە تیرۆریستییەکانی دیکەی ناوچەکە وەك (جەماعەتی میسری)، ئایدیۆلۆجیای حەماسیش ڕیشەیەکی پتەویان بۆ برایانی موسوڵمانی میسری دەگەڕێتەوە. بۆیە حەماس کرداری خۆکوژی لە دژی هەریەك لە ئیسرائیل و حکومەتی عیلمانی کە دەسەڵاتداریی فەلەستینی له کەرتی ڕۆژئاوا و غەززە، بانگەشەی بۆدەکا، ئەنجامدەدا. بزووتنەوەی حەماس یەك پلەی دەکەوێتە سەر ئەو ئاستەی توانا کە (RIRA) ی پێکیدەهێنێ، واتە ئاستی دووەمی توانا له خشتەی (٢ ـ ٤) له بەشی دووەمدا هاتووە.

(FARC) ڕێکخراوێکی یاخیبووی کۆلۆمبییە، هەندێ جار تاکتیکی تیرۆریستی بۆ وەدەستهێنانی ئامانجەکانی بەکاردەهێنێ. بەو مانایەی گروپێکە هەندێك لە حەماس گەورەترە (نزیکەی ١٥،٠٠٠ ئەندامی هەیە) و، کۆنترۆڵی خەڵك و

١- بۆ زیاتر زانیاری لەسەر (IRA) ی ڕاستەقینە بڕوانە:

Sean Boyne, “The Real IRA: After Omagh, What Now?” Jane’s Intelligence Review, August ٢٤, ١٩٩٨.

٢ـ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر حەماس بڕوانە:

Khaled Hroub, Hamas: Political Thought and Practice, Washington, D.C.: Institute for Palestine Studies, ٢٠٠٠.



ناوچەکانی کۆلۆمبیا و سەرباری هەندێ ناوچەش له پەنەما و ئیکوادۆر دەکا. (FARC) هەڵگری بەرنامەی مارکسیست ـ لینینیستە، وەك چاکسازی له خاك و دابەشکردنەوەی دەسەڵات و سامانی دەوڵەت، و تا ئێستاش ئەم بەرنامەیە ئاودیوکردنی (بە قاچاخ بردنی) مادە بێهۆشکەرەکان دەگرێتەوە[1]. لە ڕووی کردارییەوە، (FARC) گەلێ جار بازرگانە جیهانی و نێوخۆییەکان دەڕفێنێ و بۆ وەرگرتنی پارە بەکاریان دەهێنێ. هەروەها هەڵدەکوتێتە سەر پردەکان و دامەزراوە سەربازییەکان و کارگەکان، و تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێلی بەمێنچێنراو له شارە گەورەکانی کۆلۆمبیا ئەنجام دەدا: هەروەها پلان بۆ تیرۆرکردنی لێپرسراوانی دەوڵەت دادەنێ. ئێمە ئەم گروپەمان لە ئاستی سێیەمی توانا پۆلینکردووە له خشتەی (٢ ـ ٤) دا ـ نیشانەکانی توانای تیرۆریستان[2].

لە کۆتاییدا، سەرکردایەتی ئەلقاعیدە ئامانجی فرەلایەنی هەیە، وەك: لابردنی کاریگەری ویلایەتە یەکگرتووەکان لەسەر وڵاتانی کەنداو، دوورخستنەوەی گەندەڵی له سعوودیای عەرەبی، کوشتنی ئەمەریکییەکان، و دامەزراندنەوەی حوکمی خەلافەت[3]. بۆیە ئەگێندای ئەلقاعیدە پانتایی ئامانجی فراوانتر له سێ

١ـ بۆ وتووێژی زیاتر لەسەر (FARC) بڕوانە:

Angel Rabasa and Peter Chalk, The Colombian Labyrinth: The Synergy of Drugs and Insurgency and Its Implications for Regional Stability, Santa Monica, Calif.: RAND Corporation, MR-١٣٣٩-AF, ٢٠٠١.

٢ـ تێبینی ئەوە بکە کە گفتوگۆکردنی ئێمە لەسەر (FARC) بە شێوەیەکی سەرەکی جەخت لەسەر توانا تیرۆریستییەکانی گروپەکە دەکاتەوە نەك تاکتیکەکانی جەنگی پارتیزانی.

٣ـ وشەی خەلافەت کە بەکارهاتووە، بە گشتی بۆ ئاماژەکردن بەو خاك و خەڵکانەی لەلایەن سەرکردە پیۆکراسییەکانی دەوڵەتی ئیسلامی حوکم دەکران. هەندێ سوننەکان ماوەی چوار خەلیفەی یەکەم دوای موحەمەد ـ ئەبو بەکر، عومەر، عوسمان و، عەلی ـ وەك ئایدیالی ئیسلامی دادەنێن. یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەلقاعیدە بریتییە له زاڵبوون بەسەر حکومەتە عەرەبە عیلمانییەکان و جێگۆڕکێ کردنیان بە نەتەوەی ڕاستەقینەی ئیسلامی.

بۆ گفتوگۆی زیاتر لەسەر ئەلقاعیدە و ئامانجەکانی بڕوانە:

گروپەکەی پێشووتر داگیر دەکات. بە هەمان شێوە، توانای ئەوەی نیشانداوە کە لە سەر ئاستی جیهانی بەرنامەکەی پەرەپێبدا. ناوەرۆکی هەگبەی چالاکیەکانی بریتییە لە هێرشی ١١ ی سێپتێمبەر بۆ سەر بنکەی بازرگانی نێودەوڵەتی و پنتاگۆن، هێرشی دەریایی بۆ سەر کەشتی ئەمەریکی لە یەمەن، تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێلی بەمینرێژکراو لە کینیا و تەنزانیا و تونس، و پلاندانان بۆ هێرشکردنە سەر کەشتییەکانی ناتۆ لە گەرووی جەبەل تاریق و باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە ڕۆما. بۆیە ئێمە ڕێکخراوی ئەلقاعیدەمان لە پۆلینەکەماندا لە ئاستی (٥) داناوە لە خشتەی نیشانەکانی ئاستی توانا تیرۆریستییەکان (خشتەی ٢ ـ ٢)، واتە دوو ئاست لە سەرووی (FARC) دێت و لە شیکردنەوەکەی ئێمەدا ئەم گروپە بە بەتواناترین گروپ دەژمێردرێ.

باسەکەی دوای ئەوەمان، تێبینییەکانی سەر ئەم چوار گروپە بۆ لێکۆڵینەوەی پێداویستییە کرداریی و ڕێکخراوەییەکانی گروپەکان بەکاردەهێنێ. کۆتایی بەشەکەش بە گفتوگۆکردنی ئەنجام کۆتایی دێ کە بریتییە لە مەترسی سەپێنراوی گروپە تیرۆریستییەکان و پەیوەندییان بە ستراتیژیەتی دژەتیرۆری ویلایەتە یەکگرتووەکان.

## ئامرازە ڕێکخراوەییەکان

وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، وا پێشبینی دەکەین کە چوار پێداویستیيە ڕێکخراوەییەکەی بە گشتی پێناسە کران بریتین لە (ئایدیۆلۆجی، سەرکردایەتیکردن، کۆکردنەوەی ئەندامی نوێ، و پرۆپاگەندە). بۆیە هەر چوار باری توێژینەوەکەی ئەم باسە کە بریتین لە (RIRA، حەماس، FARC، ئەلقاعیدە)، دەبێ پشت بەو چوار ئامرازە ببەستن بۆ پاراستنی کاری

Anonymous, Through Our Enemies' Eyes, Washington, D.C.: Brassey's, ٢٠٠٢, pp. ٤٥–٧٣, and Bergen (٢٠٠١).



ڕێکخراوەییان وەك یەکەیەکی یەکگرتوو. لە خوارەوەدا هەریەك لەو پێداویستییە ڕێکخراوەییانە باس دەکەین هەریەك بەگوێرەی ڕێکخراوەکەی کە پەیوەندی پێیەوە هەیە.

## ئایدیۆلۆجیا

بەگوێرەی لێکدانەوەی تیرۆریزم، چەمکی ئایدیۆلۆجیا[1] بریتییە لە تەواوی گلەیی و ئامانجانەی کە گروپە تیرۆریستییەکان هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی توندوتیژییەوە ڕاییگەیەنن[2]. لەم چوارچێوەیەدا بۆی هەیە ئایدیۆلۆجیای تیرۆریستان لە چەند شێوەیەکدا خۆی بنوێنێ، بۆ نموونە: ئاینی یا سیاسی (بەڵام هەر خزمەتی هەمان مەبەست دەکا)، کردارەکانی هاندان، یەکخستنی ئەندامەکان، و بەیەك بەستنەوەی ڕێکخراوەکان لە کۆمەڵگەیەکدا[3].

١ـ بڕیارماندا ئایدیۆلۆجی وەك کلیلی ئامرازە ڕێکخراوەییەکان بخەینە ڕوو، چونکە یارمەتی پتەوی یەکگرتوویی گروپەکە دەدا. لە گەلێ حاڵەتدا گروپە تیرۆریستییەکان ئایدیۆلۆجیای خۆیان بەکاردەهێنن وەك ئامرازێك لە ململانێی و تێکۆشانیان بۆ وەرگرتنی دەسەڵات لە دژی حکومەتەکان. هەروەها یەکگرتوویی ڕۆڵ دەبینێ لە بەردەوامبوونی خودی گروپە تیرۆریستییەکە.

٢ـ (سیدنی تارۆ) گفتوگۆی زەرورەتی بزواندنی تێکڕا لە نێو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە توندڕەو میانڕەوەکاندا دەکات. بە هەمان شێوە، ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان بەزۆری ئەوبزوتنەوە کۆمەڵایەتییە فراوانانە سەرنجیانی ڕاکێشاوە لە بیانووهێنانەوەی ئایدیۆلۆجیاکەیان. بڕوانە:
(Power in Movement: Social Movements, Collective Action and Politics, Cambridge, United Kingdom: Cambridge University Press, ١٩٩٤, pp. ١١٨–١٣٤)

٣ـ بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بیانووی جەوهەری و هاوکۆکی بەکۆمەڵ لە تیرۆریزمدا بڕوانە:
Martha Crenshaw, "The Logic of Terrorism: Terrorist Behavior as a Product of Strategic Choice," and Albert Bandura, Mechanisms of Moral Disengagement," in Walter Reich, Origins of Terrorism, Washington, D.C.: Woodrow Wilson Center Press, ١٩٩٨, pp. ٧–٢٤, ١٦١–١٩١.

پێدەچێ (RIRA) بەدوای ئەو شێوازە کەوتبێ کە لەسەرەوە باسکرا. وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، ئەندامانی بەردەوامن لە جەنگ بۆ ئازادکردنی ئێرلەندا لە حوکمی بەریتانیا و یەکخستنی لەگەڵ کۆماری ئێرلەندا. جگە لەوە زۆربەی ئەندامانی (RIRA) بریتین لە جەنگاوەرانی پێشووی (PIRA)، هەمان ئامانجی سەربەخۆیی ئێرلەندای باکور لە ئینگلترا و یەکگرتنی لەگەڵ کۆماری ئێرلەندا بە ئاشکرایی دەردەبڕن[1]. لە ئەنجامی ئەوەش بۆ (RIRA) ئاسانە کە پارێزگاری لە یەکگرتوویی گروپەکەی بکا، چونکە بەئایدۆلۆجیایەکی پێشینە دوورودرێژی کۆمارییەکان پشتقایمە، کە نزیکەی سەدەیەك بە هەمان شێوەی توندوتیژییەوە و بۆ هەمان مەبەست کاری کردووە. پردی ئایدیۆلۆجی نێوان (RIRA) و جەماوەرە پشتیوانەکەی زۆر بێ هێزە، زۆربەی کۆمارییەکان لە ئێرلەندای باکوور پشتیوانی لە تەقەلاکانی ئاشتی دەکەن کە لەلایەن پارتی کاری سۆشیالیستی و دیموکراتی (SDLP) و (سین فین ـ باڵی سیاسی PIRA) بانگەشەی بۆ کراوە[2]. بەڵام لەبەرئەوەی (RIRA) گروپێکی بچووکە (خاوەنی نزیکەی ١٠٠ ئەندامە)،

١ـ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر (PIRA) و تیرۆر لە ئێرلەندای باکوور، بڕوانە:

Tim Pat Coogan, The Troubles: Ireland's Ordeal, ١٩٦٥–١٩٩٥, and the Search for Peace, London: Hutchinson, ١٩٩٥.

هەروەها بۆ گفتگوگردنی زیاتر لەسەر (RIRA) بڕوانە:

James Dingley, "The Bombing on Omagh, ١٥ August ١٩٩٨: The Bombers, Their Tactics, Strategy and Purpose Behind the Incident," Studies in Conflict and Terrorism, No. ٢٤, ٢٠٠١, pp. ٤٥١–٤٦٥.

٢ـ بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ڕێکەوتنامەی بەلفاست و پرۆسەی ئاشتی بڕوانە:

"Ulster Peace: How Fragile?" New York Times, February ٣, ١٩٩٥; "Britain and Ireland Issue a Plan for Full Talks on Ulster," New York Times, February ٢٣, ١٩٩٥.

هەروەها دەتوانی ڕێکەوتنامەی بەلفاست لەو سایتە وەربگری:

www.ofmdfmni.gov.uk/publications/ba.htm (accessed September ٢٠٠٣).



پێویستی بە پاڵپشتییەکی فراوانی کۆمەڵگە نییە، بۆیە ڕۆڵی ئایدیۆلۆجی لەوەدەچێ بایەخێکی ئەوتۆی لە مانەوەی گروپەکە نەبێ[1].

بێگومان هەموو کاتێ ئاسان نییە کە ئایدیۆلۆجیای گروپێکی دیاریکراو پۆلین بکرێ. حەماس هەڵمەتە تیرۆریستییەکەی خۆی دژی ئیسرائیلی وەك بەشێکی جەنگکردن لە پێناو سەربەخۆیی فەلەستینی دەبینێ. بەڵام ڕێکخراوەکە کەوتووەتە نێو ململانێیەکی ئایینی لە نێو خودی دامەزراوەکانی فەلەستینی دژ بە بەرامبەرەکانی لە وڵاتێکی عیلمانیدا[2]. بەو واتایەی، حەماس پێویستی بە هاوسەنگ کردنی ئایدیۆلۆجیای ئایینیی و نەتەوەیی هەیە بۆ هێشتنەوەی یەکگرتوویی ڕێکخراوەکەی. بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەش ڕێکخراوەکە ڕێگەی بە ئەندامانی داوە بەشداری لە هەڵبژاردنە نێوخۆییەکان بکەن لە کەرتی ڕۆژئاوا و غەززە، بەڵام کاندیدی خۆی بۆ ئەنجومەنی یاسادانان دیاری ناکا[3]. بە بڕیاردانی ئەم ستراتیژیەتە، حەماس دەتوانێ پشتیوانی لە ئایدیۆلۆجیا ناسیۆنالیستییەکەی بکا بە بێ شەرعیەتدان بە دامودەزگاکانی دەوڵەتی عیلمانی فەلەستینی. هەرچەندە ئایدیۆلۆجیایەکەی لە هی (FARC) زۆر ئاڵۆزترە، بەڵام هێشتا پێدەچێ بۆ هاندانی کردارەکانی، یەکخستنی ئەندامانی، و بەیەك بەستنەوەی گروپەکە بە پشتیوانانی فەلەستینی لە کەرتی ڕۆژئاوا و غەززە، ئەم ئایدیۆلۆجیایە بەکاربهێنێ.

١ ـ Dingley (٢٠٠١, pp. ٤٥١–٤٦٥).

٢ـ Ziad Abu-Amr, Islamic Fundamentalism in the West Bank and Gaza, Bloomington,
Ind.: Indiana University Press, ١٩٩٤, pp. ١٢٨–١٢٩.

٣ـ Shaul Mishal and Avraham Sela, The Palestinian Hamas, New York: Columbia University
Press, ٢٠٠٠, pp. ١٣–٥٥, ٧٦.

بـــە پێـــچەوانەوە، (FARC) بەشـــداری لـــە شـــەڕی پـــارتیزانی دەکـــا و ئایدیۆلۆجیاکەشی نە ئایینیە و نـە ناسیۆنالیـستی، لـە بـری ئـەوە لـە پێنـاوی دەستبەسەرداگرتنی کۆلۆمبیا و دامەزراندنی چاکخوازە سۆشیالیستەکان جـەنگ درێژە پێدەدا[1]. کەواتە (FARC) دەکرێ وەك خاوەن سـتراتیژیەتێکی یـاخیبوو ببینرێ لەگەڵ هەڵگرتنی ئایدیۆلۆجیایەکی سۆشیالیستی تونـدڕەو. جگـە لـەوە، یەکگرتنی ئایدیۆلۆجیا و ستراتیژییەتەکەی لەم شێوەیەدا، زیاتر هانی ئەنـدامانی بەرەو ئامانجی هاوبەش دەدا. هەرچەندە ئەو شێوازە لە هی حـەماس و (RIRA) جیاوازە، بەڵام ئێمە بڕوامان وایە تا ئەو ڕادەیە نزیکە کە هێشتا لەگەڵ شـێوازی سەرەتایی ئایـدیۆلۆجی بگونجـێ. بـە هـەرحاڵ سـەرباری ئەمانـە، (FARC) و جەماوەرە پـشتیوانەکەی بـە تونـدی سـەرقاڵی بازرگـانی مـادەی بێهۆشـکەری نایاسایین[2]. ئەم پەیوەندی و بەیـەك بەسـتنەوەیە تەمومـژ دەخاتـە ڕۆڵـی ئـەو ئایدیۆلۆجیایەی (FARC) کاری پێدەکا، چونکە سەختە بتوانێ ئەوەمان پێ بڵێ کە ئەندامانی (FARC) پشتیوانیی لە ئامانجەکانی گروپەکـە دەکـەن یـا لەبـەر سوود و قازانجی بازرگانی مادەی بێهۆشکەر لـە گەڵیـدان. تـا ئێـستا (FARC) ڕووبەڕووی ململانێیەکی گەورەی نێوان گرنگی ئەو دوو هۆکارە نەبووەتەوە، بەڵام مەسەلەی ماددەی بێهۆشکەر بۆی هەیە بناغەی ئایدۆلۆجییەکەی دابخورێنێ.

سـەبارەت بـە دوایـین گـروپ وەك لەسـەرەوە ئامـاژەی پێکـرا، سـەرکردەکانی ئەلقاعیدە بۆچوونی ئایینی و سیاسییان لە ئایدیۆلۆجییاکەیانـدا تێکـەڵ بەیـەك کردووە. لەبەر ئەوەش وایکردووە تاوەکو سـەرکردەو و ئەندامـەکانی فـرە گروپـە تیرۆریستییەکان، هەریەکەیان بە زنجیرەیەك ئامانجی دیاریکراوی نێوخۆییـەوە بـۆ بـەردەوامبوون پالپێوەبنـێ، و دواتـر ئـەم کۆمەڵـە ئامانجانـە لـە ژێـر تاکـە

[1] ـ بۆ تێڕوانینێکی گشتی لەسەر (FARC) بڕوانە:

Brian Michael Jenkins, “Colombia: Crossing a Dangerous Threshold,” The National Interest, Winter ٢٠٠٠, pp. ٤٧–٥٥.

[2] ـ بۆ گفتوگۆکردنی زیاتر بڕوانە: (Rabase and Chalk, ٢٠٠١).



ئایدیۆلۆجیای ئیسلامی، بە پێـشکەشکردنی دوژمنێکـی هاوبـەش بـۆ هـەموو گرووپەکان کە بریتییە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، یەکدەخات[1]. بە دڵنیاییەوە، ئەم یەکگرتنە بەهۆی ئایدیۆلۆجیاوە نییە، بەڵکو هۆکاری دیکەش بەشدارییان لە سەرکەوتنی ئەلقاعیدە کردووە، لە باسەکانی داهـاتوو هەنـدێ لـەو فاکتەرانـەی دیکە دەخەینە ڕوو[2].

## سەرکردایەتیکردن

سەرکردایەتیکردن، دووەم ئامرازی ڕێکخراوەیی ئێمـە دەنوێنـێ: لـەم حاڵەتـەدا، سەرکردایەتیکردن، لە پێداویستی فەرماندان و کۆنترۆڵکردنی کردەیەکی تایبـەت جیاوازە، بۆ نموونە: لە (یاخیبوون و تیرۆر، بارد ئۆ نیلْ، تێبینی دەکا کـە گروپـە تیرۆریستیەکان مەیلی ئەوە دەکەن لە دەوری تاکـە کاریگـەر و سەرنجڕاکێـشەکان کۆببنەوە کە سەرنجی پیشتیوانان ڕادەکێشن و ئیلهامیان پێدەبەخشن[3]. کەواتـە سەرکردایەتیکردن لەم چوارچێوەیەدا کارێکی زۆر یەکخەرانەتر دەبینێ لەوەی کـە لە ئاستی کرداری بـە دیـدەکرێ، و ئێمـە لـەو شـیکردنەوەیەدا پێـشبینی ئـەوە دەکەین کە لە هەر چوار گروپەکە بوونی سەرکردەی (ڕوحی) بەدیدەکرێ.

مایکل ماکیڤیت (RIRA) دامەزرانـد و سـەرکردایەتیکرد تـا ئـەو کاتـەی لـە ئازاری ٢٠٠١ دەستگیرکرا. چونکە ڕۆڵی سەرکردایەتیکردنی پێشووی ئەو لە نێو (PIRA)، توانی ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە بهێنێتە ڕیزی ڕێکخراوە نوێیەکـەی و

[1] ـ Anonymous (٢٠٠٢, pp. ١٧٠–١٨٢).

[2] ـ Anonymous (٢٠٠٢, pp. ٤٥–٦٨, ١٦٩–١٨٢).

[3] ـ Bard O’Neill, Insurgency and Terrorism: Inside Modern Revolutionary Warfare, Washington, D.C.: Brassey’s, ١٩٩٠, p. ٧٥.

تاڕادەیەك بەئاسانی توانی  گروپێکی یەکگرتوو پێکبهێنێ[١]. بە هەمان شێوە، ماکیڤیت پشتی بە پەیوەندی (بەهۆی ژنهێنانی) لەگەڵ پاڵەوانی پێشووی (PIRA) بۆبی ساندس بەست بۆ پتەوکردنی شەرعیەتی خۆی و گروپەکەی لە بزووتنەوەی کۆمارییەکان[٢]. تا کاتی دەستگیرکردنی، (RIRA) لە کارەکانی بەردەوامبوو، هەرچەندە هەندێ ناتەبایی لە گروپەکەدا سەری هەڵدا. لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢، ڕۆژنامەکان ڕایانگەیاند کە دەستەیەکی جودای شاراوە لە نێو (RIRA) دا دامەزرا[٣]. بۆیە واپێدەچێ کە ئەزموونی (RIRA) پێویستی بە ڕێبەرێکی روحی هەبێ بۆ هێشتنەوەی یەکگرتوویی گروپەکە.

بە هەمان شێوە، شێخ ئەحمەد یاسین، وەك سەرکردەیەکی ڕوحی بۆ بزووتنەوەی حەماس کاری دەکرد[٤]. وەك ئاماژەی پێکرا، حەماس ڕەگی ئایدیۆلۆجییەکەی بۆ برایانی موسوڵمان لە میسر، دەگەڕێتەوە. هەرچەندە بزووتنەوەی ئیسلامی لە سەرەتای حەفتاکان گەشەی سەند و لە هەرێمە داگیرکراوەکاندا فراونبوو، بەڵام حەماس و باڵە سەربازییەکەی، کەتیبەکانی شەهید قەسام، دانەمەزرا تا سەرهەڵدانی ڕاپەڕین (ئینتیفازە)[٥]. بۆ دامەزراندنی گروپەکە، شێخ یاسین توانی شەرعیەت و توانای لەڕادەبەردی خۆی وەك زانایەك بۆ ڕاکێشانی ئەندامی نوێ لە کەمپەکانی پەناهەندە لە کەرتی ڕۆژئاوا و غەززە بەکار بهێنێ[٦]. لە کاتی

---

١- Dingley (٢٠٠١, p. ٤٧٦).

٢- "Corkman in Charge as Real IRA Threat Remains," Irish Times, May ٢٤, ٢٠٠١.

٣- Rosie Cowan, "Real IRA 'Ready to Attack Again,'" Guardian Unlimited, October ٢١, ٢٠٠٢.

٤- Hroub (٢٠٠٠, pp. ٢٠٩–٢٥١).

٥ - Mishal and Sela (٢٠٠٠, pp. ١٨, ٥٥–٦٤).

٦- Mishal and Sela (٢٠٠٠, pp. ١٦–٢٠).



ئێستاشدا، حەماس سەرکردەی دیکەی سیاسی و سەبازی لە هەردوو کەرتی ڕۆژئاوا و غەززە هەیە. تا ئەو کاتەی لە ژیاندا مابوو، مەڵبەندێکی یەکگرتووی بۆ هەموو پێکهاتووەکانی حەماس لە ڕووی سیاسی، ئابووری، و سەربازی دابین کردبوو.

(FARC) نوێنەرایەتی هەمان شێواز دەکا، بەڵام لە بوارێکی فراوانتری ئەندامان و هەرێمایەتیدا بڵاوبووەتەوە. (ڕێبەری مارولاندا) وەك مەڵبەندێکی ڕۆحی ڕێکخراوەکە کاردەکا و ڕێنموونی تەواوی  ئایدیۆلۆجیا و هاندان دابین دەکا[١]. بەڵام کۆنترۆڵی گەورەی کرداری لە دەستی هەندێ تاك دا ماوەتەوە کە فەرمانڕەوایەتی بەرە جیاوازەکانی (FARC) دەکەن[٢]. هەرچەندە (FARC) گەلێ جار ئەو فەرماندەرانە بەیەکەوە لە کۆبوونەوەی فراوانی ڕێکخستنی ڕێکخراوەکە کۆدەکاتەوە، کەچی دەکرێ بگوترێ هەندێ لەو فەرماندانە بەیەك نەگەیشتوون و ئەوەندە بۆ مارولاندا دڵسۆز نین ئەوەندەی بۆ سەرکردەکانی بەرەی خۆیان وان[٣]. بە واتەیەکی دیکە، ئەو فەرماندە بەرەییانە ڕۆڵێکی گرنگ لە یەکخستن و یەکگرتوویی ڕێکخراوەکە دەگێڕن.

سەربارەت بە ئەلقاعیدەش، وەك ئاشکرایە ئوسامە بن لادن وەك سەرکردەیەکی ڕوحی و ئایدیۆلۆجی دەمێنێتەوە، بەڵام گروپە هاوپەیوەندەکان هەر پشت بە سەرکردە جیاوازەکانیان دەبەستن بۆ پارێزگاریکردن لە یەکێتی لە نێو

---

١- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

"El Voto de Tirofijo," Semana, June ٢٩, ١٩٩٨, pp. ٢٤–٢٨.

٢- بۆ نموونەی زیاتر بڕوانە:

"Armas por Coca," Cambio, July ١٢, ١٩٩٩, p. ٣٠.

٣- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

"Los Planes de las Farc," Semana, August ٧, ٢٠٠٠, p. ٣٥.

ئەو ئەنجامەی، ڕۆڵی سەرکردایەتیکردن لە هێشتنەوەی یەکگرتوویی گرووپی تیرۆریستی زیاتر پشت بە پێکهاتنی ڕێکخراوەکە دەبەستێ (ئایا ڕێکخراوێکی خاوەن سەرکردەی یەك چیین یا فرەچینە).

## کۆکردنەوەی ئەندامی نوێ (ئەندامگیری)

هێنانی ئەندامی نوێ بۆ ڕیزی گروپە تیرۆریستییەکان، یەکێکە لە گرنگترین پێداویستییەکانیان بۆ ئەوەی بە درێژایی کات بمێننەوە. گروپەکان پێویستییان بە خەڵکی نوێ هەیە بۆ گەشەکردن و بەهێزکردن و پڕکردنەوەی کەموکوڕی و قەرەبۆکردنەوەی ئەوانەی هەڵدەگەڕێنەوە. هەروەها بەئەندامکردن بۆی هەیە زۆر گرنگ بێ، یەکێك لە لێکۆڵینەوەکان لە تیرۆری باڵی چەپ لە ئیتالیا، لە نێوان ١٩٧٠ تا ١٩٨٣ دەریخست کە: ئەنجامدانی هێرشی کوشندە لە لایەن گروپە تیرۆریستییەکان، بەشێکی بۆ ئەوەیە تا ئەندامی نوێ بەدەستبهێنن[١]. بۆیە پێشبینی دەکەین کە (RIRA)، حەماس، (FARC) و، ئەلقاعیدە داهاتی فراوان بۆ چالاکی ئەندامگیری تەرخان بکەن.

ئەندامانی (RIRA) وەك شانەیەکی تیرۆریستی بچووك کاردەکەن، کە لە بنەڕەتدا زۆربەی ئەندامانی لە ڕیزی جەنگاوەرانی پێشووی (PIRA) ڕاکێشاوە. ئەم بە ئەندامکردنە ڕێگەی بە (RIRA) داوە دەست بە چالاکییەکانی لەگەڵ سەدان ئەندامانی تازە بکا، کە پێشتر فێری کارامەیی و لێهاتوویی لە دروستکردنی بۆمب و خۆ دەربازکردن لەدەستی دەسەڵاتدارانی بەریتانی، بوون. سەرەڕای ئەوە، ڕاپۆرتی دیکە پێشنیاری ئەوە دەکەن کە (RIRA) هەوڵ دەدا

[١]ـ بڕوانە:
Donatella della Porta "Left-Wing Terrorism in Italy," in Martha Crenshaw, ed., Terrorism in Context, State College, Pa.: Pennsylvania State University Press, ١٩٩٥, pp. ١٣٤–١٣٧, ١٥٧.



ئەلقاعیدەدا. زۆربەی گروپە تیرۆریستییەکان کە گومان دەبرێ سەر بە ئەلقاعیدە بن وەك گروپی بەرەی ئیسلامی ئازادیخوازی مۆرۆ (MILF) لە فیلیپین، خەڵك لەخۆیان کۆدەکەنەوە و هێرشەکانیان بەبێ چاوەدێری یا سەرپەرشتی ئەلقاعیدە بەڕێوە دەبەن. ئەم شێوازە هەر لە هی (FARC) دەچێ، بەڵام لەسەر ئاستی جیهانی و لەنێو گروپە هەمەجۆرەکاندا[١].

نکۆڵی لەوە ناکرێ کە سەرکردایەتیکردن، پرسێکی سەرەکییە لە سیاسەتی دژەتیرۆریزمدا. توێژینەوەکەی ئێمە ئەوە نیشان دەدات کە سەرکردایەتیکردن بە شێوەیەکی بەرچاو زۆر ئاڵۆزترە لەوەی لە بنەڕەتدا ئێمە بەگریمانەمانکرد[٢]. لە کاتێکدا ئەزموونی (RIRA) ئەوە دیاریدەکا کە بە ئامانجگرتنی سەرکردەکانی گروپەکە لەوەدەچێ یەکگرتوویی گروپەکە تێکبشکێنێ. حەماس و (FARC) و ئەلقاعیدە لەوەدەچێ سەرکردەی ئاست مامناوەندییان هەبێ بۆ هەڵمژینی ئەو زیانەی لێیان دەکەوێ بە هۆی لەدەستدانی سەرکردەی تەوەرەیی. بۆیە دەگەینە

[١]ـ (MILF) وەك بزووتنەوەیەکی جودا لە بەرەی ئازادیخوازی نیشتمانی لە مۆرۆ ساڵی ١٩٩٧دامەزرا. گروپەکە لەلایەن هاشم سەلامات سەرکردایەتی دەکرا و ئامانجی سیاسی بریتیبوو لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی لەو ناوچانەی موسوڵمانەکان زۆرینەی دانیشتوان پێکدەهێنن لە باشووری فلیپین. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
"Tide of Insurgency in South East Asia," Jane's Terrorism and Security Monitor, May ١, ٢٠٠٠.

[٢]ـ ئەو دوو نموونە زۆرباوەی لە حاڵەتەکاندا ئاماژەیان پێدەکرێ کە چۆن پەراوێزکردنی سەرکردەکان کاریگەری ئازاربەخش بە گروپە تیرۆریستییەکان دەگەیەنێ بریتین لە (ئەبیمایل گوزمان) لە ڕێکخراوی (SL) ی پیرۆ و عەبدوڵلا ئۆجەلان لە پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) لە تورکیا. حاڵەتی دیکە، وەك مردنی سەرکردەکانی حزب الله، کاریگەرییەکی ڕەشبینانەی لەسەر گروپەکە نەبووە. بە گرنگیەوە، لە حاڵەتی هەردوو سەرکردە، گوزمان و ئۆجەلان پێکهاتنی ڕێکخراوەکە بە شێوەیەکی ئەوتۆ نەبوو کە پلانی سەرکەوتووی هەبێ وەك ئەوانی دیکە بەڵکو بە پێچەوانەی ئەوانی دیکە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە فاکتەری زۆر پەیوەندییان بە هەڵوەوەشاندنەوەی (SL) و (PKK) هەبوو، لەوانەش بە ئاسانی لادانی سەرکردەکانیان.

ئەندامی نوێ بخزێنێتە ریزی رێکخراوەکەی بەبێ بوونی پێشینەی کاری توندوتیژی لەو ناوچانەش وەکو: ئارمای باشوور، دیری، و دبلن[1]. لەوە دەچێ ئەو ئەندامە نوێیانە پاڵپشتی کۆمەڵە جودابووەوەکە بکەن[2]. ئەگەر ئەو راپۆرتانە راست بن، ئەوە حاڵەتی (RIRA) نەك هەر ئەو بایەخە ئاشکرا دەکا کە گروپە تیرۆریستییەکان بە ئەندامە نوێکانیان دەدەن بۆ درێژە پێدانی مانەوەیان، بەڵکو ئەو مەترسییەش دەخاتە روو کە پەیوەندی بە یەکنەگرتنی ئەندامەکانەوە هەیە بەو شێوەیەی کە یەکگرتوویی گروپەکە بەهێز دەکەن.

هەروەها حەماسیش کات و داهاتی بەرچاوی بۆ کرداری ئەندامگیری تەرخانکردووە. وەك ئاماژەی پێکرا، سەرەتا شێخ یاسین خەڵکی لە کەمپەکانی پەناهەندە لە کەرتی رۆژئاوا و غەززە دەهێنایە ریزی رێکخراوەکەی، بەڵام ئێستا حەماس لە نێو زانکۆ نێوخۆییەکان و بەندیخانەکان ئەو کارە درێژەپێدەدا[3]. لە راستیدا حەماس پەیوەندی خۆی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵك پتەو کردووە کە ئەندامە نوێکانی تیایاندا بەرجەستە دەبێ، ئەویش بە پشتگیریکردنی دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی وەك دامەزراوە پەروەردەیی و (باخچەی ساوایان تا دەگاتە زانکۆ)، و مەیتەم خانەکان و، بنکە تەندروستییەکان و یانە وەرزشییەکان لە هەرێمە داگیرکراوەکاندا[4]. هەندێك لە راپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە حەماس ٦٠٪ ی داهاتەکەی لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە سەرف

١ـ Boyne (١٩٩٨); Cowan (٢٠٠٢).

٢ـ "Corkman in Charge as Real IRA Threat Remains" (٢٠٠١); Cowan (٢٠٠٢).

٣ـ Abu-Amr (١٩٩٤, pp. ٩٢–٩٤).

٤ـ Hroub (٢٠٠٠, pp. ٣٦–٤١, ٢٣٥–٢٤٢).



دەکات[1]. جگە لە مانە، حەماس بەوە ناسراوە کە ئەندامە نوێکانی بۆ ماوەیەکی درێژ خایەن (چەند مانگێك) تاقیدەکاتەوە کە پێشتر ئەندامەکان فێریان کردوون، ئەم هەوڵەشی بۆ هەڵسەنگاندن و بەهێزکردنی دڵسۆزییانە بۆ گروپەکە[2]. کەواتە حەماسیش وەك (RIRA) کۆکردنەوەی ئەندام وەك پێداویستییەکی رێکخراوەیی گرنگ دەبینێ و داهاتێکی بەرچاو بۆ مانەوەی ئەم خەڵکە تەرخان دەکا.

لە رووی مێژووییەوە، (FARC) ئەندامانی لە نێو جوتیارانی (کامپێسینۆس) کۆدەکردەوە کە ناوچەیەکی دێهاتی باشوری رۆژئاوای کۆلۆمبییە[3]. لە سەرەتای نۆهەتەکاندا (FARC) دەستی بە فراوانکردنی چالاکییەکانی کرد، و رێگەیەکی دیکەی بۆ کۆکردنەوەی ئەندامی نوێ گرتەبەر، کە بریتیبوو لە تاکتیکی ترساندن و ئەندامگیری زۆرەملێ[4]. هەروەها ئەو ستراتیجییەتە وەڵامێکیش بوو بۆ فشار خستنە سەر هێزە خۆپارێزەکانی کۆلۆمبیا (AUC) کە نەك تەنها لەگەڵ (FARC) دەجەنگا، بەڵکو لە بەئەندامکردنی خەڵکیش کێبڕکێی لەگەڵدا دەکرد، ئەمە سەرەڕای کۆکردنەوەی داهاتیش[5]. لە ساڵی ١٩٩٨ ەوە تا ٢٠٠١،

١ـ Johanna McGeary, "Hamas: Popular, Extreme, and an Alternative to Arafat," Time, Vol. ١٥٨, No. ٢٦, December ١٧, ٢٠٠١, p. ٥٤.

٢ـ David Van Biema, "Why the Bombers Keep Coming," Time, Vol. ١٥٨, No. ٢٦, December ١٧, ٢٠٠١, p. ٥٤.

٣ـ Marc Chernick, "Negotiating Peace Amid Multiple Forms of Violence," in Cynthia Arnson, ed., Comparative Peace Processes in Latin America, Washington, D.C.: Woodrow Wilson Center Press, ١٩٩٩, pp. ١٦٤–١٧٢.

٤ـ "Army Reports Heavy Child Involvement in Guerrilla War," El País, December ٢٧, ٢٠٠٠.

٥ـ "Army Reports Heavy Child Involvement in Guerrilla War"(٢٠٠٠); Scott Wilson, "Interview with Carlos Castano, Head of the United Self-Defense Forces of Colombia," Washington Post, March ١٢, ٢٠٠١.

(FARC) و (AUC) لەسەر دەستبەسەرداگرتنی خەڵك و هەرێمەکانی کۆلۆمبیا لە ناوچەکانی بەرهەمهێنانی مادە بێهۆشکەرەکان و بە درێژایی ڕێڕەوەکانی ئاودیوکردنی ئەو مادانە، جەنگیان بەرپاکرد. ئەو جەنگە زۆر دڕاندانە بوو، کاتێك کە سەربازەکانی هەردوو گروپەکە دێهاتەکانیان لە لایەنگران و پشتیوانانی گروپی بەرامبەریان سەردەبڕی. ئەگەر ئەزموونی (FARC) وەك هی گروپی (SL) لە پیرۆ بەدوای ئەم شێوازە بکەوێ، بۆی هەیە ئەم دڕندایەتییە پشتیوانی نێوخۆیی بۆ (FARC) لەو هەرێمانە کە لە ڕابردوودا ئەندامی بۆ دابینکردووە، لاواز و کەم بێتەوە، ئەمەش وای لێ دێ هاوکاری گروپەکە توانای ڕێکخراوەکە لە بەئەندامکردنی خەڵکی دیکە بێ هێز دەبێ[1].

وا پێدەچێ ئەلقاعیدە خەڵك لە کۆمەڵێك ئاستدا بە ئەندام بکا، بۆ نموونە، ڕێکخراوەکە هەڵدەستێ بە کاری ئەندامگیری و مەشقکردنی خەڵکانێك بۆ هێرشێکی تایبەت و دیاریکراو وەك ئەوەی شانەی هامبۆرگ و ڕۆڵیان لە هێرشەکەی ١١ ی سێپتێمبەر. لەم ڕووداوەدا کاری ئەندامگیری شاراوە دەرکەوت کە لەماوەی ساڵێك یا دوان هێنرابوونە ئەفغانستان بۆ چاودێریکردن و مەشقکردنی زیاتر[2]. لە هەندێ بارودۆخی دیکەدا، ئەلقاعیدە پشت بە ئەندامانی گروپە نێوخۆییەکان دەبەستێ کە هەمان ئایدیۆلۆجی و ئامانج کۆیان

[1] ـ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر (SL) ڕێڕەوی درەوشاوە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ جەماوەرە پاڵپشتەکانی لە ساڵانی نەوەتەکان، بڕوانە بەشی چوارەم.

[2] ـ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر شانەی هامبۆرگ، بڕوانە:

“Man Alleged to Aid ٩/١١ Cell Arrested in German Inquiry: Moroccan Man Assisted Hamburg Group, Officials Say,”
Washington Post, October ١١, ٢٠٠٢; “Traces of Terror: Sept. ١١ Attacks Planned in ’٩٩, Germans Learn,” New York Times, August ٣٠, ٢٠٠٢; and “Clerics May Have Stoked Radicals’ Fire: Qaeda Said to Use Some Radical Clerics to Help Its Cause,” Boston Globe, August ٤, ٢٠٠٢.



دەکاتەوە. وەك تەقینەوەکەی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢ لە بالی[1]. بۆیە بۆی هەیە ئەلقاعیدە سەربازی نێوخۆیی بکاتە ئەندام، سەرەڕای ئەوانەی لێهاتوویی دیاریکراو و تایبەتمەندێتییان لە بواری دیاریکراودا بە گوێرەی پلانی هێرشەکان هەیە، وەك (بوونی پاسەپۆرتی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان). ئەو پلان و پێشکەوتووییە لەم خاڵەدا تایبەتە بە ئەلقاعیدە.

بۆیە شیکردنەوەکەی ئێمە ئەوە دیاریدەکات کە هەرچەندە بەئەندامکردنی خەڵك پێداویستییەکی گروپە تیرۆریستییەکانە لە هەموو ئاستەکانی توانا، بەڵام ئەو پێداویستییە بە گوێرەی پێکهاتنی ڕێکخراوەیی گروپەکە و پاڵپشتی جەماوەر دەگۆڕێ.

## پروپاگەندە

پروپاگەندە ـ گەیاندنی چالاکی و بیروبۆچوون و ئامانجەکان بە کۆمەڵگەی دەرەوە ـ دوایین ئامرازە لە پێداویستییە ڕێکخراوەییەکان. پرۆپاگەندە توانای ئەوە بە گروپەکە دەبەخشێ کە ئایدیۆلۆجییەکەی ڕەواج پێبدا، ئەنجامدانەکانیان ڕابگەیەنن، و پەیامەکەیان بە جەماوەری جۆراوجۆر بگەیەنن. لە ڕووی مێژووییەوە گروپە تیرۆریستییەکان سەرنجی سێ لایەنی سەرەکییان ڕاکێشاوە: ئەندامانی خۆیان، پشتیوانانی دەرەوەی گروپ، و دوژمن و تێبینەرانی دیکە[2]. لەم باسەدا لەو هەوڵانە دەکۆڵینەوە کە سەرکردەکانی (RIRA)، حەماس،

[1] –“What If He Isn’t Guilty?” Far Eastern Economic Review, November ٧, ٢٠٠٢; “Weak Link in the Anti-Terror Chain,” Far Eastern Economic Review, October ٢٤, ٢٠٠٢.

[2] - ٤٩Hoffman (١٩٩٨, pp. ١٣١–١٣٦).

(FARC)، و ئەلقاعیدە وەگەڕیانخستووە بۆ بڕواپێهێنـانی پـشتیوانەکانیان کـە ئەو گروپانە بەڕاستی کارێك ئەنجام دەدەن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان.

هەردوو گروپی (RIRA) و حەماس لە ڕابردوودا بانگەشـەیان بـۆ هێرشـەکانیان کردووە چـی بـە ئەنجامـدانی بانگـەواز بـۆ میـدیاکانی دەرەوە یـان لـە ڕێگـەی دابەشکردنی بڵاوکراوە[1]. هەروەها حەماس وێبـسایتی خـۆی بـەکاردەهێنێ بـۆ پروپاگەنـدەکردن بـۆ کردارەکـانی شـەهیدبوون و نیـشاندانی کـردارە سـەرکوتکارییەکانی ئیـسرائیلی[2]. سـتراتیژیەتی حـەماس دوو لایـەنی هەیـە: بەکارهێنانی تیرۆر بۆ شڵەژاندنی حکومەتی ئیسرائیلی، هەروەها بۆ ململانێـی دەسـەڵاتدارانی فەلەسـتینی. بـە هـەمان شـێوە، (RIRA) ڕووبـەڕووی ڕۆڵـی دەسەڵاتدارانی بەریتانی دەبێتەوە (بەشێوەیەکی سەرەکی هێزی پۆلیـسی ڕۆیـالی یۆلیستر) لە ئێرلەندای باکوور. لە هەمان کاتـدا، ڕێکخراوەکـە ململانـێ گروپـە کۆمارییە ئاشتیخوازەکان دەکا وەك (SDLP) و گروپی Sinn Fein.

بە پێـچەوانەی (RIRA) و حـەماس، سـەرکردەکانی (FARC) بـە شـێوەیەکی چەسپاو لە هێرشەکانیاندا متمانە بە میدیا نێوخۆییەکان ناکەن. بەڵکو نزیکـەی

[1] ـ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر (RIRA)، بڕوانە
“The Real IRA Split as Warning Is Given,” Guardian Unlimited,October ٢٢, ٢٠٠٢, and for Hamas see Mishal and Sela (٢٠٠٠, pp. ٧٥–٧٧).

[2] ـ دەتوانرێ سایتی حەماس لە www.palestine-info.net دەستبکەوێ. هەروەها هەندێ ڕاپۆرەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە گروپی تیرۆریستی وا هەیە ئەنتەرنێت بۆ مەبەستی فەرماندان و کۆنترۆڵکردن بەکاردەهێنن. بۆ نموونە، ئەلقاعیدە، گومان دەبرێ کە ژووری قسەکردن (چات رووم) بۆ ڕەتکردنی ڕێنمایی و زانیاری دیکە بۆ ئەندامان و لە نێوان ئەندامان بەکاربهێنێ. بۆ دەستکەوتنی زانیاری لەم بارەیەوە بڕوانە:
Paul Eedle, “Al-Qaeda Takes Fight for ‘Hearts and Minds’ to the Web,” Jane’s Intelligence Review,August ١, ٢٠٠٢, and Jack Kelley, “Militants Wire Web with Links to Jihad Islamic Groups,” Newsfactor.com, July ١٠, ٢٠٠٢.



١٤ ئێزگەی پەخشی ڕادیۆیی خۆی هەیـە کـە بـە (تـۆڕی ڕادیـۆی بۆلیڤـاری ) ناسـراون. ئـەم دەزگایانـە یارمـەتی گروپەکـە دەدەن بـۆ پەیوەنـدیکردن لەگـەڵ ئەندامانیان لە ناوچەیەکی فراوانی ژێر کـۆنترۆڵی خۆیـان. یـەکێك لـەو ئێزگانـە "دەنگـی بـەرگری"، پروپاگەنـدەکانی (FARC)، پـەیامی بـە ئەنـدامکردن و، میوزیکی نێوخۆیی میللی، پـەخش دەکـەن[1]. هەرچـەندە ئـەم شـێوازە تۆزێـك لەوەی (RIRA) یا حەماس، جیاوازە، بەڵام لەگـەڵ سـتراتیژیەتی یاخیبووانـەی (FARC) هاوکۆکـە. لـەوەش زیـاتر، دەسـەڵاتدارانی کۆڵـۆمبی زۆربـەی کـارە توندوتیژییەکان لە وڵاتدا بۆ (FARC) دەگەڕێننەوە، بۆیە ڕێکخراوەکە پێویستی بەوە نییە هەوڵی زۆر تەرخانبکا بۆ ڕاکێشانی سەرنجی گشتی لە چالاکییەکانی.

ئەلقاعیدەش هەروەك و (FARC)، لـە ڕابـردوو بانگەشـەی بـۆ پـەلامارەکانی نەدەکرد، تەنها لە حاڵەتەکـەی تەقاندنـەوەی باڵیۆزخانـەی ئەمـەریکا، کەشـتی جەنگی، یا هێرشەکەی ١١ ی سـێپتێمبەر. هەرچـۆنێ بـێ، بـەم دوایـە هەنـدێ کاسێت کەوتە دەست میـدیاکانی عـەرەبی نیـشانی ئـەوە دەدا کـە ئەنـدامانی ئەلقاعیدە پەیامی شەهیدبوونی خۆیان ڕادەگەیەنن[2]. ئـەم کاسـێتە ڤیدیۆییانـە ڕێگە بە ئەلقاعیدە دەدات کە بەورەیی ئەندامەکانی بـە جیهـانی موسـوڵمانان و دوژمنەکانی ڕابگەیەنێ. بە هەمان شێوە، سەرکردەکانی ئەلقاعیـدە، پـەیامیان بۆ میدیاکان ڕەوانەکردووە، وەك کەناڵی جـەزیرە و مـەنار، کـە ئامـاژە بـە دوا

[1] ـ Juan Tamayo, “Colombia’s FARC Has a CD, Too,” Miami Herald, August ١٣, ٢٠٠١.

[2] ـ Kevin Johnson and Toni Locy, “Men on Tapes Seem Ready to Die for Al-Qaeda,” USA Today, January ١٨, ٢٠٠٢; Eedle (٢٠٠٢).

هێرشەکانیان و هاندانی جەماوەرەکانیان لە بەردەوامبوون و پشتگرتنیان دەکەن[١].

## تێبینی لەسەر ئامرازە ڕێکخراوەییەکان

دوو تێبینی گشتی لە وتووێژەکەی سەرەوە فێردەبین: یەکەم، پێداویستی گروپە تیرۆریستییەکان بۆ ئایدیۆلیجیا و پروپاگەندە لە نێو ڕێکخراوەکاندا هەرچەندە لە ئاستی تواناادا جیاوازبن بە هاوشێوەیی دەمێنێتەوە. دووەمیش، سەرکردایەتیکردن و بەئەندامکردن بە جیاوازیی پێکهاتەی ڕێکخراوەکان و دینامیکییەتی نێوان تیرۆریستان و جەماوەرە پاڵپشتیکارەکانیان، زۆر هەستیارن. سەرکردایەتیکردن یەکێکە لەو پێداویستییە ڕێکخراوەییانەی بۆی هەیە زۆر هەستیار بێ بە چالاکی ڕاستەوخۆی دژە تیرۆر. بەڵام وا پێدەچێ ئەمە بۆ ئەو گروپانە ڕاست بێ کە سەرکردەی ئاست مامناوەندییان نییە. بە هەمان شێوە توێژینەوەکەمان پێشنیاری ئەوە دەکا کە ئەگەر هەوڵەکانی دژە تیرۆر لە بەئەندامکردن چڕبکرێتەوە، بۆی هەیە کاریگەری بەرچاوی لەسەر ڕێکخراوە گەورە و پەرتەوازەکان هەبێ، بە تایبەتی لە ئاستی ئامانجی درێژخایەن[٢].

١ـ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کەناڵی ئەلجەزیرە و میدیاکانی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بڕوانە:

Mohammed el-Nawawy and Adel Iskandar, Al-Jazeera: How the Free Arab News NetworkScooped the World and Changed the Middle East, Cambridge, Mass.: Westview Press, ٢٠٠٢, and Dale F. Eickelman and Jon W. Anderson, eds., New Media in the MuslimWorld, Bloomington, Ind.: Indiana University Press, ١٩٩٩.

٢ـ ئەم شیکردنەوەیە تەنها لەو چوار گروپە تیرۆریستییە دەکۆڵێتەوە، چونکە ئەو گروپانە هێز و، پێکهاتەی ڕێکخراوەیی و، ئایدیۆلۆجیا و، ژینگەی کارکردنی جیاواز تیایاندا ڕەنگدەداتەوە. ئێمە دەڵێین کە هەر پێکچونێك لە نێوانیاندا بەدیبکرێ شتێکی گرنگە. بە



لە ڕاستیدا، دینامیکیەتی ڕێکخراوەیی و کۆمەڵە پاڵپشتیکارەکان پێدەچێ بابەتی گرنگ بن بۆ هەر چوار ئامرازەکەی کە وتوێژمان لەسەر کرد. جگە لەوەش، تێگەیشتن لەو بابەتانە دەتوانێ ڕێگای بیرکردنەوەی داهاتوو دەربارەی سیاسەتی دژە تیرۆر بنیات بنێ. ئەم باسەمان بە شێوەیەکی دیاریکراو ئەنجامی بۆ دەرفەتە شاراوەکانی سیاسەتی دژەتیرۆر بەدەستەوەدا کە هەوڵ دەدا شەرعییەتی ئایدیۆلۆجییەکان لابدا و، سەرکردەکان دووربخاتەوە، و کرداری بەئەندامکردنی خەڵك بەکۆتا بهێنێ و، گەیشتنی تیرۆریستان بە جەماوەرەکانیان کەمبکاتەوە. گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە، هەرچەندە پشتبەستنی تیرۆریستان بە سەرکردایەتیکردن و کۆکردنەوەی خەڵك لە ڕیزەکانیان زۆرترین جیاوازی نیشان دەدا، هەروەها بۆشیان هەیە بن بە کاری زۆر مەترسیداری چالاکییەکانی دژە تیرۆر.

هەرحاڵ، ئاشکرایە کە لێکۆڵینەوەی زیاتر دەتوانێ ئەو دۆزینەوە سەرەتاییانە یا پشت بگرێ یا ڕەتی بکاتەوە. بە تایبەتی ئەو دڵنیابوونەی کە هەوڵەکانی دژە تیرۆر جەخت لە کۆکردنەوەی ئەندام دەکاتەوە، بۆی هەیە کە کاریگەری زۆری هەبێ لەسەر گروپە فراوان و پەرتوبڵاوەکان لە ئاستی ئامانجە درێژ خایەنەکاندا.

## ئامرازە کردارییەکان

دەستپێکردنی ئەم باسەمان بەو گریمانەیە دەبێ کە وەها لە گروپە تیرۆریستییەکان دەڕوانێ، نۆ ئامرازی کردارییان پێویستبێ بۆ ئەنجامدانی زنجیرە هێرشی سەرکەوتووانە، ئەوانیش بریتین لە: فەرماندان و کۆنترۆڵکردن، چەك، بۆشایی سیاسی، ئاسایشی کرداری، مەشقکردن، هەواڵگری، و داهات (پارە). وەك باسەکەی پێشوو، پێشبینی ئەوە دەکەین کە گروپەکانی (RIRA)، حەماس، (FARC)، و ئەلقاعیدە لەم پێداویستییانەیاندا شێوازێکی هاوکۆك دەگرنەبەر. جگەلەوەش پێشبینی دەکەین کە ئەم ئامرازانە توانای گروپەکان لە ئەنجامدانی پەلامارەکانیان بەهێز بکا کە دەبێتە مایەی مانەوەیان لە چوارچێوەی گروپێکی یەکگرتوودا.

## فەرماندان و کۆنترۆڵکردن

لەم ڕاپۆرتەدا، فەرماندان کۆنترۆڵکردن، بریتییە لەو میکانیزمەی کە گروپە تیرۆریستییەکان بەکاری دەهێنن بۆ پلاندانان و، ڕێکخستن و، ئەنجامدانی هێرشەکانیان. جێی ئاماژەیە، سەرکردە تیرۆریستییەکان زۆرجار هەوڵدەدەن رادەیەکی زیاد لە پێویست، تۆڕی فەرماندان و کۆنترۆڵکردن بۆ ڕێکخستنی چالاکییەکان پێکبهێنن. هەرچەندەش ئەم زیادەیە مەترسی دزەکردن و هاتنە نێوی هەواڵدەرانی دوژمن زیاد دەکات[1]. بۆیە، پێشبینی دەکەین کە هەر چوار

١- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

G. H. McCormick and G. Gown, "Security and Coordination in Clandestine Organization," Mathematical and Computer Modelling, No. ٣١, ٢٠٠٠, pp. ١٧٥–١٩٢, as well as J. Bowyer Bell, "Revolutionary Dynamics: The Inherent



گروپە تیرۆریستییەکە، هەوڵدەدەن بۆ بەهێزکردنی تۆڕی فەرماندان و کۆنترۆڵکردن بۆ چالاکییەکانیان سەرەڕای پاراستنی تۆڕەکان لە دزەکردن.

بە هۆی ئەوەی (RIRA) گروپێکی بچووکە و ئەندامانی لە ناوچەیەکی بەرتەسکدا چڕبوونەتەوە، فەرماندان و کۆنترۆڵکردن لە هێرشەکاندا تارادەیەك سنووردارە. بەڵام، سەرەڕای ئەم سوودە ڕادەییەی بچووکی گرووپەکە، (RIRA) هێشتا هەندێ کێشەی لەو بوارەدا ڕووبەڕوودەبێتەوە. بۆ نموونە، لە سێپتێمبەری ٢٠٠٢، دەسەڵاتدارانی بەریتانی دوو تیرۆریستی (RIRA) دەستگیرکرد کە هەوڵی چاندنی بۆمبیان لە (نیوری) دەدا، بەمەش ژمارەی سەرجەم بەندییەکانی گروپەکە بوو بە ٤٦ گیراو[1]. بۆیە وایپێدەچێ دەسەڵاتدارانی بەریتانی بەردەوامبن لە بەکارهێنانی دزەکاران و هەواڵدەران بە شێوەیەکی کاریگەر بۆ دەستگیرکردنی ئەندامانی (RIRA) و تێکدانی تۆڕی فەرماندان و کۆنترۆڵکردن. لەمەشەوە، زنجیرە چالاکییەکانی گروپەکە دەپچڕێنن.

بە هەمان شێوە پێداویستی فەرماندان و کۆنترۆڵکردنی حەماس لە سەرەتای نۆهەتەکاندا کز بوو: گروپەکە پشتی بە بڵاوکراوە و پەیامنێرەکان بۆ ڕێکخستنی چالاکییەکانیان، دەبەست[2]. بەهەرحاڵ، ڕاپۆرتەکان ئەوە دەردەخەن کە حەماس لە ماوەی بەڕێوەچوونی ڕاپەڕینی قودسدا، چاکسازی لە تۆڕی فەرماندان و کۆنترۆڵکردنی خۆیدا کردووە بە شێوەیەك کە هاوهێز بێ لەگەڵ فراوانبوونی کاریگەرییەکەی و چالاکییە دژەتیرۆرییەکانی ئیسرائیلی. ئێستا حەماس فەرماندانی کرداریی لە کەرتی ڕۆژئاوا و غەززە گرتووەتە بەر لەگەڵ دانانی (تیمی جێگرەوە) بۆ کردەکانی داهاتوو، لە بارودۆخێکدا ئەگەر ئەندامەکان لەلایەن

Inefficiency of the Underground," Terrorism and Political Violence, Vol. ٢, No. ٤, ١٩٩٠, pp. ١٩٣–٢١١.

١- Cowan (٢٠٠٢).

٢- Some of these leaflets can be read in English in Shaul Mishal, Speaking Stones, Syracuse, N.Y.: Syracuse University Press, ١٩٩٤.

هێزەکانی ئاسایشی ئیسرائیلییەوە تیرۆرکران یا دەستگیرکران[١]. ئەم پێکهاتنە ڕێگا بە حەماس دەدات پارێزگاری لە فەرماندانی زارەکی و تۆڕی دەستبەسەرداگرتن بکا بۆ کەمکردنەوەی مەترسی دژە تیرۆری ئیسرائیلی کە مەبەستی پچڕاندنی زنجیرە هێرشەکانی ئەنجامی دەدات.

تۆڕی فەرماندان و کۆنترۆڵکردنی (FARC) پێکهاتووە لە پلەی کۆمەڵێ سەرکردەی ئاست مامناوەند کە ماوەماوە بۆ داڕشتنی ڕێنمایی ستراتیژی بنەڕەتی بەیەك دەگەن، تیایدا سەرکردەکان ڕێگەیان پێدراوە بڕیار بدەن بە شێوەیەك تەواوی ئامانجەکانیان بەدەستبهێنن[٢]. کارەکانی ئەم تۆڕە بەهۆی ئێزگەکانی پەخشی ڕادیۆیی ئاسانتر بوونەتەوە. لە ساڵانی ١٩٩٨ تا ٢٠٠٢ (FARC) لە باشووری ڕۆژئاوای کۆلۆمبیا لە ناوچەیەکی داماڵراوی چەك کارەکانی بەڕێوە دەبرد. ئەو ناوچەیە یارمەتی ئەندامانی (FARC) یدا کە چالاکییەکانیان تا ڕادەیەك بە کراوەیی ڕێکبخەن، بە بێ بایەخدان بە گرتنی ئاشکرا یا تەگەرە نانەوە لەلایەن دوژمنەوە. بەهەرحاڵ، تۆڕی (FARC) چەند مەترسییەکی هەیە و، لێکترازان لە نێوان سەرکردە باڵاکان و فەرماندە مامناوەندەکان بەدیار کەوتووە. بۆ نموونە، لە شوباتی ٢٠٠٢ دا، ئەندامانی (FARC) نۆ ڕێبواریان لە پارکی (پیوراسی نیشتمانی) ڕفاند و کوشت، وەك گوترا کارەکە بەبێ زانیاری پێشینە و ڕەزامەندی سەرکردە سیاسییەکانی گروپەکە بوو[٣]. دەرەنجامی ئەوەش ئاژاوەی لەنێو (FARC) دا نایەوە و

١- McGeary (٢٠٠١, p. ٥٢).

٢- In August ٢٠٠٠, Semana, a news journal in Colombia, published the agenda of such an annual meeting. For more information, see "Los Planes de las Farc" (٢٠٠٠, p. ٣٥).

٣- U.S. Department of State, Bureau of Democracy, Human Rights, and Labor, "Country Reports Human Rights Practices: ٢٠٠١," March ٤, ٢٠٠٢.



کاردانەوەیەکی توندی لە لایەن پشتیوانە کۆنەکانیانەوە نیشاندا کە ڕووداوەکە زۆر تووڕەی کردن[١].

هەروەها ئەلقاعیدەش سیستەمی لامەرکەزی فەرماندان و کۆنترۆڵکردنی پەرە پێداوە، بەڵام بە شێوەیەکی فراوانتر و لەسەر ئاستی جیهانی. وەك پێدەچێ، ئەلقاعیدەش هەروەکو (FARC) ئۆتۆنۆمییەکی گەورەی بەتاکە نێوخۆییەکانی گروپەکە دابێ. ئەم گروپە هاوپەیوەندانە، وەك گروپی (MILF) لە فلیپین یا جەماعەتی ئیسلامی لە ئەندەنوسیا، کۆمەڵێك کرداری تیرۆرستی بەڕێوە دەبەن بەبێ ڕێنمایی دیاریکراو لە ئەلقاعیدەوە. کاتێك کە ئەندامانی ئەلقاعیدە (کۆمەڵە چالاکەکان) بڕیاری ئەنجامدانی هێرشێکی دیاریکراو دەدەن، شانەکانیان لە سەرانسەری جیهاندا هەن، وەك لە سوودان، تورکیا، ئیسپانیا، ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئەڵمانیا، یەمەن و شوێنەکانی دیکە، متمانە دەکەنە سەر سەرکردەکانی ئەو گروپە هاوپەیوەندانە بۆ یارمەتی و ڕێکخستنی چالاکییەکانیان[٢]. لە ڕابردوودا، شانە پلاندانەرەکانی ئەلقاعیدە گەشتیان لە نێوان شوێنە ئارامەکان ئەنجام دەدا، وەك ئەفغانستان یا مالیزیا بۆ کۆبوونەوەی باڵاتری ڕێکخستن[٣]. بەڵام لە ئەنجامی لەدەستدانی پەناگەکەیان لە ئەفغانستان، لەوەدەچێ ئەلقاعیدە بۆ بەهێزکردنی تۆڕی فەرماندان و کۆنترۆڵکردن، ئەوەندە متمانە بەو کۆبوونەوە میکانیکییانە نەکا. ڕاپۆرتەکانی لێپرسراوە ئەمەریکییەکان ئەوە دیار دەکەن کە ئەندامانی ئەلقاعیدە ئەنتەرنێتیان بۆ ئاسانکردنی تۆڕی فەرماندان و کۆنترۆڵکردنی جیهانی بەکارهێناوە[٤].

١- U.S. Department of State (٢٠٠٢).

٢ - بۆ نموونەی زیاتر بڕوانە:

Anonymous (٢٠٠٢, pp. ١٣٤–١٣٧, ١٨٠–١٨٢, ٢٣٦–٢٤٠).

٣- Gunaratna (٢٠٠٢, p. ٩٥).

٤- "Al-Qaeda May Use Internet to Regroup," BBC News, March ٦, ٢٠٠٢.

لەو شیکردنەوەیەی سەرەوەدا، بەو ئەنجامە دەگەین کە فەرماندان و کۆنترۆڵکردن سەرەڕای جیاوازی پلەی تواناکانیان، لەنێو گروپە تیرۆریستییەکاندا، تارادەیەك پێداویستییەکی هاوشێوە و چەسپاوە. هەرچەندە هەوڵەکانی (FARC) و ئەلقاعیدە، بۆ هێشتنەوە و پارێزگاریکردن لە تۆڕەکانیان لە ئاستێکی فراوانتردایە، بەڵام جیاوازیەکی ئەوتۆ لە نێوان گروپەکاندا بەدیناکرێ: نێردراو و بڵاونامە و پەیوەندی ڕادیۆیی و ئەنتەرنێت، نموونەن بۆ دروستکردنی تۆڕی فەرماندن و کۆنترۆڵکردنی فراون و بەربڵاو بۆ کردارە تیرۆریستییەکان.

## چەک

لەساڵی ١٩٦٨ەوە، تیرۆریستان لە بوارێکی فراواندا چەکیان بەکارهێناوە، هەر لە چەقۆ و تفەنگی هێرشبردن تا دەگاتە ژەهری کیمیاوی. بەڵام سەرەڕای ئەو جیاوازییە، مادە تەقێنەرەوەکان تا ئێستا وەك باوترین چەکی دەستی گروپە تیرۆیستان ماونەتەوە. لە ئەپریلی ٢٠٠١ تا هەمان مانگی ٢٠٠٢، نزیکەی ٦٠٪ ی پەلامارە تیرۆریستییە جیهانییەکان بەکارهێنانی ئەو جۆرە چەکە یان ئامێرە تەقێنەرەوەکانی دیکەیان لەخۆ گرتووە[1]. چەك نوێنەرایەتی پێداویستییەکی کرداری لۆجیکی دەکات، و وای دەبینین کە هەر چوار گروپەکە لەم لێکۆڵینەوەیەدا داهاتی بەرچاو خەرج بکەن بۆ دەستکەوتنی جبەخانەی چەك بۆ ئەنجامدانی هێرشەکانیان.

هەردوو گروپی (RIRA) و حەماس چەکی تارادەیەك پێشکەوتوو بەکاردەهێنن و، بە هەمان شێوە پشت بە چەکی یەدەگ و سەرچاوەی نێوخۆیی دەبەستن، بۆ

١ـ ئەو ژمارەیە (کە پێکدێت لە ٩٥٨ تەقینەوە و ٧٤ تەقینەوەی خۆکوژی لە کۆی ١,٦٣٧ هێرشی تیرۆرستی) لە ئامارەکانی ڕووداوە تیرۆریستییەکانی (MIPT) سەر بەدەزگای ڕاند وەرگیراوە، دەتوانی لە وێبسایتی (http://db.mipt.og.) ئەو زانیاریانە بخوێنیتەوە.



نمونە: مایکل ماکیڤیت، دامەزرێنەری (RIRA) بەرپرس بوو لە پارێزگاریکردن لە یەدەگی هەڵگیراوی گروپەکە، بۆیە ئەندامانی بە ئاسانی ئامێرەکانی تەقاندنەوە و تفەنگی هێرشبردنیان بۆ دابیندەکرا[1]. بە هەمان شێوە حەماس و گروپە تیرۆریستییە فەلەستینییەکانی دیکە لە ڕێگەی چالاکی بازاڕی ڕەشەوە چەك بەدەست دەهێنن، ئەوانیش بریتین لە هاوڵاتیانی ئیسرائیلی کە چەك ئاودیو دەکەن (بە قاچاخ دەبەن) و هەروەها گوماندەبرێ لە هێزەکانی فەلەستینیشەوە ئەو چەکانەیان بۆ دابین بکرێ[2]. وتمان ڕاپۆرتەکان ئەوە دەسەلمێنن کە سەرچاوە دابینکەرەکانی چەك لە ئیسرائیل و هەرێمە داگیرکراوەکان بەس نین بۆ پێداویستی چالاکی تیرۆریستی گروپەکانی هەرێمەکە. لە ڕاستیدا لە هێرشەکانی (پایزی ٢٠٠٢) دا، فەلەستینییەکان ویستییان تەقێنەرەوەی داهێنراو بەکاربهێنن، لەوەدەچێ کە حزب الله هەوڵبدا لە جبەخانەکەی خۆی چەك بۆ گروپە تیرۆریستییەکانی فەلەستینی دابین بکا[3].

(FARC) بە پێچەوانەوەی حەماس و (RIRA)، لەڕووی مێژوویییەوە ئامێری داهێنراوی لە هێرشەکانیدا بەکارهێناوە، کە بریتیی بووە لە قووتوی گازی پڕ لە مادەی تەقێنەرەوە[4]. هەروەها (FARC) تۆڕی ئاودیوکردنی تفەنگی هێرشبردنی هەیە کە بە شێوەیەکی نایاسایی لە ئەفریقیای ناوەڕاست و باشوور پێیدەگات. لە دواییدا، بە گوێرەی ڕاپۆرتەکان هەوڵی داوە مووشەکی دژە

١ـ Boyne (١٩٩٨); Dingley (٢٠٠١, p. ٤٧٦).

٢ـ Michael R. Gordon, “U.S. Is Given Papers That Israelis Assert Tie Arafat to Terror,” New York Times, April ١١, ٢٠٠٢, p. A١; “The Old West Comes to Israel,” Asia Times, November ١٦, ٢٠٠٢.

٣ـ McGeary (٢٠٠١, p. ٥٢).

٤ـ Jared Kotler, “Guerrillas to Study Curbing the Use of Homemade Missiles,” Associated
Press, February ١٣, ٢٠٠١.

ئاسمانی بەدەستبێنێ[1]. ئەگەر ئەوە ڕاست بێ، ئەوا ئەو چەکانە یارمەتی (FARC) دەدەن لە هێرشەکانیاندا بۆ سەر ساربازانی کۆلۆمبیا، بە تایبەتی لە دژی هەلیکۆپتەرەکانی دژی مادە بێهۆشکەرەکان. بەڵام تا کاتی ئامادەکردنی ئەو ڕاپۆرتە، (FARC) نەیتوانیوە ئەو جۆرە چەکانە لەدژی دوژمنەکانی بەکاربهێنێ.

سەربارەت بە ئەلقاعیدە، تا ئێستا بوارێکی فراوانی لە جۆرەکانی چەك بۆ ئەنجامدانی هێرشەکانی بەرکاهێناوە، وەك بۆمب و خۆکوژان لە هێرشە دەریایی و فڕۆکە گەشتیاریەکان. ئەلقاعیدە توانیویەتی ئەو جۆراوجۆرییە بهێڵێتەوە، بەشێکی ئەو هەمەجۆرییەش بۆ فەراهەمبوونی هۆکارە مەشقییەکانی ئەفغانستان دەگەڕێتەوە. هەروەها بۆی هەیە پەیوەندی بە گروپە جیاوازەکانی بازاڕی ڕەشی چەك لە کشمیر، ناوەڕاستی ئاسیا، و باشووری ئاسیا، ڕێگەی پێبدا چەك بۆ گروپە هاوپەیوەندەکانی دابین بکات. بۆیە، وا پێدەچێ کە چەك بۆ ئەلقاعیدە پێداویستییەکی کرداری گرنگ بێ.

ئەستەمە بەبێ گفتوگۆکردن دەربارەی چەکی کیمیای، بایۆلۆژی، رادیۆلۆجی، یا ناوەکی، لێکۆڵنەوە لە چەك بکرێت. هەندێ گروپی تیرۆریستی بەدوای ئەوەوە بوون (چەند حالەتێك لەبەر دەستدایە) کە چەکی بایۆلۆژی و کیمیای بەکاربێنن، بۆ نمونە: لە ساڵی ١٩٨٤ گروپی ئایینی ڕاجنیشی، لە هەولێکیدا بۆ قەدەغەکردنی گروپە بەرامبەرەکانی لە دەنگدان بۆ هەڵبژاردنە نێوخۆییەکاندا، بە بەکتریای (سالمۆنیلا تایفیمێریەم) زەلاتەی بارەکانی لە (ئۆریگان) دا ژەهراوی کرد[2]. بەهەمان شێوە ئەندامانی موجاهیدانی بێلایەنی جەزائیری کە بۆی هەیە هاوپەیمانی ئەلقاعیدە بن، هەڵسان بە دروستکردنی ژەهری (بایۆتەکسین راسین) ی

١ـ "Los Misiles de las Farc," Semana, September ٦, ١٩٩٩, pp. ٢٠–٢٤.

٢ـ Jessica Stern, The Ultimate Terrorists, Cambridge, Mass.: Harvard University Press, ١٩٩٩, p. ٦٧.



چالاك لە بەریتانیا لە خانوێکی ئارام لە ساڵی ٢٠٠٣ دا[1] و، بە شاراوەیی پلانیان دانابوو بۆ بەرکاهێنانی لە هێرشێکدا لە بەریتانیا ئەنجامی بدەن. (LTTE) کلۆرینی دزراوی کارگەیەکی دەرپەڕاندنی دووکەڵ، لە دژی هێزە چەکدارەکانی سریلانکا لە ساڵی ١٩٩٠ بەکار هێنا[2]. هەروەها ڕێکخراوی ئۆمی شیرینکیۆ وەك دەگوترێ ملیۆنەها دۆلاری خەرج کرد بۆ دەستکەوتنی چەکی کیمیایی و بایۆلۆجی، لە کۆتاییەکەیدا لە ساڵی ١٩٩٥ گازی دەماری لە تونێلی تۆکیۆ بەکارهێنا[3]. بە شێوەیەکی دیاریکراوتر، بەکارهێنانی قوتووی گازی پڕ لە تەقەمەنی و ساچمەی پیسبوو بە پاشەڕۆ، لە لایەن (FARC) ەوە دەکرێ بە هێرشی ئاست نزمی مادەی کیمیایی دابنرێ، هەروەها ئەلقاعیدەش ئەزموونی لەگەڵ مادەی کیمیایی لە هێرشەکانیدا هەیە[4].

بەکورتی، کاتێك کە چەك پێداویستییەکی لۆجیکی و ڕاستەوخۆ پێکدەهێنێ، گەیشتن بە سەرچاوەکانی دەرەوەی چەك و تەقەمەنی پێدەچێ پێداویستییەکی گرنگ بێ بۆ گروپە تیرۆریستییانەی لە ئاستێکی توانای بەرزدا کاردەکەن. بە هەمان شێوە، چەکی نوێ، پلەیەکی دیکەی ئاڵۆز دەخاتە سەر ئەم پێداویستییە. لە ڕاستیدا وا پێدەچێ کاتێك کە گروپەکان چالاکییان فراوان دەکەن، متمانەی

١ـ Nick Hopkins and Tania Branigan, "Poison Find Sparks Terror Alert," Guardian Unlimited, January ٨, ٢٠٠٣.

٢- Bruce Hoffman, "The Debate Over Future Terrorist Use of Chemical, Biological, Radiological, and Nuclear Weapons," in Brad Roberts, ed., Hype or Reality? The "NewTerrorism" and Mass Casualty Attacks, Alexandria, Va.: Chemical and Biological Arms Control Institute, ٢٠٠٠, pp. ٢١٥–٢١٨.

٣ـ Stern (١٩٩٩, pp. ٦٠–٦٨); Richard Falkenrath et al., America's Achilles' Heel: Nuclear,Biological, and Chemical Terrorism and Covert Attack, Cambridge, Mass.: MIT Press, ١٩٩٨, pp. ١٩–٢٦.

٤ ـ کاسێتەکان زانیاری نوێ لەسەر تۆڕەکەی بن لادن دەردەخەن: CNN.com, August ١٩, ٢٠٠٢.

دابینکردنی چەك دەبێتە پێداویستییەکی زۆر گرنگی کرداری لەچاو بەئاسانی گەیشتن بە جبەخانەی گەورەی چەك و تەقەمەنی. ئەم چەکانە تەنها گروپی دیاریکراو ئارەزووی بەدەستهێنانی دەکەن، وەك ڕێکخراوی ئۆمی شیرینکیۆ، کە گرنگی بە مادەکانی (CBRN ـ کیمیای، بایۆلۆجی، رادیۆیی، ناوەکی) دەدات، یان سوودمەندن بۆ ئەو گروپانەی کە پێشتر سەرچاوەی متمانە پێکراوی چەکی تەقلیدیان هەیە، وەك ئەلقاعیدە، بۆی هەیە بڕوای وابێ کە چەکی (CBRN) بەهایەکی ڕاستەقینەی هەیە و لەوەشەوە هەوڵی دەستکەوتنی ئەو چەکانە بدات[1].

## بۆشایی کرداری

سەرباری تۆڕی فەرماندان و کۆنترۆڵکردن و چەك، گروپی تیرۆریستی پێویستییان بە کات و شوێنیش هەیە بۆ نەخشە کێشان و مەشقکردن وئەنجامدانی پەلامارەکانیان. ئێمە وا پێشبینی دەکەین کە ئەم بۆشاییە کردارییە لە شارەکانی هاوسێوە بۆ پەناگەی وڵاتانەوە درێژبێتەوە، ئەو چوار گروپەی لێرە گفتوگۆیان لەسەر کراوە هەموویان پشت بە پشتگیری ئاشکرا و نهێنی کۆمەڵە نێوخۆیی و نەتەوەیی و جیهانییەکان دەبەستن.

(RIRA) لە ژینگەیەکی تاڕادەیەك سنووردار و ئاوەدانی ئێرلەندای باکوور کار دەکات و بوونێکی دیاریکراوی لە شارەکانی دەرەوەی ئێرلەندای باکووری وەك دبلن هەیە[2]. لە ئەنجامی ئەو ژینگە بەرتەسکەدا، ئەندامانی (RIRA) پشت بە

[1]- "Osama Bin Laden v. the U.S.: Edicts and Statements," Frontline [PBS Online], ٢٠٠١, http://www.pbs.org/wgbh/pages/frontline/shows/binladen/who/edicts.html.

[2]- Boyne (١٩٩٨); Cowan (٢٠٠٢).



یارمەتی ئاشکرا و نهێنی لە دانیشتوانی نێوخۆیی دەبەستن بۆ شاردنەوەیان لەدەستی پۆلیس و دەسەڵاتدارانی سەربازی. بە هەمان شێوە، بە درێژایی نۆهەتەکان، حەماس ئەو جۆرە پاڵپشتییەی لەلایەن دانیشتوانی کەرتی ڕۆژئاوا و غەززە بۆ دابینکرابوو بۆ حەشاردانی ئەندامەکانی لەترسی هێزەکانی ئاسایشی ئیسرائیلی و فەلەستینی[1]. کەواتە ئەو بۆشاییە کردارییە ـ کە لەلایەن دانیشتوانی پاڵپشتی نێوخۆییەوە دابیندەکرێ ـ ڕێگە بە حەماس و (RIRA) دەدا بۆ ئەوەی پلان دابنێن و مەشق بکەن و کردە تیرۆریستییەکانیان بەڕێوە ببەن.

بە پێچەوانەی دوانەکەی پێشوو، (FARC) و ئەلقاعیدە، ڕادەیەکی فراوانی کۆنترۆڵی ناوچەییان لەبەر دەستدایە، (FARC) کۆنترۆڵی ناوچەیەك دەکا لەباشووری کۆلۆمبیا قەبارەکەی نزیکەی قەبارەی سویسرا دەبێ، و ئەلقاعیدەش وەك ئاشکرایە پارێزگاری لە ناوچەی نێوان سنووری ئەفغانستان و پاکستان کردووە[2]. ئەو پەناگەیە، ئاشکرایە کە هەموو پێداویستییەکی گروپە تیرۆریستییەکان نییە، بەڵام هەلومەرجی فراوان بۆ گروپەکان دەڕخسێنێ بۆ فراوانکردنی کردەکانیان وەك پلاندانان بۆ هێرشی زۆر پێشکەوتوو، و خەزنکردنی تەقەمەنی و چەك، و پاراستنی سەرکردەکانیان. لە ڕاستیدا (FARC) لە نێوان ساڵانی ١٩٩٨ تا ٢٠٠٢ توانی دەستبەسەر ناوچەی داماڵراوی چەك دابگرێ بۆ گەشەپێدانی توانای جەنگی نێوشار و، دابینکردنی چەك و تەقەمەنی پتەو بکات[3]. لەگەڵ ئەوەش کە مانەوەی لە ناوچەی داماڵراوی چەك زۆری نەخایاند،

[1]- Mishal and Sela (٢٠٠٠, pp. ١٥٧–١٦٣).

[2]- "U.S. Military Searching Afghan Mountains for Surviving Militants," Washington Post, January ٢٩, ٢٠٠٣; Jawad Naeem, "Pakistan Joins War Against Al-Qaeda in Its Tribal Areas," Christian Science Monitor, June ٢٨, ٢٠٠٢.

[3]- "Los Planes de las Farc" (٢٠٠٠, p. ٣٥).

هێشتا لەتواناییدایە بەردەوامی بە ڕادەیەك كۆنترۆڵكردنی ناوچەكە و توانا كردارییەكانی بدات. بە هەمان شێوە، ئەلقاعیدە ئەو گرنگییەی دەرخستووە كە بۆ هێشتنەوەی كۆنترۆڵی لەسەر پەناگەیەك دەیدات، بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٠٠ ئەندەنووسیای وەك پەناگەیەكی شاراوە دۆزییەوە.

بۆشایی كرداریش وەك پێداویستییەكەی پێشوو بەس نییە لە شیكردنەوەی پێویستی گروپی تیرۆریستی بۆ پەناگەیەكی ئارامی پلاندانان و مەشقكردن و بەڕێوەبردنی كردارەكان. گروپی تیرۆریستی خاوەن كادیری فراوان و جەنگاوەران و ئارەزومەندی پلانی پێشكەوتووی هێرشبردن پێویستی بە بۆشاییی فراوانتر هەیە. كەمپی پەناهەندە و، حەرەمی زانكۆ و، بەندیخانەكان كەمترین شوێن بۆ درێژەپێدانی هەڵمەتەكانی تیرۆریستان بۆ ئامانجی كورتخایەن دابین دەكەن، یا بۆ پلاندانانی هێرشی تارادەیەك ئاست نزم، بەڵام ئەم شوێنانە ناتوانن یارمەتیدەر بن لە پەرەپێدانی ئامانجی درێژخایەنی گروپەكان و ئەنجامدانی چالاكی بەوارفراوان. وتمان كە پەناگەكان بە ئاشكرا لەلایەن دەوڵەتانەوە چاودێری ناكرێن. گروپی تیرۆریستی وەك (FARC)، دەتوانێ بۆ كۆنترۆڵكردن تێبكۆشێ لە هەر وڵاتێك بێت یا بەئاسانی لە ناوچەكانی ئاژاوەی جیاواز لە سەرانسەری جیهاندا كاربكا.

## ئاسایشی كرداری

سەرەڕای بۆشایی كرداری، ئەو گریمانەیەمان خستە ڕوو كە چوار گروپەكەی ئەو شیكردنەوەیەمان كار بۆ دەستكەوتنی ئاسایشی كرداری دەكەن. واتا ئەو ئاسایشەی كە جیاوازە لە فەرماندان و كۆنترۆڵكردن یا لە بۆشایی كرداری، چونكە ئەو توانایەی گروپە تیرۆریستییەكان دەگرێتەوە كە نەهێڵن هێزەكانی ئاسایش بە پلانەكانیان بزانن بو نەتوانن ئەو خەڵكانەی لە هێرشێكی تیرۆریستی



دیاریكراوەوە گلاون، ئاشكرا بكەن[1].ۆیە پێشبینی ئەوە دەكەین كە گروپە تیرۆریستییەكان داهاتی بەرچاو بۆ پاراستنی سەلامەتی كردارەكانیان تەرخان بكەن.

(RIRA) پێكهاتووی شێوە شانەیی بۆپاراستنی ئاسایشی كرداری بەكاردەهێنێ، بەهۆی ئەو كەسانەی پەیوەندییان بە شانە نێوخۆییەكانەوە هەیە، كە تا ڕادەیەك سەربەخۆ كاردەكەن[2]. لە ئەنجامی ئەوەوە، شانە كەسییەكان (لەچەند كەسێك پێكهاتوون) هەمیشە پلانی ئەوانی دیكە نازانن، ئەمەش لە پێناو كەمكردنەوەی دزەكردنی نهێنی هەواڵدەرەكان یا تەگەرە خستنە بەردەم هەر هێرشێك[3]. هەرچەندە ئەو پێكهاتنە ئەوەی سەلماندووە كە سوودبەخشە، بەڵام هێرشێك لە دژی شانەیەك یا زیاتر دەتوانێ زنجیرەی هەڵمەتە تیرۆریستییەكە بە كۆتا بێنێ. حاڵی حازری حەماس ڕووبەڕووی ئەو كێشەیە دەبێتەوە بەهۆی سەركوتكردنی چڕوپڕی هێزەكانی ئیسرائیلی و لەناوبردنی بەرهەمهێنەرانی بۆمب و سەركردە ئاست مامناوەندەكان لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٢دا. بە گوێرەی ڕاپۆرتەكان، لە وەڵامی ئەوەدا سەركردەكانی حەماس بۆ هەر كردارێك چەند تیمێكیان دیاریكردووە، ئەگەر دەسەڵاتدارانی ئیسرائیلی ئەندامانی تیمی یەكەم بكوژن یا دەستگیر بكەن، شانەیەكی دیكە هەنگاو دەنێ و كارەكە ڕادەپەڕێنێ بەبێ وەرگرتنی هیچ ڕێنماییەك لە فەرماندەرەكانی سەرووتر. بۆیە ئەم پێكهاتنە ڕێگە بە دوو شانە دەدات كە ئاگاداری پلانەكانی هێرشێكی دیاریكراو بن

[1]ـ بۆ وتوێژی زیاتر لەسەر پێداویستیی ئاسایشی كرداریی گروپە تیرۆرستییەكان بڕوانە:
Andrew R. Molnar, Human Factors Considerations of Undergrounds in Insurgencies, Hawaii: Special Operations Research Office of the American University, University of the Pacific Press, ١٩٧٢ (reprinted ٢٠٠١), pp. ١٠١–١٠٨, ١٦٩–١٧٥.

[2] - Dingley (٢٠٠١, pp. ٤٥١–٤٦٥).

[3] – McGeary (٢٠٠١, p. ٥٢).

هەرچەندە وادەکات بۆ هەواڵدەران و دزەکاران هەستیارتر بێت، بەڵام ڕێگەش بـۆ حەماس خۆش دەکا لە هێرشە خۆگرەکانی بەردەوام بێت.

بە پێچەوانەوە، (FARC) کە ڕێخراوێکی گـەورەترە، دەبـێ ئاسایـشی کـرداری بۆسەر ناوچەیەکی فراوانتر دەستەبەر بکات. سیستەمی پێکهاتنی (فرە بـەرەیی) ڕۆڵێکی کرداری جیاواز دەبینێ، وەك: دەستکەوتنی چەك، ڕفاندن، ئـاودیوکردنی مـادەی بێهۆشـکەر، هەڵمـەتی گـۆریلا دژی ئامـانجی سـەربازی و، جـەنگی نێوشار[1]. هەر بەرەیەك پێداویستی ئاسایـشی کـرداری خـۆی هەیـە، سـەرباری ئەوەش فەرماندانی ناوەندی دەبێ ئەو چالاکییانە ڕێکبخا بۆ کەمکردنەوەی کاری دزەکردن و هەواڵدان. هەروەها (FARC) هەوڵدەدا ئاسایشی کرداری بپارێزێ بـە گرێدانی کۆبوونەوە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خـۆی و بـەکارهێنانی نێـردراوی متمانە پێکراو و پەیوەندیکردن لە ڕێگەی مۆبایـل و پەخـشی ڕادیـۆیی. لەگـەڵ ئەوەشدا هێزەکانی حکومەتی کۆلۆمبی تاو نا تاو تەگەرەیان خـستووەتە بـەردەم ئەو کۆبوونەوانە و سەرکردە گـەورەکانیان دەسـتگیرکردووە وەك جۆزیـۆ ئیلیـسۆ پریتۆی ئەفسەری گشتی دارایی لە تەمووزی ١٩٩٩[2]. بۆیە ئاسایشی کـرداری وەك خاڵێکی گرنگی هەستیار بۆ ئەم گروپە وایە.

دواتریش دۆزینـەوەی بەڵگـەی مەشـقی ئەلقاعیـدە لـە بـەریتانیا ئـەو بەهایـە ڕووندەکاتەوە کـە سـەرکردەی ڕێکخراوەکـان بـۆ ئاسایـشی کـرداری دایـدەنێن: بەڵگەکان بریتیبوون لە ڕێنمایی (چۆن دەکرێ خانووی ئارام دابمەزرێنی، چۆن خـۆ

[1]ـ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (١٩٩٩) "Armas por Coca".

[2]ـ "General Tapias on Puerto Lleras Attack," Semana, July ١١, ١٩٩٩.



حەشاردان ئەنجام بدەی و، لە کرداری بەوەلامهێنان چۆن ڕەفتار بکەی)[1]. لەوەوە دەردەکەوێ چەندەی گروپەکان فر اوان بن، ئەوەندە زیاتر پێویستییان بە ئاسایشی کـرداری دەبـێ. کەچـی ڕادە و شـێوازی نهێنییـەکان و جودابـوون وەك خـۆی دەمێننێتەوە سەرەڕای قەبارەی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان.

## مەشقکردن

سەرەڕای چەك و سەرچاوەی باوەڕپێکراوی چەك، زۆربەی گروپـە تیرۆریـستییەکان پێویستییان بەوە هەیە ئەندامانیان فێری لێهاتوویی و لێزانی تەکنیکی بکەن بـۆ ئەنجامـدانی هێرشـی سـەرکەوتوو. ئـەو لێهاتووییـەش دروسـتکردنی بۆمـب و بەکارهێنانی چەك و تەنانەت تەکنیکەکانی ئاسایشی کرداریش دەگرێتەوە.

نـە (RIRA) و نـە حـەماس خـەڵکێك و هـەرێمێکی فراوانـی ڕاسـتەقینەیان لەبەردەستدا نییە. بۆیە کات و شوێن دەرفەتی مەشقکردنی گروپەکـە بەرتەسـك دەکاتەوە. (RIRA) توانیویەتی ئەو کێشانەی لەم میانەیەدا دووچاری دەبنـەوە، دووربخاتەوە، ئەویش بە پشتبەستن بە لێهاتوویی ئەنـدامانی پێـشووی (PIRA). بەڵام هەمان سنوور و چوارچێوە دووچاری حەماس بووەتەوە و، فشاری خستووەتە سەر کە خانووی ئارام و کەمپی پەناهەندەکان، و ئەپارتمانی زانکۆکـان و هەنـدێ جاریش بەندینخانەکان وەك زەمینەی مەشقکردن یا وەك تاقیگەی ژێرزەمینی بۆ

[1]ـ U.S. Department of Justice, Al Qaeda Training Manual, excerpts found at www.usdoj.gov/ag/trainingmanual.htm (updated October ٢٠٠٢; accessed September ٢٠٠٣).

چالاکییە تیرۆریستییەکانی داهاتووی بەکاربهێنێ[1]. لە هەوڵێکدا بۆ فراوانکردنی کارامەییە کرداریەکانیان، ئەندامانی حەماس لە کەمپەکانی حزب الله لە باشووری لوبناندا مەشقیان ئەنجامداوە. ئەو کەمپانە تا درەنگی حەفتاکان شوێنی کۆبوونەوەی فەلەستینییەکان و گۆریلاکانی لوبنان بوو[2]. سەرەتا فەلەستینییەکان یارمەتی مەشقیان بە میلیشیا لوبنانییەکان پێشکەش دەکرد، ئێستا حزب الله، لقێکی ئەو میلیشیایانە، مەشقکاری بۆ تیرۆریستە فەلەستینییەکان دابین دەکا[3]. سەرەڕای ئارەزووی حەماس بۆ زیادکردنی تواناکانی، دووچاری مەترسی چالاکییەکانی مەشقکردن دەبێتەوە، بۆیە گروپەکە دەبێ هاوسەنگییەك لە نێوان بەهێزکردنی تواناکانی و کەمکردنەوەی ئاسایشی کرداری دروست بکات[4].

مەشقکردن بۆ (FARC) ئاسانترە، چونکە گروپەکە دەست بەسەر خەڵك و هەرێمێکی دیاریکراو لە بەشی باشووری ڕۆژئاوای کۆلۆمبیادا دەگرێت، بەڵام زۆر گرنگترە، چونکە ستراتیژیەتی یاخیبوانەی (FARC) پێویست بەوە دەکا ڕاستەوخۆ لە ڕووی هێزی ئاسایشی کۆلۆمبیدا بوەستێ، بۆیە گروپەکە گەرەکیەتی ئەندامانی فێری تاکتیکی جەنگی پارتیزانی بکا. (FARC) ئەوەی

[1] ـ U.S. Department of Justice, Al Qaeda Training Manual; Mishal and Sela (٢٠٠٠, pp. ٧٥–٨١).

[2] ـ Mishal and Sela (٢٠٠٠, pp. ٦٤–٦٥).

[3] ـ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر مێژووی میلیشیاکان و حزب الله، بڕوانە:
Hala Jaber, Hezbollah: Born with a Vengeance, New York: Columbia University Press, ١٩٩٧, pp. ١٥– ٢١.

[4] ـ Molnar (١٩٧٢). See also Andrew R. Molnar, Undergrounds in Insurgent, Revolutionary, and Resistance Warfare, Washington, D.C.: American University, ١٩٦٣, pp. ٧٣–٨٦.



سەلماندووە کە تەواو کارامە و لێهاتووە لە نانەوەی کەمین بۆ حکومەتی کۆلۆمبی لە ناوچە چیاییەکاندا، لە ڕووی مێژووییەوە لە جەنگی نێو شار یا لە تەقەلاکانی بۆ ئەنجامدانی هەڵمەتی تیرۆریستی، نەیتوانیوە سەرکەوتوو بێ[1]. بەهەرحاڵ، ڕاپۆرتەکان ئەوە دەسەلمێنن کە (FARC) ئەندامانی (IRA) پێشووی بانگهێشت کردووە بۆ کۆلۆمبیا بۆ یارمەتیدانی لە پێشخستنی توانا کردارییەکانی لە نێو شار و ئاوەدانیدا[2]. ئەگەر ئەو ڕاپۆرتانە ڕاستبن، ئەوە دەردەکەوێ کە تەنانەت گروپە تیرۆریستییە بەتواناکانیش بۆیان هەیە بۆ پەرەپێدانی کارامەیی تەکنیکی نوێ پەنا ببەنە دەرەوەی ڕێکخراوەکانیان.

گەلێ نموونە ئەو بایەخ و گرنگییە ڕوون دەکەنەوە کە ئەلقاعیدە بە مەشقکردنی دەدا. یەکەمیان، ڕاگەیاندنی جیهاد، گفتوگۆی مەشقکردنی ئەندامی نوێ و، پەیوەندیکردن بە ئارامی و، خۆگونجاندن لەگەڵ کۆمەڵگەی نوێ، و هەڵبژاردنی شوێنەکانی مەشقکردن و ڕێنماییەکان و مەشقکاران دەگرێتەوە[3]. دووەمیان، سەرکردەکانی ئەلقاعیدە تەنها لەسەر ئەو گرنگییەیان نەنووسیوە، بەڵکو بەو ڕێنماییانەوەش پابەند بوون لە ئامادەکردنی هێرشەکەی ١١ ی سێپتێمبەری

[1] ـ سەرەڕای بوونێکی بەرچاو لە شارەکانی کۆلۆمبیا وەك بۆگۆتا، (FARC) لە هەڵمەتەکانی نێو شاردا لە هێرشە پارتیزانیەکان سەرکەوتوو نەبووە. بۆ نموونە، لەگەڵ دووبارەکردنەوەی هێرشەکانیش، (FARC) نەیتوانی سەرۆك (ئەلڤارۆ ئۆریب) لە کاتی هەڵمەتەکانی پروپاگەندەی سەرۆکایەتی لە ساڵی ٢٠٠٢ دا تیرۆر بکا. بەڵام ئەو شێوازە لە دوای مەشقکردن لەلای کادیرە گومانبراوەکانی (IRA) پێشوو، گۆڕانکاری بەسەردا هات، کە گروپەکە هێرشە سەرکەوتووەکانی نێوشاری لە سەرەتای ٢٠٠٣ ئەنجامدا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
."Colombia Blasts Kill ١٣ as Uribe Takes Office," CNN.com, August ٨, ٢٠٠٢

[2] ـ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
Henry McDonald, "IRA Manuals Discovered in Colombia,"Guardian Unlimited, December ١٦, ٢٠٠١.

[3] ـ Declaration of Jihad Against the Country's Tyrants (trans.).

٢٠٠١: ئەندامانی شانەی هامبۆرگ وەك ئاشكرایە لە نزیك یا لە نێو ئەفغانستان بەر لەوەی بچن بۆ ویلایەتە یەكگرتووەكان و پەیوەندی بە قوتابخانەی فڕۆكەوانی بكەن مەشقیان ئەنجام دابوو[1]. كەمپەكانی ئەلقاعیدە لە ئەفغانستان دەرفەتی مەشقكردنی بۆ عەرەبی دیكە و جەنگاوەرانی باشووری ئاسیا دابینكردبوو[2]. ئەمەش تەنها بواری گەشەپێدانی توانای گروپە هاوپێوەندەكانی داهاتووی ئەلقاعیدەی نەرەخساندبوو، بەڵكو ڕێگەیەكیش بوو بۆ پتەوكردنی پەیوەندییەكانی ئەلقاعیدە لەگەڵ گروپە هاوبۆچوونەكانی.

بۆیە وا دەردەكەوێ كە مەشقكردن مەبەستی فرەلایەن بگەیەنێ: یەكەم، گروپە تیرۆریستییەكان ئەندامانیان بە ئاستی سەرەتایی لێهاتوویی تەكنیكی دابین دەكەن. دووەم، ڕێكخراوە تیرۆریستییەكان خۆیان بە خەمخۆری گروپەكانی دیكە دادەنێن بۆ پێشكەشكردنی یارمەتی و بەهێزكردنی تواناكانیان. سێیەم، كاتێك گروپە تیرۆیستییەكان مەشقكردن بۆ بنیاتنانی پەیوەندی لەگەڵ گروپە هاوڕاكانیان بەكاردەهێنن، لەوانەیە بۆ دەستكەوتنی یارمەتی و هاوكاری بێت لە داهاتوودا. ئەم پێداویستییە، ڕادەی مەشقكردن بۆ هەرچوار گروپەكەی ئەم شیكردنەوەیەمان، هەمان شێواز لەخۆ دەگرێ، بەڵام پلە و جۆری ئەزموونی مەشقكردن لەوە دەچێ بە گوێرەی پێویستی و ئامانجەكانی ڕێكخراوە

[1] ـ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر شانەی هامبۆرگ بڕوانە:
"Man Alleged to Aid ٩/١١ Cell Arrested in German Inquiry" (٢٠٠٢), and "German at Center of Sept. ١١ Inquiry: Suspect Recruited Hijackers in Hamburg," Washington Post, June ١٢, ٢٠٠٢.

[2] ـ Anonymous (٢٠٠٢, pp. ١٥٣–١٩٣).



تیرۆریستییەكان بگۆڕێ. لەو خاڵەدا، ڕۆڵی پەیوەندی مەشقكردن ڕێگەیەكی داهێنەرانەی ئەلقاعیدەیە.

## هەواڵگری

لەم ڕاپۆرتەدا هەواڵگری بەوە پێناسە دەكەین، كە ئەو زانیارییە سەرەكییەیە تیرۆریستان پێویستییانە بۆ دیاریكردنی ئامانجی شاراوە و، ڕێگای پلاندانانی هێرش و، بەدروستی تێگەیشتنی وەڵامی هێرشێكی ئاوا كە لەنێو جەماوەری مەبەستكراویان بەدەستی دێنێ. لە ڕووی لۆجیكییەوە، ڕادەی پێویستی گروپە تیرۆریستیەكان بە هەواڵگری ڕاستەوخۆ بەندە بە پلەی پێشكەوتوویی هێرشە نەخشە بۆ كێشراوەكە، بۆ نموونە، ساڵی ١٩٩٧، جەماعەتی ئیسلامی (IG) تەقەیان لە پاسێكی گەشتوگوزار كرد لە كڵێسای هاپشیتسوت لە لیوكسۆر ـ میسر. تیایدا ٥٨ هاوڵاتی بێگانە و ٤ ی میسرییان كوشت[1]. بۆ ئەنجامدانی ئەو هێرشە، هەواڵگری (IG) لەسەری بوو ئەوە دیاریبكا كە بێگانەكان لە كاتی دیاریكراودا لەو كڵێسایە دەبن، دواتر ئەگەر گەشتی بێگانەكان كەمببێتەوە ئەوا هێرشەكە فشار دەخاتە سەر حكومەتی میسری لە ڕووی ئابوورییەوە[2]. ئەو هەواڵگەرییەی لە هێرشەكەدا بەكارهات، كارێكی تەواو هەستی بوو، پێویستی بە پشكنین و پلاندانان نەبوو. بە پێچەوانەوە هێرشەكانی ١١ ی سێپتێمبەری ٢٠٠١ وەك ئاشكرایە چەند ساڵێكی خایاند بۆ ئەلقاعیدە كە پلان دابنێ و لە دواییدا هێرشەكە جێ بەجێ بكات و هەواڵگری بەرچاوی پێویست بوو. جگە

[1] ـ ٩٧Ian O. Lessor, Bruce Hoffman, John Arquilla, David F. Ronfeldt, and Michele Zanini, Countering the New Terrorism, Santa Monica, Calif.: RAND Corporation, MR-٩٨٩-AF, ١٩٩٩, p. ٦٠.

[2] ـ Jon B. Alterman, "The Luxor Shootout and Egypt's Armed Islamist Opposition," Policywatch, No. ٢٧٩, November ١٧, ١٩٩٧.

لەوە، پێویستی بە کۆکردنەوەی زانیاری بوو کە لە هەرێمێکی نادیار ئەنجام بدرێت[1]. سەرەڕای جۆراوجۆری، هەرچوار گروپەکە ئاستێکی سەرەتایی توانای هەواڵگری نیشان دەدەن.

ئەندامانی (PIRA) لەماوەی هەڵمەتەکانیان دژی دەسەڵاتدارانی بەریتانی و ئێرلەندای باکوور و ئینگلتەرە، هەوڵێکی بەرچاویان لە گەشەپێدانی تەکنیکی پشکنین و کۆکردنەوەی زانیاری وەگەڕخست[2]. بۆیە، پێشبینی ئەوە دەکرێ کە ئەندامانی (RIRA) بە هەمان شێوە توانای بەڕێوەبردنی چاودێریکردن و چالاکییەکانی دیکەی هەواڵگەرییان هەبێ. لەو خاڵەدا چالاکییەکانی (RIRA) هەمان پلەی پێشکەوتوویی نیشانداوە کە لە هێرشەکانی (PIRA) پێشوو دەبینرا. پێویستی هەواڵگری لە هێرشەکەی بۆمبی ئۆما، هەمان تێکرای هێرشەکەی لیوکسۆری هەبوو کە لەسەرەوە باسکرا. کەواتە دەردەکەوێ کە ـ لەم ئاستەی توانای ئێستادا ( ئاستی توانای "١" له سیستەمی شیکردنەوەیی بەشی

١ـ دەسەڵاتدارانی ئیسپانی ئەندامێکی گومانلێکراوی ئەلقاعیدەیان دەستگیرکرد و کاسێتێکی چاودێریکردنی شوێنەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی پێبوو، کە بریتیبوون لە: بنکەی بازرگانی نێودەوڵەتی، پردی بروکلین، پەیکەری ئازادی، فرۆکەخانەی نیویۆرک، تاوەری سیرس، پردی دەروازەی زێڕین، دیزنی لاند و، ستۆدیۆ جیهانییەکان. گومان دەبرێ کاسێتەکە لەلایەن (غاسوب ئەبراش غالیون) لە ساڵی ١٩٩٧ وێنە گیرابێ. بڕوانە:

Walter Pincus, "Spain Says Al-Qaeda Suspect Videotaped Towers, Other Landmarks," Washington Post, July ١٧, ٢٠٠٢, p. A١٧.

٢ـ بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە:

J. Bowyer Bell, IRA Tactics and Targets: An Analysis of Tactical Aspects of the Armed Struggle ١٩٦٩–١٩٨٩, New Brunswick, N.J.: Transaction Publishers, ١٩٩١.



دووەم) ـ (RIRA) پێویستی بە توانای هەواڵگری نییە لەودیوی تێگەیشتنی سەرەتایی ژینگە نێوخۆییەکەی کە کاری تێدا دەکا.

بە هەمان شێوە، چالاکییەکانی حەماس تا ئەو دواییانەش ئاستی سەرەتایی هەواڵگری نیشان دەدا و بریتیی بوو لە خشتەی هاتووچۆی پاس و، ئەنجامدانە ئاسایشییەکانی لە کافتەریاییێکی دیاریکراو و، ڕێگاکانی چوونە نێو ئیسرائیل لە کەرتی ڕۆژئاوا و غەززەوە کە ڕێگای نەزانراوبوون. بەڵام چالاکییەکانی حەماس لەگەڵ دەستپێکردنی ڕاپەڕینی قودس، و لەدوای ئەوەشەوە، پێداویستی هەواڵگری گۆڕانکاری بەخۆیەوە بینی، بۆ نموونە، لە تەمووزی ٢٠٠٢ دا، حەماس بۆمبێکی لە نێو کافتریای زانکۆی عیبری لە وۆرشەلیم تەقاندەوە، کە پڕبوون لە قوتابی جیهانی[1]. زانکۆکە بە دیوار و پەرژینی بەرز دەورە درابوو لەگەڵ بنکەی ئاسایش لە هەموو دەروازەکانی و چەند خاڵێکی پشکنینی باج و پێناسی قوتابیان بەرلەوەی ڕێگەی هاتنە ژوورەوەیان بۆ ناو حەرەمی زانکۆ پێبدرێت. گەیشتن بەو کافتەریایە، ئەوە دەسەلمێنێ کە حەماس ڕێکەوتن و ڕێکخستنی لەنێو حەرەمی زانکۆدا هەبووە. ئیسرائیلییەکان بڕوایان وایە کە حەماس بەتایبەت کافتریای قوتابییە جیهانییەکانی کردووەتە ئامانج، ئەمەش پێویستی بەو زانیارییە هەیە کە ئەندامانی حەماس بزانن کامە کافتەریا تایبەتە بە قوتابیانی بێگانە[2]. دواتر سەرچاوەکان ڕایانگەیاند کە حەماس توانیبووی ئەو زانیارییانە لە (موحەمەد ئۆدیح) وەربگرێ کە کرێکارێکی نێو زانکۆ بوو،

١ ـ دەسەڵاتدارانی ئیسرائیلی بڕوایان وابوو کە شانەیەکی ١٥ کەسی حەماس ئەو هێرشەیان ئەنجامدا. ئەو شانە بچووکە بەرپرس بوو لە هێرشێك لە کافتریایەکی وۆرشەلیم لە ئاداری ٢٠٠٢. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

"Five Hamas Members Nabbed for Hebrew University Bombing,"Associated Press, August ٢٢, ٢٠٠٢.

٢- "Five Hamas Members Nabbed for Hebrew University Bombing"(٢٠٠٢).

به تایبەتی بۆ ئەو هێرشە بە ئەندامکرابوو، دواتر لە ئابی ٢٠٠٢ هێزەکانی ئیسرائیلی موحەمەد ئودیحیان دەستگیرکرد[١].

(FARC) تۆڕێکی هەواڵگری تەواو گەشەکردووی لە نێو کۆلۆمبیا و چواردەوری هەیە. هەرچەندە سەختە دیاریبکرێ کە ئەو تۆڕە لەدەوری کامە چالاکی گروپەکە دەخولێتەوە: بازرگانی مادەی بێهۆشکەر یاجەنگی پارتیزانی، یا تیرۆر یانیش یەکگرتنی هەرسێ چالاکییەکە. بەڵام ڕووداوە نوێکانی ئەم دواییە ئەوە دەسەلمێنن کە (FARC) گرنگییەکی تایبەتی بە هەواڵگری دەدات. بۆ نموونە، لە ئابی ٢٠٠٠، ئەندامانی لیوایەکی سەربازی کۆلۆمبی سەربازێکی هاوەڵی خۆیان تیرۆر کرد بە گومانی ئەوەی هاوکاری لەگەڵ دوژمنەکەیان (FARC) دا کردووە[٢]. ئەم ڕووداوە دەستنیشانی ئەوە دەکا کە (FARC) بەلای کەمی هەندێ داهاتی ئاودیوکردنی مادەی بێهۆشکەر لە دەستکەوتنی زانیاری و هێشتنەوەی تۆڕێکی هەواڵگەر لە نێو ڕیزەکانی هێزی ئاسایشی کۆلۆمبیدا خەرج دەکات. هەروەها ئەوەشی نیشانداوە کە لە تاکتیکەکانی دژەیاخیبوونی حکومەتی کۆلۆمبی دەکۆڵێتەوە و تیمی پشکنین ڕەوانەی ئەو ناوچانە دەکا کە نیازییەتی هەڵکوتێتە سەریان، بۆ نموونە، هەمیشە ناوچە دەوروبەرەکانی ئەو زەوییانە دەپشکنێ کە گوندێکی بەئامانجکراوی گروپەکە دەگرنەخۆ، بۆ ئەوەی لە بارودۆخەکە ئاگادار بێ: دواتر هێزەکانی (FARC) خۆیان حەشار دەدەن و بۆمبی شاراوە بە درێژایی ئەو ڕێیانەی کە ڕێی تێدەچێ سەربازانی حکومەت لە وەڵامی هێرشەکەدا بیگرنە بەر، دەچێنن[٣]. بەم چەشنە (FARC) لە نێوان

١- "Jerusalem Blasts Kills ٧; ٤ Americans Among Dead," CNN.com, August ١, ٢٠٠٢.

٢ـ "El Silencio de las Armas," Cambio, August, ١٤, ٢٠٠٠.

٣ـ ئەو تاکتیکانە جێی مشتومڕی ئەو گۆنگرەیە بوون کە سەنتەری شیکردنەوەی دەریایی لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٠ گرێیدا، تیایدا نووسەری ناودار (کاگین) ئامادەبوو. هەروەها بڕوانە:



١٩٩٨ تا ٢٠٠٠ زنجیرەیەك سەرکەوتنی بەسەر هێزەکانی کۆلۆمبیا تۆمارکردووە. بە شێوەیەکی سەرەتایی لە ڕێگەی هەلیکۆپتەری هۆکی ڕەش کە ویلایەتە یەکگرتووەکان بە کۆلۆمبیای بەخشیوە وەك بەشێك لە پلانەکانی کۆلۆمبیا لە ساڵی ٢٠٠٠ دا، هێزە ئاسایشییەکان توانییان ئەو بۆمبە شاراوانە هەڵبتەکێنن و لەو دەستەو یەخەوەستانەدا هێزەکانی (FARC) تێکبشکێنن. بەڵام هەر زوو دوای ئەوە، (FARC) زۆر بە وریایی هەڵسا بە هەڵبژاردنی ناوچە شاخاوییەکان کە تەنها لە یەك شوێن ڕێگەی بە نیشتنەوەی هەلیکۆپەرەکان دەدا، پشکنین و چاودێریکردن جارێکی دیکە دەرفەتی بۆ جانگاوەرانی (FARC) ڕەخساندەوە کە لە چاوەڕوانی گەیشتنی هەلیکۆپتەرەکاندا بن و هەرکاتێ سەربازەکان هاتنە دەرەوە تەقەیان لێبکەن[١]. ئەو نموونانە ئەوە روون دەکەنەوە کە چالاکییەکانی هەواڵگری و پشکنین کارای سەرەکی لە سەرکەوتنی هەڵمەتەکانی (FARC) دا دەنوێنن.

تەنانەت زیاتر لە (FARC) یش، ئەو کاتەی کە ئەندامانی ئەلقاعیدە لە ئامادەکردنی خۆیان بۆ هێرشی سەرسوڕهێنەر بەسەری دەبەن لەوە دەچێ ئەنجامی زۆر وردی کۆکردنەوەی زانیاری بێت. سەرەڕای مەشقکردن و پێداویستییەکانی ئاسایشی کرداری کە لەسەرەوە باسکرا، کاسێتە دۆزراوەکان لە ئیسپانیا لە تەمووزی ٢٠٠٢ دا ئەوەیان دەرخست چۆن ئەلقاعیدە چوار ساڵ بەر لەهێرشەکەی ١١ ی سێپتێمبەر بۆ سەر بنکەی بازرگانی نێودەوڵەتی و پنتاگۆن، تیمی پێشکەوتووی بۆپشکنینی ئامانجە شاراوەکان ناردووە[٢]. خۆ ئامادەکردنی

"La Batalla de Córdoba," Cambio, May ٢٤, ١٩٩٩, p. ٣٢.

١ـ "La Batalla de Córdoba" (١٩٩٩).

٢ـ بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی پلاندانانی ئەلقاعیدە بڕوانە: Bergen (٢٠٠١, especially pp. ١٠٩–١١٠).

ئەلقاعیدە بۆ تەقاندنەوەی کەشتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە کەنداو، هەمان ئاستی پشکنین دەردەخا کە تیمێك نێردرابوو بۆ لێکۆڵینەوە و، پلاندانان و، ئامادەباشی بۆ هێرشەکە بەهاوکاری و یارمەتی جوداخوازانی نێوخۆیی[1]. سەرباری ئەمانە، ئەلقاعیدە پەرپوەتەوە ئەو دیوی بەکارهێنانی سادەی کۆکردنەوەی زانیاری و چالاکییەکانی پشکنین، ئەندامەکانی سەرقاڵی چالاکی دژەهەواڵگەرین، هەوڵدەدەن لە ڕێگەی ئەو چالاکییانەوە دەسەڵاتدارانی دەوڵەت بشێوێنن و هەڵیان بخەڵەتێنن، بۆ نموونە، سوپای ئیسلامی بۆ ئازاکردنی شوێنە پیرۆزەکان،ساڵی ۱۹۹۸ هێرشەکەی باڵیۆزخانەی ئەمەریکای لە کینیا و تەنزانیا خستە ئەستۆی خۆی[2]. هەرچەند ئێستا ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەو هێرشانە دەگەڕێننەوە بۆئەلقاعیدە. بەهەڵە تێگەیشتن تا ڕادەیەك لەو کاتەدا بەرپرسانی تووشی سەر لێ شێواندن کرد[3].

هەرچوار گروپەکە لەم شیکردنەوەیەدا پێویستییان بە کارامەیی کۆکردنەوەی زانیاری سەرەتایی هەیە بۆ ئەنجامدانی هێرشی سەرکەوتوو، کە تێگەیشتنی وردی ژینگەی کاری نێوخۆییان و هەوڵەکانیان بۆ هێرشکردنە سەر دوژمن دەگرێتەوە. کەچی وا دەردەکەوێ گروپە تیرۆریستییەکان لە ئاستی پێشکەوتوودا (لەم حاڵەتەدا بریتییە لە ئەلقاعیدە کە پلەی پێنجی بۆ دانراوە لە پێوانەی

هەروەها بڕوانە: Walter Pincus (۲۰۰۲, p. A۱۷) .

۱ـ ۱۰۸International Crisis Group, “Yemen: Coping with Terrorism and Violence in a Fragile State,” January ۸, ۲۰۰۳.

۲ـ Judy Aita, “U.S. Completes Presentation of Evidence in Embassy Bombing Trial,” U.S. Department of State, Office of International Information Programs, n.d. (Accessed September ۲۰۰۳).

۳ - Aita (n.d.).



تواناکان)، پێویستی بە لێهاتوویی فێڵ و تەڵەکەبازی هەیە بۆ درێژەپێدانی پلەیەکی بەرزی توانا تیرۆریستییەکان.

## داهات (پارە)

دوایین ئامرازی کرداری بریتییە لە داهات. گروپە تیرۆریستییەکان پێویستییان بە سەرچاوەی داهات هەیە بۆ بەڕێوەبردنی زنجیرە هێرشی سەرکەوتوو[1]. واتا، پارە باشترین ئامرازی کردارییە و زیاتر لەو ئامرازەی کە یەکگرتوویی گروپەکە پەرەپێدەدا بۆ ماوەیەکی درێژخایەن. ئەوەی لە خوارەوە باسی دەکەین ئەو ڕادەیە لێکدەداتەوە کە گروپە تیرۆریستییەکان لە ئاستی توانای جودا کاری تێدادەکەن ـ وەك بەهۆی چوار ڕێکخراوەکە ڕوونکراوەتەوە ـ کە پێویستییان بە پارەیە بۆ بەردەوامبوونی هەڵمەتەکانی کاری تیرۆریستی.

لەبەرئەوەی (RIRA) ڕێکخراوێکی بچووکە، بۆیە تا ڕا دەیەکی کەم پێویستی بە داهات هەیە. سەختە بتوانی ئەو سنوورە دیاریبکەی ارە تیایدا کایگەری دەخاتە سەر توانا کردارییەکان. ئاشکرایە کە (RIRA) مووچە بۆ زۆربەی ئەندامانی دابین ناکا، بەڵام گەلێك لەوانەی لە گروپەکەدان، بەردەوامن لە کارکردن بۆ پاڵپشتیکردنی خۆیان و خێزانەکانیان. بەهەمان شێوە، ڕاپۆرتەکان پێشنیاری ئەوە دەکەن کە گروپەکە سەرقاڵی ئەوەیە تۆڕەکانی بەرزکردنەوەی داهاتی (PIRA) کۆن بە کار بخاتەوە، لە ڕێگەی ئەو هۆکارانەوە وەك پاڵپشتی دیاسپۆرا ( خەڵکی پەرتەوازەبوو لە وڵاتانی دیکە)، دزیکردن، بەکاربردنی کارتی متمانە (کریدت کارت)، لەگەڵ ئەوانەشدا ئەو بڕە پارەیەی (RIRA) لە ڕێگەی

۱ـ بۆ گفتوگۆی زیاتر بڕوانە:

Molnar (۱۹٦۳, p. ٦۱) and Bell (۱۹۹۰, pp. ۱۹۳–۲۱۱).

ئەو تۆڕانەوە دەستی دەکەوێ، پێدەچێ کەم بێ[1]. بۆیە دەگەینە ئـەو ئەنجامـەی کە ئەو گروپە تیرۆریستییانەی لە ئاستێکی توانای تا ڕادەیەك کەم کـار دەکـەن، پێویستییان بە داهاتی بەرچاو نییە بۆ بەردەوامبوون لە کردە تیرۆریستییەکانیان.

بەبەراورد، واپێدەچێ حەماس جەختی زیاتر بخاتە سەر دابینکردنـی داهـات، بـۆ نموونە، پەنا دەباتە بەر دیاسپۆرای جەماوەری فەلەسـتینی دانیـشتووی ویلایەتـە یەکگرتووەکان[2]. بە شێوەیەکی تایبەت حەماس ئەو داهاتانـە تـەنها بـۆ کـردە تیرۆریستییەکان تەرخان ناکا، بۆ نموونـە، ژمارەیـەك ڕێکخـراوی خێرخـوازی لـە کەرتی ڕۆژئاوا و غەززە دەگرێتە ئەستۆ. بۆیە کاتێك دەزگاکـانی ڕاگەیانـدن لـە ڕاپۆرتەکانیان بلاو دەکەنەوە حەماس پارە لە ولاتانی وەك سعوودیا و ئـیران وەر دەگرێت، ئەستەمە بتوانرێ ئەو پارەیەی لە کاری خێرخوازی و بواری تەندروستی خەرج دەکا جودا بکرێتەوە لەوەی کە ڕێکخراوەکە لە کڕینی تەقەمەنی و چەك لە بازاڕی ڕەش بەکاری دەهێنـێ[3]. بۆیـە هەرچـەندە پـارە لـە پەرەپێـدانی کـاری ڕێکخراوەیی و هەڵمەتی تیرۆریستی، ڕۆڵێکـی سـەرەکی بـۆ حـەماس دەگێـڕێ، هەروەها ڕۆڵێکی ڕێکخراوەیی گرنگیش - یـەکگرتوویی گروپەکـە - دەبینـێ لـە ڕێگەی پتـەوکردنی پەیوەندییـەکانی لەگـەڵ جـەماوەری نێوخـۆیی و زیـاتر بـە یاساییکردنی چالاکییەکانی لە جیهانی عەرەبیدا.

(FARC) بە هەندێ ڕێگە بەدوای شـێوازەکەی (RIRA) و حـەماس دەکـەوێ، بەڵام لە هەندێ ڕێگەی دیکە ئەزموونەکەی سەربارەت بە ئـامرازی ڕێکخراوەیـی (پارە) لەگەڵ هەردوو گروپەکە تەواو جوداکراوەیە، بۆ نموونە، (FARC) کـادیری پێشکەوتووی هەیە کە مانگانە مووچە وەردەگرن، سەرەڕای یەکپۆشی لـە جـل و بـەرگ و، ڕادیۆکـان و، چـەك و تەقەمـەنی و، دابینکردنـی کەرەسـتە[1]. بۆیـە (FARC) توانای بە هێزکردنی یەکگرتوویی گروپەکـەی هەیـە بـە دابینکردنـی هاندەری پارە بۆ ئەنـدامانی بـۆ پەیوەنـدیکردن و مانـەوە لـە گروپەکـەدا. ئـەم کردارانەی (FARC) بـە تـەریبیی کـردە خێرخوازییـەکانی حـەماس دەڕۆن بـۆ پشتگیریکردنی جەماوەر لە کەرتی ڕۆژئـاوا و غـەززەدا، کـە زۆرجـار خـۆراك و تەندروستی بۆ ئەندامانی و خێزانەکانیان دابین دەکا. بەڵام (FARC) پێداویستی فراوانتری بۆ مەشقکردن و دابینکردنـی چـەك وئاسایـشی کـرداری و هـەواڵگری هەیە، هەموو ئەمانە بەکارهێنانی پارەی بـەردەوام و چەسـپاو پێویـست دەکـا. تێوەگلانی (FARC) لەبازرگانی مادەی بێهۆشکەر پێکهاتوویەکی سەرەکییە لە توانای بـەردەوامبوونی لـە هـەردوو بـواری توانـا کردارییـەکان و یـەکگرتوویی گروپەکە بە درێژایی ئامانجە مامناوەند و درێژخایەنەکان.

سەبارەت بە کردارەکانی ئەلقاعیدە، پێویستییەکی بەرچاوی سەرچـاوەی داهـات نیـشان دەدەن. وا پێدەچـێ کـە ئەنـدامانی گەشـتی زۆر ئـەنجام بـدەن - بـۆ مەشقکردن، کۆبوونەوەی پلادانان، یا بەڕێوەبردنی هێرشی دیـاریکراو - و گـەلێ

---

[1] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

Dingley (٢٠٠١, pp. ٤٥١–٤٦٥) and “Corkman in Charge as Real IRA Threat Remains” (٢٠٠١).

[2] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

Steven Emerson, American Jihad: The Terrorists LivingAmong Us, New York: The Free Press, ٢٠٠٢, pp. ٧٩–١٠٨.

[3] - بۆ نموونەی ئەو جۆرە ڕاپۆرتانە بڕوانە:

Yohanan Ramati, “Islamic Fundamentalism Gaining,” Midstream, Vol. ٣٩, No. ٢, ١٩٩٣, p. ٢, and Steven Emerson, “Meltdown,” TheNew Republic, November ٢٣, ١٩٩٢, p. ٢٧.

[1] - بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی دەبینکردنی داهاتی (FARC) بڕوانە:

“Los Costos del Cese al Fuego,” El País, July ٦, ٢٠٠٠; “El Otro Plan Colombia,” Cambio, March ٢٠, ٢٠٠٠, pp. ٢٥–٢٦; and “Farc se Movilizan al Sur de Bolívar,” El Tiempo, July ١٦, ٢٠٠٠.

جار پێویستییان بە دۆکیومێنتی ساختە دەبێ بۆ ئەوەی ئەو کارانە ڕاپەڕێنن[1]. هەروەها لەکاتی دەستبەسەرداگرتنی بنکەکانی ئەلقاعیدە لە ئەفغانستان، دەرکەوت کە ئەو ڕێکخراوە کەلوپەلی پەیوەندیکردن و کۆمپیوتەر و سەرەڕای وێبسایتی لێکۆڵینەوە لە پێشکەوتنی چەکی کیمیایی و بایۆلۆجی بەکار هێناوە[2]. لەگەڵ ئەوانەشدا، ئوسامە بن لادن داهاتی بەرچاوی بۆ ئەو وڵاتانە ناردووە کە تیایدا ماوەتەوە، وەك سودان: بنیاتنانی کۆمپانیا و چاودێری پێشکەوتنی ژێرخان[3]. هەروەها ئەلقاعیدە چاودێری گروپە تیرۆریستییە هاوبۆچوونەکانی دیکەی کردووە، وەك (GSPC) و (ASG). لە حاڵەتی هەریەك لە (FARC) و ئەلقاعیدە ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کاتێك گروپە تیرۆریستییەکان پێشکەوتوویی هێرشەکانیان فراوانتر بکەن، بە تەریبی ئەو فراوانبوونە داهاتیان پێدەوێ. هێشتا زیاتر، ئەو داهاتانە دەتوانرێ لە هەردوو لایەنی بەردەوامی پێدانی توانا کردارییەکانی گروپە تیرۆریستییەکە و بەدەستهێنانی پێداویستییە ڕێکخراوەییەکان سوودی لێ وەربگیرێ.

پارە تا ڕادەیەکی باش ناتوانێ پێویستی ڕاستەقینەی کرداریی گروپە تیرۆریستییەکان وەسف بکا. لە ڕاستیدا هەر چوار گروپەکە ئەوە دەسەلمێنن کە پارە بۆ گروپە تیرۆریستییەکان دەتوانێ وەك چەسپێك (صمغ) کار بکا بۆ هێشتنەوەی یەکگرتوویی گروپەکان. واتا ئەو یەکگرتووییە دەبێ باشتر پێناسە بکرێ، وەك خۆراك و تەندروستی بۆ تیرۆریستان و خێزانەکانیان. جگە لەوە، ئەو

١ـ Michael Buchanan, "Europe's Hunt for Al-Qaeda," BBC News [online], September ٦, ٢٠٠٢.

٢ ـ Shelia MacVicar and Henry Schuster, "European Terror Suspects Got Al Qaeda Training, Sources Say," CNN.com, February ٦, ٢٠٠٣; Nick Farrell, "US Fears Nuclear Cyber Terror Attacks," vnunet.com, June ٢٧, ٢٠٠٢.

٣ـ Sharon Theimer, "Like Terror Network, Bin Laden's Money Trail Reaches Around the Globe," Associated Press, September ١٩, ٢٠٠١.



گروپە تیرۆریستییانەی لە پلەیەکی بەرزی توانادا کار دەکەن، وەك (FARC) و ئەلقاعیدە، پێداویستی سەرەکی خۆی لە بڕێکی یەکجار گەورەی پارەی کۆکراوە نانوێنێ، بەڵکو زیاتر دەبێ داهاتێك بێ لە سەرچاوەیەکی بەردەوام و بە شێوەیەکی نەگۆڕ دابینبکرێ.

## تێبینی لەسەر ئامرازە کردارییەکان

لە شیکردنەوەی ئامرازە کردارییەکان سێ تێبینیمان لەلا گەڵاڵە دەبێ:

یەکەم: حەوت ئامرازەکەی سەرەتا بە پێداویستی ڕێکخراوەیی گروپە تیرۆریستییەکان ناومان بردن، سێیان پێدەچێ زۆرترین هاوشێوەیی بنوێنن لە لێکۆڵینەوەکەی ئێمەدا، کە بریتیبوون لە تۆڕەکانی فەرماندان و کۆنترۆڵکردن، چەك و، ئاسایشی کرداری. نکۆڵی لێناکرێ ئەم شیکردنەوەیە دیدێکی سەرەتایی لە پێداویستییە کردارییەکانی گروپە تیرۆریستییەکان دابین دەکا: دەکرێ زیاتر لەوە بکرێ. کەچی چوار باری لێکۆڵینەوەکە جۆراوجۆرییەکی فراوان لە ئاستەکانی توانا و، ئامانج و، ژینگەی کارکردنیان تیادا ڕەنگدەداتەوە. بۆیە ئەم هاوکۆکی و وێکچوونە جێگای باسکردنە، بەڵام مەرج نییە ببێ بە گەورەترین مەترسی تیرۆریستان. لەوە دەچێ تیرۆریستان توانای ئەوەیان هەبێ کە داهێنان لە هێرشەکانیان بکەن، یان چەك بخەنە بازاڕی ڕەشەوە، و خۆیان وا لێبکەن کە ببنە ئامانجی سەختی سیاسەتی دژە تیرۆر. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو وێکچوونە ئەوە دەگەیەنێ کە چاودێری کردنی چالاکییەکان لە نێو ویلایەتە یەکگرتووەکان و دەوروبەری و دەرەوەیدا، دەتوانێ کار بکاتە سەر بواری تەواوی هەڕەشەی تیرۆریستان، و بیکات بە یەکێك لە کاریگەرترین تاکتیکی دژە تیرۆر. بە هەمان شێوە هێرشکردنە سەر تۆڕەکانی فەرماندان و کۆنترۆڵکردن بە شێوەیەکی

خۆی بۆ هێرشی پێشکه‌وتوو بۆ ماوه‌ی چه‌ند ساڵێك ئاماده‌بکا و، هه‌ڵمه‌تی پشکنین و دژه‌ هه‌واڵگری پێشکه‌وتوو ئه‌نجام بدا. به‌ هه‌مان شێوه‌ هه‌موو گروپه‌ تیرۆریستییه‌کان شێوه‌یه‌کی سه‌ره‌تایی کۆکردنه‌وه‌ی زانیاری له‌ هێرشه‌کانیاندا به‌کارده‌هێنن، و گروپی وه‌ك ئه‌لقاعیده‌ ته‌کنیکه‌کانی هه‌ڵخه‌ڵه‌تاندن به‌کارده‌هێنێ. ئه‌و چوار پێداویستییه‌ ده‌توانرێ دابه‌شبکرێن بۆ حه‌وتی دیکه‌ که‌ سێی دیکه‌ی لێ ده‌که‌وێته‌وه‌ بریتین له‌: (په‌ناگه‌) که‌ له‌ بۆشایی کرداری جیایه‌، (ئه‌زموون و تایبه‌تمه‌ندانی ته‌کنیکی) که‌ له‌ مه‌شقکردن جیایه‌، و (هه‌ڵخه‌ڵه‌تاندن) که‌ له‌ هه‌واڵگری جیایه‌. په‌یوه‌ندی سیاسه‌ت به‌و تێبینیه‌ ئه‌وه‌یه‌ که‌ جه‌ختکردنی دژه‌تیرۆر له‌ وێکچوونه‌کان به‌ره‌و جیاوازییه‌کان ده‌گوازێته‌وه‌ له‌ نێوان گروپه‌ تیرۆریستییه‌کان که‌ له‌ ئاستی توانا جۆراوجۆره‌کان کارده‌که‌ن. بۆیه‌ ئێمه‌ چاکسازیمان له‌ لیستی پێداویستییه‌ کردارییه‌کانمان کرد، و چوار سه‌رچاوه‌ی دیکه‌مان خستنه‌ سه‌ر، که‌ بریتین له‌: فه‌رماندان و کۆنترۆڵکردن، چه‌ك، بۆشایی کرداری، ئاسایشی کرداری، مه‌شقکردن، هه‌واڵگری بنه‌ڕه‌تی، تایبه‌تمه‌ندان و ئه‌زموونی ته‌کنیکی، په‌ناگه‌، لێهاتوویی هه‌ڵخه‌ڵه‌تاندن.

سێیه‌م: ده‌گه‌ینه‌ ئه‌و ئه‌نجامه‌ی، هه‌ریه‌ك له‌و پێنج پێداویستییه‌ی له‌سه‌ره‌وه‌ لیستکران ـ ئه‌زموونی ته‌کنیکی، سه‌رچاوه‌ی ده‌ره‌وه‌ی چه‌ك، په‌ناگه‌، پاره‌ و، لێهاتوویی هه‌ڵخه‌ڵه‌تاندن ـ وه‌ك به‌ڵگه‌یه‌ك کارده‌که‌ن که‌ ئه‌گه‌ر گروپێکی تیرۆریستی هه‌وڵبدا توانا کردارییه‌کانی زیاد بکا. بۆ نموونه‌، ئه‌گه‌ر گروپێك هه‌وڵی زیادکردنی چالاکییه‌کانی مه‌شقکردن بدا، یا به‌دوای یارمه‌تییه‌وه‌ بێ له‌ کۆمه‌ڵ و گروپه‌ تیرۆریستییه‌کانی دیکه‌ بۆ پێشخستنی ئه‌زموونی ته‌کنیکی خۆی، سیاسه‌تواناني ویلایه‌ته‌ یه‌کگرتووه‌کان پێویسته‌ هۆکاره‌کانی له‌کارخستنی مه‌شقه‌که‌ به‌کاربێنن، به‌ تایبه‌تی ئه‌گه‌ر گروپه‌ تیرۆریستییه‌که‌ هه‌ستی دژه‌ ئه‌مه‌ریکایی نیشاندا. به‌ هه‌مان شێوه‌، سیاسه‌تی دژه‌ تیرۆری ئه‌مه‌ریکی که‌ گه‌یشتنی گروپێکی تیرۆریستی به‌ چه‌کی ده‌ره‌وه‌ ده‌کاته‌ ئامانج، ده‌توانێ توانای



کاریگه‌ر توانا کردارییه‌کانی گروپه‌کان که‌م ده‌کاته‌وه‌، به‌ بێ ڕه‌چاوکردنی قه‌باره‌ و ئامانجه‌کان و ژینگه‌ی کارکردنیان یان پله‌ی پێشکه‌وتووییان.

هه‌روه‌ها شیکردنه‌وه‌که‌ داینامیکییه‌تێکی گرنگی نێوان پێداویستییه‌کانی سه‌رکردایه‌تیکردن و تۆڕه‌کانی فه‌رماندان و کۆنترۆڵکردنی ئاشکرا کرد. یه‌کێك له‌ دۆزینه‌وه‌ سه‌ره‌کییه‌کانی باسه‌که‌ی پێشوو بریتیبوو له‌وه‌ی: گروپه‌ تیرۆریستییه‌ فره‌چینه‌کان و خاوه‌نی کادیر و فه‌رمانده‌ی ئاست مامناوه‌ند ئه‌وه‌نده‌ هه‌ستیار نین ئه‌گه‌ر هێرش به‌ریته‌ سه‌ر سه‌رکرده‌کانیان. به‌ڵام ئه‌و گروپانه‌ به‌ هێرشکردنه‌ سه‌ر تۆڕه‌کانی فه‌رماندان و کۆنترۆڵکردن زیاتر هه‌ستیار ده‌بن و مه‌ترسییان بۆ دروست ده‌بێت. بۆیه‌ ستراتیژیه‌تی دژه‌ تیرۆر که‌ هێرش بۆسه‌ر سه‌رکرده‌کانی تیرۆریستان و تۆڕه‌کانی فه‌رماندان و کۆنترۆڵکردن ڕێك ده‌خا، نابێ ته‌نها هه‌وڵی له‌کارخستنی توانا کردارییه‌کانی گروپه‌ فره‌ چینه‌کان بدا، به‌ڵکو ده‌بێ وره‌ی کادیره‌ ئاست مامناوه‌نده‌کان بهێنێته‌ خواره‌وه‌ تا ڕاده‌ی ئه‌وه‌ی نێگه‌تیڤانه‌ کار له‌ یه‌کگرتوویی گروپه‌که‌ بکا.

دووه‌م: چوار ئامرازه‌که‌ی دیکه‌ی پێداویستییه‌ کردارییه‌کان، جیاوازییه‌کی به‌رچاو له‌ هه‌ر چوار باری لێکۆڵینه‌وه‌که‌ نیشان ده‌ده‌ن که‌ بریتین له‌: بۆشایی کرداری، مه‌شقکردن، هه‌واڵگری و، داهات (پاره‌). ئێمه‌ بڕوامان وا نییه‌ که‌ ئه‌و جۆراوجۆرییه‌ ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ بۆ جیاوازییان له‌ ئامانجه‌کان و، به‌رنامه‌ی کار و، ژینگه‌ی کارکردن. له‌ ڕاستیدا هه‌ر چوار گروپه‌که‌ی له‌و لێکۆڵینه‌وه‌یه‌دا هاتوون تا ڕاده‌یه‌ك پێویستییان به‌ بۆشایی کرداری، و مه‌شقکردن و هه‌واڵگری و داهات هه‌یه‌. هه‌رچۆنێ بێ، له‌ حاڵه‌تی پاره‌دا، گه‌یشتینه‌ ئه‌و ئه‌نجامه‌ی، بۆ گه‌لێ گروپ پاره‌ ڕۆڵێکی ڕێکخراوه‌یی ده‌گێڕێ به‌ به‌هێزکردنی یه‌کگرتوویی گروپه‌که‌. بۆیه‌ ته‌نها له‌و حاڵه‌ته‌دا پاره‌ ده‌بێته‌ پێداویستییه‌کی به‌رچاوی کرداری ئه‌گه‌ر گروپه‌که‌ پێویستی به‌ داهاتێکی بێ شوماری پاره‌ بوو بیدات به‌ ئه‌ندامه‌کانی و،

گروپەکە لە بەڕێوەبردنی هەڵمەتی پێشکەوتوو کەمتر بکاتەوە. هەمان سیاسەت بۆی هەیە دروست بێ بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان کاتێك بیەوێ ناوچەکانی ئاژاوە یا پەناگەی ئارام، کە بۆ ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان و چالاکییەکانی دژە هەواڵگری فەراهەمبووە، تێك بدا، دەبێ کار بۆ چوونە نێو تاکتیکی تەڵەکەبازی تیرۆریستان بکا.

مەبەستی ئەم ڕاپۆرتە ئەوەیە کە هەواڵ بە داڕێژەرانی سیاسەتی دژە تیرۆری ئەمەریکی بدا، بە دەرخستنی ئەوەی گروپە تیرۆریسییەکان چییان گەرەکە بۆ ئەوەی کاری ڕێکخراوەیی و کردارییان ئەنجام بدەن، هەروەها ئەو ڕێگایانە ڕاسپێرێ کە حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان بتوانێ سەرچاوەکانی دژە تیرۆر لە ڕێگەیەوە زۆر کاریگەرانەتر بەکاربێنێ. لەم میانەیەدا، تا ئێستا ڕاپۆرتەکە هەوڵەکانی لە ناساندنی گروپە تیرۆریستییەکان وەك قەوارەی چەسپاو، چڕکردووەتەوە. ئەو ڕێگەیە چەند کێشەیەك بەڕووی سیاسەتوانان دەکاتەوە، چونکە وەك لە بەشی پێشوودا وتووێژمان لەسەر کرد، گروپە تیرۆریستییەکان هەمیشە خۆیان دەگۆڕن و خۆیان لەگەڵ ژینگەی دەوروبەریاندا دەگونجێنن. بۆیە بەشی داهاتوو شیکردنەوەکەمان بۆ قۆناغێکی دوور تر دەبا و تەقەلا وەگەڕ دەخا بۆ لێکۆڵینەوەی چۆن گروپە تیرۆریستییەکان پەرە دەسەنن بە گۆڕەی دینامیکییە نێوخۆییەکانی گروپەکە، سەرەڕای چۆنییەتی وەڵامدانەوەیان بۆ هاندەرە دەرەکییەکان.



## بەشی چوارەم

# گروپە تیترۆریستییەکان وەک قەوارەیەکی هەمیشە گۆڕاو (دینامیکی)

گروپە تیرۆریستییەکان وەك خۆیان نامێننەوە، بەڵکو گەشە دەکەن و هەندێ جاریش دەپووکێنەوە، وەڵامی گۆڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و بارودۆخی ئاسایشیش دەدەنەوە. دوو بەشەکەی پێشوو، لە چوارچێوەی ململانێی دژە تیرۆر سیستەمێکی بۆ هەڵسەنگاندنی هەڕەشە و توانای ڕێژەیی و پێداویستییەکانی گروپە تیرۆریستییەکان پێشکەشکرد. بەڵام ئەو بەشانە لەوە نەدوان کە چۆن تیرۆریستان لە نێو چوارچێوەکەدا گەشە دەکەن. بۆ دەستەویەخە بوونی ئەو پرسە، لەو بەشەدا وتوێژی ئەوە دەکەین کە هەندێ گروپی تیرۆریستی بە درێژایی تێپەڕبوونی کات گۆڕانی بەرچاویان لە خۆیاندا نیشانداوە، هەروەها چی دەبێتە هۆی دەرکەوتنی ئەو گۆڕانکارییانە. سەرەڕای خستنەڕووی سیستەمەکە لە بەشی دووەم و سێیەم ئێمە مۆدیلێکی نوێمان پێشنیار نەکردووە، بەڵام لە بری ئەوە، هەوڵمانداوە بە ئاسانی چاکسازی لە وێنەی هەڕەشە تیرۆریستییەکان بۆ سەر ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەرژەوەندییەکانی دەرەوەی بکەین، ئەویش بە زیادکردنی توخمی دینامیکی بۆ سیستەمەکەمان.

بۆ ئەنجامدانی ئەوەش، پەرەسەندنی چوار گروپی تیرۆریستی هەڵدەسەنگێنین کە بریتین لە: ڕێڕەوی پڕشنگداری پیرۆ، حزب الله ی لوبنانی، جیهادی ئیسلامی میسری و، گروپی ئەبو سەییافی فلیپینی. لەبەرئەوەش ئەو چوار گروپەمان هەڵبژاردووە، چونکە هەریەکەیان لە بارودۆخی جیاوازدا گەشەیانکردووە، و ئامانجی جۆراوجۆریان هەڵگرتووە و، تا رادەیەك پێکهاتەی ڕێکخراوەیی جیاوازیشیان هەیە. بەو واتایەی، هەریەکەیان بوارێکی فراوانی گۆڕان نیشاندەدەن. ئێمە ڕێڕەوی پێشکەوتنی ئەو چوار گروپە لە چوارچێوەی سیستەمەکەماندا شی دەکەینەوە، و کۆتاییش بە وتووێژکردنی ئەنجامە شاراوەکان دەهێنین کە سروشتی هەمیشەگۆڕاوی تیرۆر بۆ سیاسەتی دژە تیرۆری ویلایەتە یەکگرتووەکان هەیەتی.



## ڕێڕەوی پڕشنگدار

ڕێڕەوی پڕشنگدار یا (SL)، لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لە ژێر سەرکردایەتی (ئەبامایل گوزمان ڕینۆسۆ) لە ئەیاکوچۆ، ناوچەیەکی دێهاتی ڕۆژهەڵاتی باشووری پیرۆ، دەستی بە کارەکانی کرد[1]. سەرەتا وەك ڕێکخراوێکی مارکسیستی سەری هەڵدا، و بنکەیەکی جوتیارانی لە کۆمەڵگە گوندنشینەکانی پیرۆ دامەزراند[2]. لە ماوەی هەشتاکانی هەمان سەدەدا گروپە تیرۆریستییەکە بەردەوامبوو لە فراوانبوون و، لە ساڵی ١٩٩٠ دا بووە مایەی هەڕەشە بۆ سەر هەرێمەکانی شار[3]. کەچی لە ساڵی ١٩٩٢ دا (SL) دووچاری هەرەس هات. ئەو باسەمان بۆ تیشك خشتنە سەری فاکتەرە سەرکییەکانی توانا پێبەخشین و فراوانبوونی (SL) و ئەو هۆکارنەش کە هاوبەشییان لە پووکانەوەیدا کرد، تەرخانکردووە.

(SL) یەکەم هێرشی تیرۆریستی خۆی لە ١٩٨٠ دا ئەنجامدا، و بەرەو ڕووی حکومەتی دیموکراتی تازە هەڵبژێردراوی پیرۆ بووەوە[4]. بەدوای ئەو هێرشەدا، (SL) بەردەوام بوو لە فراوانکردنی چالاکییەکانی، بەڵام هەڵمەتەکانی زیاتر لە

---

[1]ـ Gustavo Gorriti, TheShining Path: A History of the Millenarian War in Peru (Robin Kirk, trans.), Chapel Hill, N.C.: University of North Carolina Press, ١٩٩٩.

[2]ـ Gorriti (١٩٩٩).

[3]- David Scott Palmer, ed., The Shining Path of Peru, ٢nd edition, New York: St. Martin’s Press, ١٩٩٤, p. ٣٤.

[4]ـ بۆ گفتۆگۆی زیاتر لەمەڕ پێشڤەچوونی چالاکییەکانی (SL) بڕوانە:

Gorriti (١٩٩٩), pp. ٦٧–٨٨.

ناوچە گوندنشینەکانی باشووری ڕۆژهەلاتدا چڕکردبووەوە. لە ڕاستیدا، نەبوونی حکوومەتی پیرۆ لە هەرێمی ئەیاکوچۆ و بوونی تارادەیەك جیاوازی کەلتووری ناوچەکە لەگەڵ ناوچەکانی دی، ڕێگەی بە (SL) دا کە بنکە جەماوەرییەکانی لە سەرەتای هەشتاکاندا لەو شوێنانە قایمتر بکا(١). ئەو فراوانبوونە لە هەندێ هێرشی تیرۆریستیدا گەیشتە لوتکە، وەك هێرشەکەی سەر تاوەری پەخشکردن لە ناوچە چیاییەکاندا کە کارەبای بۆ شاری لیمای پایتەخت دابین دەکرد(٢). لە وەڵامی ئەو هێرشەدا، حکومەتی پیرۆ دەستی کرد بە دژە هێرش کرد بۆ سەر (SL) و جەماوەرە پاڵشتەکەی. ئەو سیاسەتە بریتیبوو لە دامەزراندنی سەربازی لە ناوچەی کۆنترۆڵ و هەڵمەتی ڕەشبگیری لە نێو هاوڵاتیانی مەدەنی و هەڵکوتانە سەر ئەندامە گومانلێکراوەکانی (SL)(٣). ئەو هەڵمەتە دژەیاخیبووانەی حکومەت بۆ ماوەیەکی کورتخایەن توانی سەرکەوتن بەدەستبێنێ، کە تەگەرەی خستە بەردەم فەرماندان و کۆنترۆڵی گروپەکە، سەرەڕای کەمکردنەوەی توانا کردارییەکانیشی. بەڵام (SL) بە پێچەوانەوە، نیشانی دا کە زیادبوونی پاڵپشتی جەماوەری بۆ (SL) زۆر فراوانتر بوو، و ڕێگەی بە ڕێکخراوەکە دا کە بتوانێ هەڵمەتی ئەندامگیری لە نێو شارەکانی پیرۆدا ئەنجام بدات سەرەڕای ناوچە دێهاتییەکانی باشووری ڕۆژهەلات(٤).

١ـ ەGorriti (١٩٩٩).

٢– David Scott Palmer, “The Revolutionary Terrorism of Peru’s Shining Path,” in Martha Crenshaw, ed., Terrorism in Context, State College, Pa.: Pennsylvania State University Press, ١٩٩٥, pp. ٢٩٤–٢٩٥.

٣- Palmer (١٩٩٥).

٤- Palmer (١٩٩٥); Kees Koonings and Dirk Kruijt, eds., Societies of Fear: The Legacy of Civil War, Violence and Terror in Latin America, London: Zed Books, ١٩٩٩, p. ٤٣.



لەگەڵ زیانە سەرەتاییەکانیشیدا، (SL) توانی دوای چەند دژە هێرشێکی دەسەڵاتی ئاسایشی پیرۆ، خۆی دابمەزرێنێتەوە. لە ساڵی ١٩٨٥، (SL) بە چەسپاوی ژمارەی هێرشەکانی لە ناوچە ئاوەدانەکانی پیرۆ زیاد کرد(١). وا پێدەچوو ئەو زیادبوونە هەوڵێکی ئەنقەستانەی سەرکردایەتی (SL) بووبێ بۆ ململانێ و لەڕووڕاوەستانی حکومەتی پیرۆ(٢). لە ئەنجامی کۆنترۆڵکردنی بانی هوالاگای سەرەوە، (SL) توانی ئەم گرژییە پەرەپێبدا،. لە هەشتاکاندا ئەم ناوچەیە ڕێژەیەکی گەورەی بەرهەمی کۆکایینی پێکدەهێنا، بۆیە بووە مایەی دابینکردنی سەرچاوەی داهات لە بازرگانی مادەی بێهۆشکەر. لە ڕاستیدا، (SL) توانی ڕێژەیەکی باش لە پاڵپشتی خەڵکی دانیشتووی ئەو ناوچەیە بەدەستبهێنێ کە لەدژی هێزەکانی ئاسایشی حکومەت بجەنگن لە بری جەنگاوەرانی گروپەکە(٣). ئەو باجەی (SL) لە جیاتی بەرهەمهێنانی مادەی بێهۆشکەر کۆی دەکردەوە ڕێگەی پێدا چەکەکانی فراوانتر بکا و مەشق پەرەپێبدا و ژێرخان لە پاڵپشتیکردنی ستراتیژیەتی ناوچەکانی شاردا پتەوتر بکا(٤).

١ـ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر هەڵمەتەکانی نێوشاری (SL) بڕوانە:

Gordon McCormick, From the Sierrato the Cities: The Urban Campaign of the Shining Path, Santa Monica, Calif.: RAND

Corporation, R-٤١٥٠-USDP, ١٩٩٢.

٢- McCormick (١٩٩٢).

٣ـ McCormick (١٩٩٢).

٤ ـ بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی فراوانبوونی دەسەڵاتی (SL) لە بانەی هوەالاگای سەرەوە، بڕوانە:

Cynthia McClintock, Revolutionary Movements in Latin America: El Salvador’s FMLN andPeru’s Shining Path, Washington, D.C.: U.S. Institute of Peace Press, ١٩٩٨, pp. ٨٦–٨٩,

٢٧١–٢٨٠.

لەو کاتەدا حکومەتی پیرۆ (ئەلبێرتۆ فیوجی مێرۆ) ی وەك سەرۆك لە ساڵی ١٩٩٠ دا هەڵبژارد، و وڵات لە ناوەڕاستی جەنجاڵی سیاسی و ئابووریدا بوو[1]. ڕادەیەکی زۆری ئەو ئاژاوەگێڕییە بۆ کارەکانی (SL) دەگەڕایەوە. لە ماوەی نێوان ئایاری ١٩٨٢ تا سێپتێمبەری ١٩٩٢ زیاتر لە ٢٣,٠٠٠ کەس لە ئەنجامی هێرشە تیرۆرستییەکان کوژران [2]. زیاتر لەوە، (SL) خەریك بوو هەڕەشەی دەخستە سەر لیمای پایتەخت. لە وەڵامی ئەو هەڕەشەیەدا، فیوجیمۆری، کۆنگرێس و دادگای هەڵپەسارد و یاسای تەنگەتاوی بۆ جەنگکردن لەدژی گەندەڵی و (SL) ڕاگەیاند[3]. هەروەها ستراتیژیەتی دژەتیرۆری دیاریکرد کە بە شێوەیەکی دیاریکراو سەرکردەکانی (SL) ی تیادا کردە ئامانج. ئەمەش بە پێچەوانەی ستراتیژییەتی پێشوو بوو کە تیشکی دەخستە سەر کردارەکان دژی پشتیوانانی (SL) لە ناوچە دێهاتییەکان[4].

بۆ پێکانی سەرکردەکان، دەسەڵاتدارانی پیرۆ پێویستییان بە زانیاری باشتر هەبوو[5]، بۆیە حکومەت دەستی کرد بە کۆکردنەوەی زانیاری لە ئەندامە گیراوەکانی (SL)، بە بەکارهێنانی دەسەڵاتێکی یاسایی تایبەت کە ڕێگەیانی پێدەدا بۆ گرتنی تیرۆریستی گومانلێکراو بەبێ دادگاییکردن[6]. ژمارەی ئەندامە کوژراوەکانی (SL) لە نێوان ١٩٨٩ ـ ١٩٩٢ دوای دەستگیرکردنیان بە بێ دادگاییکردن بوو بە دوو ئەوەندە[7]، ئەمەش بەردەوامی ئەو تەکنیکە ڕوون

١- Carlos Basombrío, "Peace in Peru: An Unfinished Task," in Arnson (١٩٩٩, pp. ٢٠٦–٢٠٨).

٢- Palmer (١٩٩٤, p. ٣٤).

٣- Palmer (١٩٩٤).

٤- Koonings and Kruijt (١٩٩٩, p. ٤٣).

٥- Arnson (١٩٩٩, p. ٢٣١).

٦- "Glimmering Path," The Economist, July ٢٩, ١٩٩٥; Palmer (١٩٩٤, p. ١٨).

٧- Arnson (١٩٩٩, p. ٢٢٩).



دەکاتەوە کە حکومەت گرتیە بەر بە کوشتنی گیراوان بێ دادگایی. سەرباری ئەو هەوڵە چڕانەی دژە تیرۆر، سروشتی چالاکییەکانی (SL) بە ئاسانی ڕێگەی دەستکەوتنی زانیاری دەدا. کاتێك کە (SL) بەرەو شارەکان بزوان، دەسەڵاتدارانی پیرۆ ئاسانتر دەیانتوانی بچنە نێو ڕێکخراوەکەیان و زانیاری دەربارەی سەرکردەکان کۆبکەنەوە کە لەکوێنە و لە کوێ دادەنیشن[1]. لە کۆتاییدا لە سێپتێمبەری ١٩٩٢ دەسەڵاتداران سەرکردەی (SL) (ئەبیمایڵ گوزمان) یان دەستگیرکرد و دەستیان بەسەر ئەرشیفی فەرماندانی ناوەندی (SL) دا گرت. دواتر دەسەڵاتداری پۆلیس و سەربازی دوانزە سەرکردەی دیکەی (SL) قۆڵبەستکرد و پێنجی دیکەشیان کوشت کە نزیکەی ٦٠٪ ی تەواوی فەرماندانی ناوەندییان پێکدەهێنا[2].

بە هۆی لەدەستدانی گوزمانی سەرکردەیان، (SL) نەیتوانی خۆی ڕاستبکاتەوە. هەرچەندە فەرماندە ناوچەییەکان بەرپرس بوون لە پلاندانانە کرادارییەکان، بەڵام نەیانتوانی سەرکەوتن بەدەست بێنن لە پڕکردنەوەی شوێنی سەرکردەی نەتەوەی[3]. هەروەها گوزمان نوێنەرایەتی زیاتر لە ستراتیژیەتێکی دەکرد، ئەو هەر لەسەرەتاوە کۆنترۆڵی بەسەر هێزی ورەی گروپەکەدا کردبوو[4]. لە ساڵانی هەشتاکاندا زۆربەی فەرماندە پلە دووەکان کوژران و پلانی دیکەی بەدوادا نەهات[5]، بۆیە دوای قۆڵبەستکردنی گوزمان (SL) هەڵوەشایەوە و دواتر بۆ کۆمەڵێ گروپی بچووك گۆڕا کە تائێستا نەیانتوانیوە ئەو پێکهاتەی ڕێکخراوەیی

١ـ James Brooke, "Snaring the Top Guerrilla: 'Bingo! We Got Him,'" New York Times, September ١٥, ١٩٩٢.

٢ ـ Russell Watson and Brook Larmer, "It's Your Turn to Lose," Newsweek, September ٢٨, ١٩٩٢.

٣ ـ Gordon H. McCormick, The Shining Path and the Future of Peru, Santa Monica, Calif.: RAND Corporation, R-٣٧٨١-DOS/OSD, ١٩٩٠.

٤ ـ McCormick (١٩٩٠).

٥ـ Watson and Larmer (١٩٩٢).

و یەکیەتییەی لە پێنج هەزار ئەندامی بەهێزی (SL) دا هەبوو، بەدەستبهێننەوە[١].

هەروەها هۆکاری دیکە کاریان کردە سەر ئەو ژمارە زۆرەی کوژراوان کە لە ڕیزەکانی (SL)دا کەوتنەوە، بۆ نموونە: لە پێناو درێژەپێدانی هەڵمەتەکانی نێو شاردا، سەرکردەکانی (SL) لە ساڵانی هەشتاکاندا باجیان لەسەر جەماوەری دێهاتەکان زیادکرد کە بە مەڵبەندی پاڵپشتی (SL) دا دەنران[٢]، بەهۆی نەتوانینی بەخشینی ئەو باجە هەندێ لە جەماوەرە پاڵپشتەکان یارمەتییان لە (SL) بڕی و چوونە ڕیزی سەربازی پیرۆ و گروپی بەرگریکاری مەدەنییان لە دژی (SL) پێکهێنا[٣]. بەم شێوەیە پاڵپشتی دیهاتییەکان بۆ (SL) بە شێوەیەکی بەرچاو ڕووی لە کزی کرد و ئەو جەماوەرەی کە پێشتر خۆیان لە ڕیزی جەنگاوەرانی (SL) دا دەبینییەوە، سەنگەریان گۆڕی و چوونە ڕیزی هێزی سەربازی. ئەم ڕەتکردنەوەیەی گوندنشینەکان هاوکات بوو لەگەڵ تاکتیکەکانی دژە تیرۆری حکومی کە بەیەکەوە هاوبەشییان کرد لە کەمکردنەوەی توانای (SL) کە چیتر بتوانێ مەشق ئەنجامبدا یا لە نێو بنکە جەماوەرییە سەرەتاییەکانیشیدا چالاکی بەڕێوەببا[٤].

سەرۆك فیوجیمۆری نەك هەر هەڵمەتی توندی دژەتیرۆری دامەزراند، بەڵکو سەرکەوتووانە دەستگیرکردنی گوزمانیشی بەڕێوەبرد. فاکتەری سەرەکی

١– Oscar Ramirez, the man responsible for a series of attack on hotels in ١٩٩٥, is thought to be the leader of the strongest of these small groups.

٢– Gabriela Tarazona-Sevillano, “The Organization of the Shining Path,” in Palmer (١٩٩٤, p. ٢٠٤).

٣- Tarazona-Sevillano (١٩٩٤); Cynthia McClintock, “The Decimation of Peru’s Sendero Luminoso,” in Arnson (١٩٩٩, pp. ٢٣٥–٢٣٧).

٤ـ Tarazona-Sevillano (١٩٩٤). See also Brooke (١٩٩٢) for a discussion of Peru’s intelligence capabilities in urban areas versus rural areas.



هەرەسهێنانی (SL) بریتیبوو لە بێ ئومێدبوونی شوێنکەوتووانی گوزمان. فیوجیمۆری هەڵسا بە قوڵترکردنی ئەو بێ ئومێدییە ئەویش بە ڕێگە پێدانی گوزمان کە وتەیەك بڵاو بکاتەوە لەسەر دەستگیرکردنەکەی ـ ئەوکات گوزمان جەختی لەسەر بەردەوامبوونی جەنگ کردەوە لەلایەن ئەندامانی (SL) ــ بەڵام لە بڵاوکراوەکاندا پەیامێکی پێچەوانەی ئەوە لە گوزمانەوە بڵاوکرایەوە کە داوای لە ئەندامانی (SL) دەکرد چەك دابنێن[١]. لە ساڵی ١٩٩٢ دا (SL) سەرکردەکەی و بنکە جەماوەرییەکەی لەدەستدا و ئەندامانی تووشی بێ ئومێدی هاتن.

## تێبینی

ئەم چاوخشاندنە خێرایە بە مێژووی (SL) تێگەیشتنێکی وردمان دەربارەی ڕێڕەوی شاراوەی پەرەسەندنی گروپە تیرۆریستییەکان پێدەبەخشێ، بە تایبەتی لە چوارچێوەی سیستەمەکەی ئێمەدا. یەکەم، توانای (SL) بۆ ئەنجامدانی هێرشی تیرۆریستی گەشەکردنێکی تەواو ڕێك (هێلی) بوو لە ئاستەکانی تواناادا، لە ماوەی نزیکەی ١٠ ساڵدا، توانای (SL) پێشوەچوونی بەخۆیەوە دیت لە توانای

١- Corinne Schmidt, “Guzmán Fights on from the Cage,” The Times [London], September ٢٦, ١٩٩٢; Sally Bowen, “Peru Rebel Chief ‘Seeks Peace Deal,’” Financial Times, October ٢, ١٩٩٣.

لە یەکەم وتاریدا، سەرۆك فیوجیمۆری ڕێگەی بە گوزمان دا کە لە بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان دەرکەوێ و بدوێ. ڕۆژنامەنووسان بانگەشەی ئەوەیان کرد کە فیوجیمۆری هەوڵی ئەوەی دەدا لە گەورەیی گوزمان کومبکاتەوە بە نیشاندانی بە بەرگی زیندانییەوە و دانانی لە قەفەسی زیندانیدا. بۆ نامەکەی گوزمانیش، فیوجیمۆری نامەیەکی بە ڕۆژنامەنووسان دا گوایە لە گوزمانەوەیە کە تیایدا ڕێکەوتننامەی ئاشتی هاتبوو.

ئەنجامدانی هەر هێرشێك گۆڕا بۆ توانای ئەنجامدانی هێرشی سەرکەوتووانە بۆ سەر ئامانجی پارێزراو. ئەو بەرەو پێشچوونە لە پێداویستییە ستراتیژییەکانی (SL) دا ڕەنگی دایەوە، وەك بزوانی (SL) لە یاخیبوونی دیهاتی بۆ نێو شار. ئەم تێبینییە پەیوەندی گرنگی بە شیکردنەوەکەی ئێمەوە هەیە، ئەوە دەردەخا کە لەم خاڵەدا بڕیاردانی (SL) بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر بنەمای چۆنیەتی بەدەستهێنانی ئامانجە ستراتیژییەکانی ڕێکخراوەکە بنیاتنرابوو. بەڵام فاکتەری دیکەی وەك چاودێری و یارمەتی وڵاتان کاریگەرییەکی جێی ئاماژەی لەسەر فراوانبونی (SL) دا نەبوو. گروپەکە توانی بە دوای ئامانجە ستراتیژییەکانی بکەوێ لە ڕێگەی گەیشتنی بە سەرچاوەکانی داهات وەك بازرگانی مادەی بێهۆشکەر، بەڵام هۆکاری سەرەکی دیکە کە یارمەتی فراوانبوونیاندا، بریتیبوون لە پرۆسەی ئەندامگیری و بۆشایی کرداری کە بە ئاسانی بۆی مەیسەر دەبوو.

دووەم، بە پێچەوانەی فراوانبوونەکەی، ڕێڕەوی پرشنگدار، بە خێرایی باری بەرەو خراپی چوو. لە ماوەی دوو ساڵدا، توانای گروپەکە کەمبووەوە لە توانای ئەنجامدانی هێرشی سەرکەوتووانە بۆ سەر ئامانجی پارێزراو گۆڕا بۆ توانای ئەنجامنەدانی هیچ جۆرە هێرشێك. نکۆڵی لێناکرێ کە تێکەڵ بوونی کۆمەڵە فاکتەرێك بووە مایەی ئەو نوشوستی و تێکشکانە. لەو باسەی سەرەوە ڕووندەبێتەوە کە ستراتیژیەتی دژەتیرۆری فیوجیمۆری هۆکارێکی سەرەکی بوو کە کاریگەری پێکهاتەی فەرمان و کۆنترۆڵی (SL) ی کەمکردەوە. لە ڕاستیدا، هێزە ئاسایش پارێزەکان توانیان زیاتر لە نیوەی فەرماندەکانی (SL) دوورخەنەوە. بەبێ ژێرخانی فەرمان و کۆنترۆڵ، گروپەکە ناچاربوو داهاتەکانی لە خۆحەشاردان و درێژەدان بەژیان خەرج بکا لە بری ئەوەی هەڵمەتەکانی نێوشاری پێ ڕاپەڕێنێ. چوونە نێو شار و نائامادەیی فەرمان و کۆنترۆڵی گروپەکە هەستیاربوو بۆ هۆکارە دەرەکییەکان، یا فاکتەری نێوخۆیی وەك چاودێریکردن و



دژەهەواڵگەری، بۆیە ئەو هۆکارە دەرەکییانە ڕێگەیان نەدا گروپەکە تواناکانی فراوانبکا، هەروەها ڕۆڵی گرنگیشیان لە خراپبوونی باری (SL) دا بینی.

سێیەمیان، لاوازبوونی ڕێڕەوی پرشنگدار بەهۆی ئەوەوەبوو کە گروپەکە نوشوستی هێنا لە بەهێزکردن و هێشتنەوەی پاڵپشتی جەماوەر. هێرشەکان و باجەکانی ڕێکخراوەکە بۆ سەر دێهاتە هاوشێوەکانی خۆی ـ لە هەوڵێکیدا بۆ بەهێزکردن و درێژەپێدانی هەڵمەتەکانی نێوشاریدا ـ بنکەی جەماوەری لەو ناوچانەدا لاواز کرد. حکوومەتی پیرۆش کاریگەرانە ئەو لاوازییەی قۆستەوە لە ڕێگەی دامەزراندنی هێزی خۆپارێزی نێوخۆیی لە دێهاتەکانی باشوری ڕۆژهەڵات. بە هەمان شێوە حکومەتی پیرۆ توانی ئەندامە سەربازییەکانی ڕێکخراوەکەش سارد بکاتەوە و بێ ئومێدیان بکات بە وێنەکێشانی گوزمان وەك سەرکردەیەکی دووڕوو، وەك لەسەرەوە باسکرا. بۆیە گۆڕانی نێوخۆیی گروپەکە ـ بە تایبەتی پەیوەندی نێوان گروپەکە و بنکە جەماوەرییەکەی و پەیوەندی نێوان گوزمان و ئەندامانی ـ ڕێکخراوەکەی بەرەو لاوازی برد و بوو بە هۆکاری لە نێوچوونی.

## حزب الله

حزب الله (پارتی خودا) پێگەیشتنێکی جیاواز لەوەی ڕێڕەوی پرشنگدار لەخۆ دەگرێ. لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو و سەرەتای هەشتاکان، تیرۆریستانی فەلەستینی، باشووری لوبنانیان وەك بنکەیەك بۆ هێرشەکانیان بۆسەر باکووری ئیسرائیل بەکاردەهێنا[1]. لەهەمان ماوەدا، دانیشتوانی کەمینەی شیعە کەوتنە

[1] ـ بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی دژەهێرشەکانی ئیسرائیلی لە باشووری لوبنان دژی گۆریلا فەلەستینییەکان، بڕوانە:

ململانێ بۆ وەرگرتنی دەسەڵاتی نەتەوەیی لەگەڵ خاچپەرستەکان. چونکە خاچپەرستەکان هەندێ جار لەگەڵ ئیسرائیلدا هاوپەیمان بوون، بۆیە فەلەستینییەکان یارمەتی مەشق و چەکیان پێشکەش بە میلیشیا شیعییەکان دەکرد لە باشووری لوبنان لە دژی خاچپەرستەکان[1]. لە کۆتاییدا ئەو میلیشیایانە حزب الله یان پێکهێنا. بۆیە ڕەگی حزب الله لە ململانێی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکان و جەنگی نێوخۆیی لوبنان دروستبوو. لە ئەنجامی ئەوەش، ئامانجە ستراتیژییەکانی گروپەکە دو تا لەخۆ دەگرێ: تایەکیان، دوورخستنەوەی بوونی سەربازی ئیسرائیلی لە باشووری لوبنان، و ئەویدیش، وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لە لوبنان[2]. حزب الله بە پێچەوانەی ڕێڕەوی پڕشنگدار، لە بیست ساڵی ڕابردوودا، سەرەتا خۆی بۆ وەدەستهێنانی ئامانجی یەکەمی تەرخانکردبوو، دواتر بەرەو ئامانجی دووەم هەنگاوی نا. لەخوارەوەدا ئەو هۆکارانە باس دەکەین کە توانایان بە حزب الله بەخشی و ئەوانەش تەگەرەیان خستە بەردەم سەرکەوتنی.

یەکەم ڕووداو کە هانی گەشەکردنی حزب الله یدا، بریتیبوو لە هێرشی ئیسرائیل بۆسەر باشووری لوبنان و داگیرکردنی ئەو هەرێمە لە ساڵی ١٩٨٢[3]. سەرەتا دانیشتوانی کەمینەی شیعەکان بەرەوپیری هێرشەکەوە چوون لەگەڵ پێدانی چەند

see Ian Black and Benny Morris, Israel's Secret Wars: AHistory of Israel's Intelligence Services, New York: Grove Weidenfeld, ١٩٩١.

١- Jaber (١٩٩٧, p. ١٧).

٢- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئامانجە سیاسی و ئایدیۆلۆجییەکانی حزب الله و ستراتیژیەتی سەربازی ئەو گروپە، بڕوانە:

Amal Saad-Ghorayeb, Hizbu'llah: Politics and Religion, London: Pluto Press, ٢٠٠٢, chapters ١ and ٦.

٣- Saad-Ghorayeb (٢٠٠٢, p. ١٠).



یارمەتییەک، چونکە کەمێك بوو لە گەندەڵی (PLO) ڕقیان هەڵسابوو، نەفرەتیان لە توندوتیژییەکانی دەکرد[1]. بەڵام دواتر شیعەکان بۆیان دەرکەوت کە هێزی سەربازی ئیسرائیلی پلانی وایە کە هەر لە باشووری لوبنان بمێنێتەوە و جێی نەهێڵێ. بۆیە بەردەوامبوونی داگیرکاری ئیسرائیلی بووە مایەی چالاکی بەرگری پەرتەوازەکردن و تێکدانی بارۆدۆخەکە لەلایەن میلیشیا نێوخۆییەکانەوە[2].

لە نۆڤێمبەری ١٩٨٢، حزب الله یەکەم هێرشی بوارفراوانی خۆی ئەنجامدا، کە بریتیبوو لە تەقاندنەوەی بارەگای سەرکردایەتی سەربازی ئیسرائیلی لە (تایری)، و ١٤١ کەسی لە ڕووداوەکەدا کوشت[3]. کۆمەڵێ هۆکار بەشداربوون لە ڕێکخستن و بەرەوپێشبردنی تواناکانی گروپەکە بۆ ئەنجامدانی هێرشێکی لەو جۆرە لەلایەن میلیشیا پەرتەوازەبووەکان. یەکەم هۆکاری سەرەکی بریتیبوو لە دابینکردنی مەشق لەلایەن زیاتر لە ١٥٠٠ گاردی شۆڕشی ئێرانی بۆ میلیشیان شیعەکان کە بۆ یارمەتی بەرگریکردن دژی ئیسرائیل نێردرابوون. گاردە شۆڕشگێڕەکان هەڵسان بە ڕێکخستن و مەشقپێدانی میلیشیاکان لەسەر ئەنجامدانی هێرشی کاریگەر و، مەشقەکەش بریتیبوو لە: پشکنین، کۆکردنەوەی زانیاری، و تاکتیکەکانی هێرشی خۆکوژی. ئەو کەمپەی مەشقکردن کە لەلایەن گاردی شۆڕشگێڕانەوە دامەزرابوو، بیروڕای شۆڕشی ئێرانیشی فێری میلیشیاکان دەکرد[4]، لە ئەنجامی مەشقکردن و پێکهاتە ڕێکخراوەییە نوێیەکەی، حزب الله

١- Jaber (١٩٩٧, pp. ١٤–١٨).

٢- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی مێژووی تۆماری ئەو هێرشانە، بڕوانە مێژووی ڕووداوەکانی تیرۆری دەزگای ڕاند کە لەم ماڵپەڕە دەست دەکەوێ: http://db.mipt.org .

٣- مێژووی ڕووداوەکانی تیرۆری دەزگای ڕاند کە لەم ماڵپەڕە دەست دەکەوێ: http://db.mipt.org.

٤- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی کاریگەری شۆڕشی ئێرانی لەسەر میلیشیا شیعەکانی لوبنان، بڕوانە:

تواناکانی فراوانتر کرد و لە ئەپریلی **١٩٨٣** دا توانی هێرشی تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێلی بەمینرێژکراو لە بەردەم باڵیۆزخانەی وڵاتەیەکگرتوەکان لە بەیروت ئەنجامبدا کە **٦٣** کەسی کوشت، و شەش مانگ دواتر نشینگەی سەربازانی دەریایی ئەمەریکی لە بەیروت تەقاندەوە کە **٢٤١** کەسی کوشت. لە نێوان **١٩٨٢** تا **١٩٨٥** حزب الله بەلای کەم **٣٠** هێرشی خۆکوژی ئەنجاداوە و زیاتر لە **٤٠٠** کەسی تیادا کوژراون[1].

لە وەڵامی هەڕەشەی سەپێنراوی حزب الله و توانا نوێ و زیادبووەکانی، هێزەکانی ئیسرائیل لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا دەستیانکرد بە چڕکردنەوەی چالاکییەکانیان لە دوورخستنەوەی فەرماندە ڕێکخراوەییەکان[2]. سەرەڕای ئەو تاکتیکە دژە تیرۆرییە، هێزی سەربازی ئیسرائیلی دەستی بە ئەنجامدانی هێرشی ڕاستەوخۆی بۆسەر دانیشتوانی شیعەی لوبنانی کرد. بڕوای وابوو کە خەڵك گلەیی و ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر بەو تۆڵەسەندنەوەیە دەخەنە ئەستۆی حزب الله و پاڵپشتی خۆیان بۆ ڕێکخراوەکە کەمدەکەنەوە[3]. سەرەتا دژەهێرشەکانی ئیسرائیل کاری خۆی کرد و بووە هۆی لەدەستدانی توانا کردارییەکان و پاڵپشتی گشتی بۆ حزب الله[4]. هەرچۆنێك بێ حزب الله توانی لەگەڵ ئەو زیانانە

Saad-Ghorayeb (٢٠٠٢, pp. ١٤–١٥). See also "Baalbek Seen as Staging Area for Terrorism," Washington Post, January ٩, ١٩٨٤, and Carl Anthony Wege, "Hizbollah Organization," Studies in Conflict and Terrorism, Vol. ١٧, ١٩٩٤, pp. ١٥١–١٦٤.

١ـ بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی مێژووی تۆماری ئەو هێرشانە، بڕوانە مێژووی ڕووداوەکانی تیرۆری دەزگای ڕاند کە لەم ماڵپەڕە دەست دەکەوێ: http://db.mipt.org.

٢ـ Black and Morris (١٩٩١, pp. ٣٩٤–٣٩٩).

٣ـ Jaber (١٩٩٧, pp. ١٥٦–١٥٧).

٤ـ Jaber (١٩٩٧).



بەردەوام بێ. هۆکاری سەرەکی ئەمەش بریتیبوو لە دامەزراوەکانی حزب الله بۆ خزمەتگوزاری کە یارمەتی دارایی لە ئێرانەوە بۆ دابین دەکرا، یارمەتی دانیشتوانی شیعەیدا کە لەدوای هێرشەکانی ئیسرائیلەوە چاکببنەوە و خۆیان دابمەزرێننەوە[1]. بۆیە هەرچەندە هێرشە تۆڵەدارەکانی ئیسرائیل دەبووە مایەی ئازارچەشتنی دانیشتوانی شیعە، بەڵام بواری چاکبوونەوەی خێرای بۆ ڕەخساندبوون. ئەم چالاکییە بووە مایەی زامنکردنی بنکەیەکی جەماوەری بەهێز.

هەروەها گروپەکە وەڵامی فشارەکانی ئیسرائیلی دەدایەوە بە دابینکردنی پێکهاتەی فەرمان و کۆنترۆڵ و زیادکردنی هەوڵەکانی لەسەر ئاسایشی نێوخۆیی. بۆنموونە، فەرماندەکانی حزب الله کە بە هێرشێکی نوێیان دەزانی، تا کاتێکی کەم بەر لە ئەنجامدانی هێرشەکە ئەندامانی خوارووتریان ئاگاداری نەدەکردەوە[2]. ئەو کارمەندانەی کە هێرشەکانیان ئەنجامدەدا، فێرکرابوون کە بەرگی میلی لەبەربکەن و ڕیشیان بتاشن و خۆیان بەدوور بگرن لە هەڵگرتنی چەك بۆئەوەی لە گومان بەدوور بن[3]. بە هەمان شێوە ڕێکخراوەکە دەستیکرد بە کۆکردنەوەی ئەندام و پەرەپێدانی شارەزایانی تەکنیکی، سەرەڕای جەختکردن لەسەر چالاکییەکانی پشکنین و کۆکردنەوەی زانیاری و هەواڵ. ئەم گۆڕانانە ئاسایشی کرداری گروپەکەی بەرەوپێشبرد کە بووە مایەی سەرکەوتنی حزب الله لە هێرشەکانی بۆ سەر هێزی سەربازی ئیسرائیلی.

١ـ Jaber (١٩٩٧, pp. ١٦٧–١٦٨); Wege (١٩٩٤, pp. ١٥٧–١٥٩); Saad-Ghorayeb (٢٠٠٢, pp. ٧–٣٣); Bruce W. Nelan, "What's Peace Got to Do with It?" Time, August ٩, ١٩٩٣, pp. ٣٢–٣٣.

٢– Jaber (١٩٩٧, pp. ٣٩–٤٠).

٣ـ Jaber (١٩٩٧).

جگە لەوە حزب الله ڕێکخراوەکەی سەر لەنوێ بنیاتنایەوە بە پەیڕەوکردنی سیستەمی فرەچینی لە دانانی سەرکردەدا[1]. ڕێکخستنەوەی گروپەکە دڵنیایی بە حزب الله دا کە ئیسرائیل ناتوانێ لە دژە هێرشەکانیدا تەواوی گروپەکە لەناو بەرێ. ئەم گۆڕانکارییەش سەرکەوتنی بەخۆیەوە بینی، بۆ نموونە: لە شوباتی ١٩٩٢ کاتێك هەلیکۆپتەرەکانی سەربازی ئیسرائیلی تەقەیان لە عەباس موسەوی، سەرکردەی ئەوسای حزب الله کردو و کوشتیان[2]، بەڵام گروپەکە هێشتا لەتوانایدا بوو درێژە بەهەڵمەتەکانی دژی ئیسرائیل بدات. دوای تیرۆرکردنی ئەلموسەوی، حزب الله بە ململانێیەکی نێوخۆیی بۆ دەستنیشانکردنی سەرکردە تێپێپەڕی، بە جۆرێك کە سەرکردەی ئێستایان حسن نصر الله دەرکەوت[3]. هەرچەندە ئەو ململانێیە بووە مایەی دەرکەوتنی چەند لاوازییەك، بەڵام ئەوەی سەلماند کە بە پێچەوانەی ڕێڕەوی پرشنگدار حزب الله توانی قەرەبۆی لەدەستدانی سەرکردەی سەرەکی بکاتەوە.

لە ئایاری ٢٠٠٠ دا، هێزەکانی ئیسرائیل لە باشووری لوبنان کشانەوە. ئەو کشانەوەیە بە شێوەیەکی فراوان وەك سەرکەوتنێك لەلایەن گروپە تیرۆریستییەکانی دیکەی هەرێمەکە بۆ حزب الله لەقەڵەم درا بە تایبەتی لەلایەن فەلەستینییەکان. جگە لەوەش ئەوەی سەلماند کە هەڵمەتی تیرۆریستی دەتوانێ سەرکەوتن بەدەست بێنێ. سەرکەوتنی حزب الله تەواو پێچەوانەی هەڵمەتی ڕێڕەوی پرشنگدار دەوەستێ، بە تایبەتی بە تەریب بوونی ستراتیژیەتی دژە تیرۆری ئیسرائیل و پیرۆ. بەڵام حزب الله بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە گۆڕانکاری نەکرد لە گواستنەوەی یاخیبوونی دێهاتی بۆ ناوشار، کە ڕاستییەکەی

١- Wege (١٩٩٤, p. ١٥٧); Nelan (١٩٩٣, pp. ٣٢–٣٣).

٢- Magnus Ranstorp, "Hezbollah's Future?" Jane's Intelligence Review, February ١, ١٩٩٥.

٣- Wege (١٩٩٤, p. ١٥٧); Nelan (١٩٩٣, pp. ٣٢–٣٣).



پێویستی بەو هەڵمەتەی نێو شار نەبوو، چونکە ئامانجی گروپەکە بریتیبوو لە دەرکردنی ئیسرائیل لە باشووری لوبنان، نەك دەستگرتن بەسەر خەڵك و هەرێم لە نێو ئیسرائیل. لە ئەنجامی ئەوەش پێویستی بەوە نەبوو کە داهات یا ژێرخان و گروپەکە بخاتە بەردەم مەترسی دژە هێرش. ئەو جیاوازییە جێگای تێبینییە چونکە لاوازی و هەستیاری شاراوەی گروپەکە دەردەخا، کە گروپە تیرۆریستییەکان ستراتیژییەتیان فراوان دەکەن و تاکتیك و ئامانجەکانیان دەگۆڕن، پێیدا تێپەڕدەبن.

## تێبینی

وەك لە حاڵەتی لێکۆڵینەوەی ڕێڕەوی پرشنگدار، ئەو هەڵسەنگاندنە کورتەی حزب الله چەند تێگەیشتنێکی گرنگ دەبەخشێ بۆ ڕێڕەوی پەرەسەندنی نادیاری گروپە تیرۆریستییەکان. جێگای تێبینییە کە حزب الله بە شێوەیەکی ڕێك (هێڵی) بە گوێرەی ئاستەکانی توانا (بەشی دووەم) گەشەی نەکردووە هەروەك لە ڕێڕەوی پرشنگداردا وابوو، لە بری ئەوە گروپەکە چەند هەنگاوێکی بازداوە، و گەشەی کردووە لە کۆبوونەوەی میلیشیای ڕێکنەخراو و بێ ئەزموون بۆ ڕێکخراوێك کە لەماوەی دو تا سێ ساڵ هەڕەشەی بەرچاوی سەپاندووە. یەکێك لەو هۆکارە سەرەکییانەی کە ئەم گەشە خێراییەی خستەوە، بریتیبوو لە وەرگرتنی کرداری مەشق و ڕاهێنانی حزب الله لە سەرچاوەی دەرەکی کە بریتیبوون لە گاردی شۆڕشی ئیسلامی. ئەو تێبینییە شتێکە بەتایبەتی نوێ یا ڕیشەیی نییە، بەڵکو شارەزایانی تیرۆر لە مێژە لە دینامیکییەتی وڵاتانی چاودێری تیرۆرەوە گەیشتوون. بە هەرحاڵ لە چوارچێوەی سیستەمی تواناکانی ئێمە، ئەو شیکردنەوەیە ڕۆڵی پاڵپشتی دەرەکی ڕووندەکاتەوە و ئەوەش نیشان دەدا کە گروپە سەربازییەکان دەتوانن فراوان بن و تواناکانیان بە تەنیا پێشبخەن،

بەڵام جەختیش لەوە دەکاتەوە کە یارمەتی دەرەکی دەتوانێ یاریدەیان بدا بۆ بڕینی چەند هەنگاوێك و زۆر خێراتر گەشە بکەن.

دیسان بارودۆخی حزب الله جێگای باسە لەوەی گروپەکە ئەنجامی دا بۆ دوورکەوتنەوە لە هەڵوەشانەوەی خێرا کە دووچاری ڕێڕەوی پڕشنگدار بووەوە. فاکتەری گرنگ لەو سەرکەوتنەیدا بریتیبوو لە بە توانایی حزب الله بۆ پارێزگاریکردن و هێشتنەوەی پاڵپشتی بنکەی جەماوەرییەکەی لە باشووری لوبنان، تەنانەت دوای کشانەوەی ئیسرائیلیش لە باشووری لوبنان ساڵی ٢٠٠٠، حزب الله دەستی بە گێڕانی ڕۆڵێکی گرنگ لە سیاسەتی لوبنان کرد و خۆی بۆ حزبێکی سیاسی چالاك گۆڕی[١]. سەرەڕای کەڵکی مەشقکردن، یارمەتی ئێران بۆ حزب الله وایکرد کە درێژە بە کردارە خێرخوازییەکانی بدات. ڕێڕەوی پڕشنگداریش بە هەمان شێوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە بازرگانی مادەی بێهۆشکەر بڕی گەورەی داهاتی دەست دەکەوت، بەڵام جیاوازی سەرەکی هەر دوو گروپەکە ئەوەیە کە حزب الله ژیرانە پێشینەیەکی گەورەی بۆ پارێزگاریکردنی بنکە جەماوەرییەکەی دانابوو، بەڵام ڕێڕەوی پڕشنگدار پێچەوانەی ئەوە کاری کرد. جگە لەوەش پێکهاتنی گشتی ڕێکخراوەیی حزب الله ڕێگای پەرەسەندنی لە نێوگروپەکە ڕەخساندبوو، بۆیە حزب الله توانی بەرگەی دژە هێرشەکانی ئیسرائیل بگرێ کە دەیکردە سەر سەرکردەکانی، لە کاتی لەدەستدانی هەر سەرکردەیەك.

دەبێ تێبینی ئەوەش بکەین کە حزب الله نە گۆڕانی گەورەی لە ئامانجەکانی یا ستراتیژیەتی گشتی دژی ئیسرائیل سەلماندووە و، نە گیرۆدەی گرفتی ئاسایشی

---

١ـ حاڵی حازر، دوازدە ئەندامی حزب الله ئەندامن لە پەرلەمانی لوبنانی.



کرداری و پێداویستی فەرمان و کۆنترۆڵ بووەتەوە لە یاخیبوونی نێو شاردا. ئەم حاڵەتەی لێکۆڵینەوە بە بەراورد لەگەڵ ڕێڕەوی پڕشنگدار ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە گروپە سەربازییەکان بۆیان هەیە بگۆڕێن لە سیاسەتی دژە تیرۆردا کاتێ کە بە ماوەی گۆڕانکاری تێپەڕ دەبن.

## جیهادی ئیسلامی میسری

جیهادی ئیسلامی میسری، لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو وەك گروپێکی ڕێکخراوی ئازاد دەستی بەکار کرد. گروپەکە لە پشتیوانانی برایانی موسوڵمان و قوتابیانی زانکۆ کە دژی حکومەتی عیلمانی میسری دەوەستان، پێکهاتبوو[١]. لە درەنگی هەشتاکاندا، کارە تیرۆریستییەکانی گروپەکە زیاتر جەختی لەسەر تیرۆرکردنی بەرپرسانی حکومی کردەوە، ئەو هەڵمەتەش بە تیرۆرکردنی سەرۆکی میسری ئەوکات، ئەنوەر سادات لە ساڵی ١٩٨١ دەستیپێکرد[٢]. ڕووداوەکە بووە مایەی وەلامێکی سەرکوتکارانە لە لایەن پۆلیس و هێزی ئاسایشەوە، کە ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی گروپەکەی زیندانیکرد و ئەوانی دیش لە وڵات ڕایان کرد[٣].

لە دوای ئەو هەڵمەتە سەرکوتکارییەی حکومەت، زۆربەی ئەندامانی (EIJ) چوونە ئەفغانستان. لەوێدا مەشقی زیاتریان لە تاکتیکی گۆریلادا وەرگرت و پەیوەندییان بە موجاهیدانەوە کرد لە دژی داگیرکاری یەکێتی سۆڤییەت بۆ ئەو وڵاتە. لەو ماوەیەدا، واتە لە ناوەڕاستی هەشتاکان تا کۆتاییەکانی، هەڵمەتی گروپەکە دژی حکومەتی میسری بە تەواوی وەستا[٤]. دوای کۆتایی جەنگی سۆڤیەت و ئەفغانستان، جەنگاوەرە کۆنەکانی (EIJ) گەڕانەوە میسر و توانیان

---

١ـ شەریعەت، سەرچاوەی هەموو یاسایەکە کە موسوڵمانانی جیهانی پێ بەڕێچوە دەچێت، و قورئانیش سەرچاوەی سەرەکی یاساکانی شەریعەتە.

٢ـ International Policy Institute for Counter-Terrorism, "Jihad Group," n.d. www.ict.org.il/inter_ter/orgdet.cfm?orgid=١٨ (accessed September ٢٠٠٣).

٣ـ International Policy Institute for Counter-Terrorism (n.d.).

٤ـ Lawrence Wright, "The Man Behind Bin Laden," The New Yorker, September ١٦,٢٠٠٢, pp. ٦٨–٧٠.



هەڵمەتە تیرۆریستییەکانیان ببوژێنەوە. ئەو مەشق و ئەزموونەی کادیرەکان لە تاکتیکی گۆریلاوە وەریان گرتبوو، و ڕێکخستنی کرداری و ڕاهێنان لەسەر تەقینەوە و چەکی بچووك لەو کاتەی لە ئەفغنستان بوون، مەشقیان لەسەر کردبوو، وایکرد کە (EIJ) بیر لە ستراتیژیەتی نوێ بکاتەوە لە بەڕێوەبردنی کاری تیرۆرکردنی بەرپرسانی حکومەت و تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێل، کە لە زۆربەیاندا سەرکەوتنی بەدەستهێنا[١].

سەرەڕای سەرکەوتنی بەرایی، ئەزموونە کردارییەکەی (EIJ) نە توانی تا ئەو ڕادەیە سەرکەوتوو بێ کە زنجیرە هەڕەشەی گەورە بسەپێنێتە سەر حکومەتی ناوەندی کە هێشتا لە گرتن و داپلۆسینی میسرییەکان بەردەوام بوو، وە نە توانیشی کێبرکێ لەگەڵ گروپەکانی وەك جەماعەتی ئیسلامی بکات بۆ کۆکردنەوەی خەڵك لە دەوری خۆی و پشتگیری زیاتر لە نێو میسردا بەدەستبهێنێت[٢]. هەروەها (EIJ) بنکەی پاڵپشتی جەماوەری نەبوو، چونکە هەوڵی جیددی نەدابوو بۆ گەشەپێدانی ئەو پاڵپشتییە لە قاهیرە، کە زۆربەی کردارەکانی گروپەکەی تێدا بەڕێوە دەچوو. بۆیە گروپەکە لە لایەن زۆربەی جەماوەری موسوڵمانی گروپە میانڕەوەکانی قاهیرە بە باڵێکی توند ڕەو لەقەڵەم دەدرا. بنکە جەماوەرییەکەی (EIJ) لە دێهاتەکانی سەرووی میسرەوە بوو. گەلێك خەڵك لەو ناوچانە لە بارودۆخێکی توندی هەژاریدا دەژیان، نە هۆکارێکی وایان لە بەردەست بوو کە پشتی (EIJ) پێبگرن و نە دەشیانزانی گروپەکە لە

---

١ـ Federation of American Scientists, "Al-Jihad," at www.fas.org/irp/world/para/jihad.htm (accessed August ٢٠٠٣).

٢ـ Geneive Abdo, No God but God: Egypt and the Triumph of Islam, New York: Oxford University Press, ٢٠٠٠, p. ٢٠.

(IG) لە ئەنجامدانی ژمارەیەك ڕووداوی تیرۆریستی بەرپرسبوو، بە قەسابخانەکەی لۆکسۆریشەوە ساڵی ١٩٩٧.

قاهیرە خەریکی ئەنجامدانی چ جۆرە کارێکە. سەرەڕای ئەوەش ئەوانەی بیانویستایە پەیوەندی بە گروپەکەوە بکەن یا پاڵپشتی گەورەی بۆ دابین بکەن، دەبووایە بە بەرکەوتنی دەستی قورسی حکومەت ڕازی بن لە میانەی کرداری داپلۆسین و ڕاوەدووناندا کە بۆ گرووپەکەی ڕێکخستبوو. لە ئەنجامی ئەو کێشانە ژمارەیەکی دیکەی ئەندامانی (EIJ) بە نیازی گۆڕینی ستراتیژییەتەکەیان لە هەڵکوتانە سەر بەرپرسانی دەوڵەت لە ناو میسردا، جارێکی دیکە میسریان جێهێشت و ویستیان ئەمجارەیان تیرۆرکردنی پیاوانی دەوڵەت لەدەرەوە بکەنە ئامانج. بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکە، (EIJ) چەندین شانەی لە ئەوروپا و ئاسیادا دامەزراند[1]. ستراتیژیەتەکە چەند سەرکەوتنێکی بەدەستهێنا، وەك: لە ساڵی ١٩٩٥، (EIJ) هێرشێکی خۆکوژی کردە سەر باڵیۆزخانەی میسر لە ئیسلام ئاباد ـ پاکستان، تیایدا ١٦٠ کەس کوژران و ٦٠ یش بریندار بوون[2]. سەرکردەی گروپەکە، ئەیمەن زەواهیری پلانی گەورەتری بۆ گروپەکە لە هەگبەدا هەبوو.

زەواهیری کە لە ساڵی ١٩٩٣ دا لە میسرەوە ڕایکرد، لە سودان بە ئوسامە بن لادن گەیشت و هاوڕێیەتی لەگەڵ پەیدا کرد[3]. لەو کاتەدا ئوسامە بن لادن لە سەروبەندی پرۆسەی دامەزراندنی ئەلقاعیدە بوو بۆ پلانی جیهاد دژی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئیسرائیل. بن لادن هەمان خولیا و تامەزرۆیی بەرپاکردنی جیهادی جیهانی دژی ئەو دوو وڵاتە لە بیری زەواهیریدا خوێندەوە.

١ ـ Wright (٢٠٠٢, p. ٧٨).

٢ـ ئەو ژمارانە لە ئاماری هێرشە تیرۆریستییەکانی دەزگای سیاسەتی نێونەتەوەیی بۆ دژە تیرۆر، لە ئینتەرنێتەوە وەرگیراون. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە وێبسایتی: www.ict.org.il .

٣ـ T. Christian Miller, "The Alleged Brains Behind Bin Laden," Los Angeles Times, October ٢, ٢٠٠١.



ئەو هاوڕێیەتییە و دواتریش تێکەڵبوونی گروپەکە لەگەڵ ئەلقاعیدە، گۆڕانێکی گەورەی بەسەر (EIJ) دا هێنا.

کاتێك کە سزای نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٩٩٦ بن لادنی ناچارکرد سوودان بەرەو ئەفغانستان جێ بهێڵێ، زەواهیری لە گەڵیدا چوو بۆ یارمەتیدانی و بەڕێوەبردنی ئەلقاعیدە. دوو ساڵ دواتر، لە شوباتی ١٩٩٨ بن لادن بۆچوونی خۆی لەمەڕ جیهادی نێونەتەوەیی دژی ئەمەریکا و ئیسرائیل لە شێوەی فەتوادا ڕاگەیاند[1]، و داوای لە هەموو موسوڵمانان کرد کە هێرش بکەنە سەر هاوڵاتیانی ئەمەریکی لە سەرتاسەری جیهاندا. سەرۆکی چوار گروپی ئیسلامی کە زەواهیری یەکێك بوو لەوان بە ئیمزاکردنی ئەم فەتوایە پەیوەندییان کرد بە "بەرەی ئیسلامی بۆ جیهاد دژی جوولەکە و خاچپەرستەکان".

ئەم ڕووداوە جارێکی دیکە (EIJ) پێناسکردەوە. کردارەکانی زەواهیری وایکرد کە گروپەکەی بە جەنگی نێودەوڵەتی بن لادن دژی ڕۆژئاوا ببەسترێتەوە. گۆڕانێکی ڕیشەیی لە ئاراستەی گروپەکە ڕوویدا، کە گرنگترین ئامانجی هەمیشە بریتیبوو لە خستنی حکومەتی عیلمانی میسری. ڕاستییەکەی بڕیاری زەواهیری بووە مایەی ڕەتکردنەوەیەکی بەهێز لە نێو ڕیزەکانی (EIJ) دا، چونکە زۆربەی ئەندامانی پێیان باشتر بوو کە زیاتر تیشك بخەنە سەر میسر[2]. لە کۆتاییدا زەواهیری سەرکەوت و (EIJ) دەستیکرد بە خۆگۆڕین دژی ڕۆژئاوا و بە تایبەتی دژی ویلایەتە یەکگرتووەکان[3].

١ـ Islamic religious ruling, or decision.

٢ـ Anonymous (٢٠٠٢, p. ١٧٢).

٣-Wright (٢٠٠٢, p. ٨٣).

پشتگیریکردنی (EIJ) بۆ قاعیدە بریتیبـوو لـە بەشـداریکردن لـە کردارەکـان و مەشقپێدانی ئەندامی نوێ لە جەنگی گۆریلا و تاکتیکە تیرۆریستییەکانی دیکـە لە کەمپەکانی ئەفغانستان[١]. لە بەرامبەر ئەوەشدا، بن لادن، پارە و کەرەستەی دیکەی بۆ (EIJ) دابین دەکرد، سەرەڕای بواری مەشقی زۆر پێـشکەوتوو[٢]. بـڕوا وایە کە (EIJ) پلانی بۆ هەردوو هێرشە خۆکوژییەکەی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە تەنزانیا و کینیا داڕشتبێ کە ٢٥٨ کەس تیایـدا کـوژران و هـەزارانیش برینـدار بـوون. هـەروەها گروپەکـە لـە هـەمان سـاڵدا هـەوڵی هێرشـێکی دا بـۆ سـەر باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە ئەلبانیا[٣]. جگە لەمانە زەواهـیری ڕۆڵـی بینیـوە لـە پلانەکانی دواتری ئەلقاعیدە کە ئەوانەی ١١ ی سێپتێمبەرش دەگرێتەوە. لەگـەڵ دەستپێکردنی هێرشەکانی ١٩٩٨، ویلایەتە یەکگرتووەکان و هەندێ دەزگاکـانی ئاسایشی دیکە ژمارەیەك لە گەورە ئەنـدامانی (EIJ) یـان دەسـتگیر کـرد کـە پەیوەندییان بەم پلانانەوە هەبوو[٤]. سـەرەڕای ئـەوە، دەزگـا ئاسایـشییەکان لـە سەرتاسەری جیهان، تەواوی شانەکانی (EIJ) یان هەڵوەشاندەوە[٥].

---

١ـ Judy Aita, “Ali Mohamed: The Defendant Who Did Not Go to Trial,” InternationalInformation Programs [U.S. Department of State], May ١٥, ٢٠٠١.

٢ـ Aita (٢٠٠١).

٣ـ ئەم ژمارانە لەئاژانسی هەواڵگری ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە وەرگیراون:
“U.S. Court Document Links Bombing Suspect to Bin Ladin Organization,” press release, August ٢٨, ١٩٩٨.

جێگای باسە، هێرشەکەی ئەلبانیا نوشوستی هێنا.

٤ـ Jailan Halawi, “Militants Handed Over,” Al-Ahram Weekly, No. ٤٢٧, April ٢٩–May ٥, ١٩٩٩.

٥ـ U.S. Department of State, Patterns of Global Terrorism, ١٩٩٩, Appendix B, www.state.gov/www/global/terrorism/١٩٩٩report/appb.html.



لـە وەلامـی ئـەو فـشارەدا، (EIJ) هـەنگاوی زیـاتر ی نـا لـە هەوڵـەکانی بـۆ کۆکردنـەوەی ئەنـدام و بـۆ ناوچـەی ئـارامتر پـەرتو بڵاوبونـەوە، وەك ئێـران و لوبنان[١]. جگە لەوە فشاری نێوخۆیی لە نێو گروپەکەش زیادیکرد، ئەمـە جگـە لــەو ئەندامانــەی دژی گــۆڕینی ســتراتیژییەتی (EIJ) بــوون لــە ئامانجــە بنــچینەییەکانی خۆیــان. لـە سـاڵی ١٩٩٧ دا، ئەنـدامانی (EIJ) بـەرەو ڕووی پەیوەندی نێوان زەواهیری و بن لادن وەسـتان و بڕیاریـان دا کـە چـیتر زەواهـیری بەسەرکردەی (EIJ) قەبوڵ نەکەن[٢]. هەرچۆنێك بێ، گروپەکە لە مـاوەی سـاڵی ١٩٩٩ دا، لە ئاکامی ئەنجامدانی هێرش بۆ سـەر ئامانجـەکانی دەرەوەی میـسر بەردەوام ڕووبەڕووی کێشە و گرفـت دەبـووەوە، لـە ئـەنجامی ئـەوەش لـە سـاڵی ٢٠٠٠ دا داوایـان لـە زەواهـیری کـردەوە کـە وەك سـەرۆکێك بـۆ گروپەکـەیان بگەڕێتەوە[٣]. وەك دوایین کاری هاریکاری لەگەڵ بن لادن لە تەمووزی ٢٠٠١ دا زەواهیری پەیوەنـدی (EIJ) لەگـەڵ قاعیـدە دامەزرانـد بـە ڕازیبـوونی لەسـەر تێکەڵکردنی فـەرمی هـەردوو گروپەکـە[٤]. لـەم نوسـینەدا، تـا ڕادەیـەکی زۆر زەواهیری وەك ئەفسەرێکی پایەبەرزی بن لادن و سـتراتیژییەتی سـەرەکی دواوەی کردارەکـانی ئەلقاعیـدە دادەنرێـت و، لـە هەمانکاتـدا (EIJ) وەك بەشـێك لـە ئەلقاعیدە ماوەتەوە[٥].

---

١ـ Federation of American Scientists, “Al-Jihad.”

٢ـ Abduh Zaynah, “Report on Ayman Al-Zawahiri’s Life, Connection with Bin Laden,” Al-Sharq al-Awsat, September ٢٢, ٢٠٠١.

٣ـ Wright (٢٠٠٢, p. ٨٣).

٤ـ U.S. Department of State (١٩٩٩, p. ١٠٥).

٥ـ بروانە:
Ed Blanche, “Ayman Al-Zawahiri: Attention Turns to the Other Prime Suspect,” Jane’s Intelligence Review, October ٣, ٢٠٠١.

## تێبینی

ڕێڕەوی پەرەسەندنی (EIJ)، لە کاتێکدا جیاوازترە لە هی حزب الله و ڕێڕەوی پڕشنگدار، چەند وێکچوونێکی گرنگی لەگەڵ ئەو گروپانەدا سەلماندووە. بە لەبەرچاوگرتنی ئاستی توانای هەریەکەیان، (EIJ) زیاتر وەك حزب الله چەند هەنگاوێکی بازداوە، کە لە گروپێکی نا ڕێکخراوی قوتابیانی زانکۆی خاوەن ئایدیای توندڕەو هات بۆ لێدانی ئامانجی پارێزراوی وەك سەرۆك وەزیران، وەك یەکەم چالاکی تیرۆریستی. چونکە ئەو ستراتیژییەتە سەرەتا بۆ (EIJ) زۆر باش کاریکرد. گروپەکە تیشکی خستە سەر پەلاماردانی ئامانجی پارێزراو لە ماوەی قۆناغی چالاك بوونی لە میسردا و لە بەرایی تێکەڵبوونی لەگەڵ قاعیدە. لەوە دەچێ بەشێکی هەڵبژاردنی ئەو ستراتیژییەتە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە (EIJ) گەشەپێدانی تواناکانی بە تەنیا کارێکی ئەستەم بوو. بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر ئەزموونی (EIJ) لە ئەفغانستان بۆ شەڕکردنی پارتیزانی دژی یەکێتی سۆڤیەت، کارامەیی زیاتری بە گروپەکە بەخشی، بەڵام ئەو ئەزموونە هیچ ڕەنگدانەوەیەکی لە تواناکانیدا بۆ ئەنجامدانی هێرشی تیرۆریستی لەمیسردا بەدی نەهێنا. (EIJ) توانای ئەوەی سەلماند کە هێرش بکاتە سەر ئامانجی هاوڵاتی بێگانەی نەپارێزراو و زیاتر لە ١٥٠ کەس لە تاکە هێرشێکدا بکوژێ یا بریندار بکا، هەروەها ئەوەشی سەلماند کە توانای ئەنجامدانی کۆمەڵە هێرشی بەیەکەوەی هەیە، ئەمەش کاتێك کە پەیوەندی بە قاعیدەوە کرد و مەشق و داهاتی زیاتری بە دەستهێنا. هەموو ئەمانەشی لە دەرەوەی میسردا جێبەجێ دەکرد. زیاتریش وەك حزب الله و ئەبوسەیاف (کە دواتر باسی دەکەین) پەیوەندی (EIJ) لەگەڵ قاعیدە وەك هێزێکی چەند ئەوەندە گروپەکە توانای کارکردنی لە ئاستێکی توانای بەرزتر پێ بەخشی لەوەی کە گروپەکە بە تەنیا هەیبوو.

دەربارەی چەمکی "هەستی دژە ئەمەریکایی"، (EIJ) بەر لە پەیوەندیکردنی بە ئەلقاعیدەوە هیچ هەستێکی ڕاستەقینەی دژە ئەمەریکایی لە وتارەکانی نیشان



نەدەدا، بەڵام دوای ئەو تێکەڵبوونە، ڕاستەوخۆ سێ ئاستی توانای هەڵمژی. هەرچەندە جوداخوازەکانی نێو گروپەکە لە سەر بڕیاری زەواهیری بۆ هێرشکردنە سەر ویلایەتە یەکگرتووەکان، (EIJ) یان دابەشکرد، بەڵام نەبوونی توانای گروپە نوێیەکە بۆ پێکانی ئامانجی میسرییەکان بە تەنیا، دوای لادانی زەواهیری وەك سەرکردەیەك، ساڵێك دواتر بووە هۆی لکانی یەکجارەکییان بە ئەلقاعیدەوە و هەڵبژادنی ویلایەتە یەکگرتووەکان وەك ئامانجی سەرەکییان. لەوەدەچێ لە هەموو ئەوانە گرنگتر، نەبوونی بنکەی جەماوەری پاڵپشت بۆ هەڵمەتەکانی گروپەکە، هۆکاری هەڵوەشانەوەی (EIJ) بێ لە میسر. هەرچەندە کە لە میسریشدا بوو، گروپەکە ئاستێکی بەرزی توانای نواند و چەند هێرشێکی سەرکەوتووی ئەنجامدا، بەڵام هەرگیز نەیتوانی بەردەوام بێ بەهۆی نەبوونی پاڵشتی و یارمەتی جەماوەر. گروپەکە هەروا بێ توانا مایەوە لە بە ئەندامکردنی خەڵکی نوێ و، بچووکی قەبارەشی وایکردبوو کە هەڵمەتە سەرکوتکارییەکانی دەوڵەت بە تەواوی گروپەکە بڕوخێنێ، بە بێ بوونی سەرکردەی جێگرەوە کە بتوانێ قەرەبۆی کرداری ڕەشبگیری فراوانی حکومەت بگرێتەوە. هەروەها گروپەکە نەشی توانی خۆی پێشبخا بەهۆی نەبوونی لایەنی پاڵپشت بۆ دابینکردنی چەك و یارمەتی دارایی یان نەبوونی بۆشایی کرداری بۆ مەشقکردن. بارودۆخی (EIJ) ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەو گروپە تیرۆریستییە بچووکە بەڵام بەتوانایە، تەنیا بە جێهێشتنی شوێنی کارکردنی ڕاستەوخۆی، توانی بەردەوام بێ و بمێنێتەوە کە زۆر نزیك بوو لە نێو بچێ، و توانی تۆڕێکی جیهانی بەرفراوان دابمەزرێنێ و لەگەڵ بەهێزترین و توندڕەوترین ڕێکخراوی تیرۆریستی ئاوێتەبێ. بە پێچەوانەوە، (ASG) کە دواتر باسی دەکەین، هێشتا ڕووبەڕووی ئەو لەنێو چوونە دەبێتەوە، تەنانەت دوای ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ قاعیدە گرێدا، چونکە تا ڕادەیەك وەك (EIJ) بچووك و بەتوانایە، بەڵام (ASG) ، بە پێچەوانەی (EIJ) لە شوێنی کارکردنی ڕاستەوخۆیدا ماوەتەوە.

## گروپی ئەبو سەیاف

گروپی ئەبو سەیاف، گروپێکی تیرۆریستی ئیسلامییە لە میندناو ـ هەرێمی باشووری فلیپین چالاکییەکانی ئەنجامدەدات. عەبدولڕەزاق جەنجەلانی، لە ساڵی ١٩٩١ وەك دەستەیەکی جودا لە بەرەی ئازادیخوازی نەتەوەیی مۆرۆ، (ASG) دامەزراند کە ئەوەی یەکەمیان گروپێکی یاخیبووی ناسیۆنالیستییە و لەوەتەی شەستەکانەوە دژی حکومەتی فلیپینی سەرقاڵی جەنگی پارتیزانییە[١]. (MNLF) لە ساڵی دا ١٩٩٦ وتوێژی ئاشتی لەگەڵ حکومەتی فلیپینی دەستپێکرد، دەرەنجامی دانوستانەکە هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی بۆ موسوڵمانانی میندناو لێکەوتەوە[٢]. بەڵام (ASG) ئەم چارەسەرەی ڕەتکردەوە و ڕایگەیاند کە کار بۆ لەدەسەڵاتخستنی حکومەتی عیلمانی خاچپەرستی دەکات و، بۆ جێگرتنەوەی بە دەوڵەتێکی ئیسلامی لە میندناو و سۆلۆ و ئارچیپیلاگۆ، درێژە بەخەباتی خۆی دەدات[٣].

(ASG) بە بەراورد لەگەڵ (SL) یا حزب الله، کۆمەڵە ئەندامێکی کەم دەگرێتە خۆ، لەو کاتەی لە لوتکەی هێزی دابوو لە نۆهەتەکاندا، نزیکەی (٥٠٠) ئەندامی هەبوو[٤]. لە نێوان ١٩٩١ و ١٩٩٨ دا، گروپە سەربازییەکە دەستی بە

١ـ Kim Cragin and Peter Chalk, Terrorism & Development: Using Social and EconomicDevelopment to Inhibit a Resurgence of Terrorism, Santa Monica, Calif.: RAND Corporation, MR-١٦٣٠-RC, ٢٠٠٣, pp. ١٥–٢٢.

هەروەها بڕوانە:

"Abu Sayyaf," Jane's Terrorism Intelligence, March ٤, ٢٠٠٣, and Robert Reid, "The Philippines' Abu Sayyaf: Bandits or International Terrorists?" Associated Press, April ٦, ١٩٩٥.

٢ـ Cragin and Chalk (٢٠٠٣); "Abu Sayyaf" (٢٠٠٣); Reid (١٩٩٥).

٣ـ Cragin and Chalk (٢٠٠٣); "Abu Sayyaf" (٢٠٠٣); Reid (١٩٩٥).

٤ـ بە بەراورد، (MILF) نزیکەی ٣٥٠٠٠ ئەندامی هەیە، بڕوانە:



فراوانکردن و گەشەپێدانی تواناکانی کرد، توانی لە گروپێکی خاوەن توانای ئەنجامدانی هێرشی بچووك خۆی بگۆڕێ بۆ گروپێك کە توانای ئەنجامدانی هێرشی سەرکەوتووانەی بۆ سەر هاوڵاتیانی بێگانە ببێ، بۆ نموونە، لە ساڵەکانی یەکەمی هەڵمەتەکانی (ASG) دا، گروپەکە بە زۆری دانیشتوانی نێوخۆیی دەرفاند، و کڵێسایان دەتەقاندنەوە، یا خاچپەرستە نێوخۆییەکانیان دەکوشت[١].

هۆکاری مانەوەشی لە درێژەپێدانی ئەو ئاستەی توانا ئەوەبوو کە گەلێ لە ئەندامانی بریتیبوون لە جەماوەری ڕق هەڵساوی (MNLF) ی پێشوو یان بریتیبوون لە جەنگاوەرانی بەرەی ئیسلامی ئازادیخوازی مۆرۆ[٢]. هەروەها گەلێ لە کادیرانی (MNLF) و (ASG) لە هەشتاکاندا لە ئەفغانستان جەنگیان لە دژی سۆڤیەت کردبوو کە بە هۆی ئەوەوە فێری تاکتیکی گۆریلا ببوون و لە جەنگی نێوخۆییدا کەڵکیان لەو ئەزموونە وەردەگرت[٣].

Andrew Tan, "Armed Muslim Separatist Rebellion in Southeast Asia: Persistence, Prospects, and Implications," Studies in Conflict and Terrorism, Vol. ٢٣, ٢٠٠٠, pp. ٢٦٧–٢٨٨; "Soldiers Capture Main Camp of Rebel Abu Sayyaf Group," BBC News [online], July ١٩, ١٩٩٧; "Abu Sayyaf Will Take Over a Year to Regroup," BusinessWorld, December ٢٣, ١٩٩٨; and author interview, Philippine security officials, Manila, ٢٠٠٢.

١ـ "Abu Sayyaf" (٢٠٠٣).

٢ـ Reid (١٩٩٥); Tan (٢٠٠٠, pp. ٢٦٧–٢٨٨).

٣ـ بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئامادەبوونی جەنگاوەرانی موسوڵمانی باشووری ئاسیا لە ئەفغانستان، بڕوانە:

John McBeth, "The Danger Within," Far Eastern Economic Review,September ٢٧, ٢٠٠١, and Lira Dalangin, "Bin Laden Kin Denies Hand in RP Terror Cells," INQ٧.net, May ١٥, ٢٠٠٢.

لە ناوەڕاستی نەوەتەکاندا، (ASG) تواناکانی فراوانکرد بە سوود وەرگرتن لە یارمەتی دەرەکی لە ئوسامە بن لادن و تۆڕە جیهانییەکەی، بۆ نموونە، لە سەرەتای نۆهەتەکاندا، ئوسامە بن لادن موجاهیدانی بێگانەی ڕەوانەی فلیپین کرد بە مەبەستی مەشقپێدانی ئەندامانی هەڵبژێردراوی (ASG)[1]. سەرەڕای ئەو مەشقەش، بن لادن محەمەد جەمال خەلیفەی زاواکەی ڕاسپارد بۆ دامەزراندنی تۆڕی مەشقکردن لە باشووری فلیپین لە ژێر پەردەی کاری خێرخوازی ئیسلامی[2]. بە پێی ڕاپۆرتەکان ڕەمزی یوسف، تیرۆریستی پاکستانی کە بەرپرس بوو لە تەقاندنەوەی بنکەی بازرگانی نێودەوڵەتی لە ساڵی **١٩٩٣** دا، لە سەرەتای نۆهەتەکاندا بە بەکارهێنانی تەقەمەنی زۆر پێشکەوتوو مەشقی بە یاخیبووانی (ASG) داوە[3]. توانای ئەوەی هەبوو چەك و پارە لە سەرچاوەی دەرەکی بەدەستبهێنێ، لەو سەرچاوانەش بن لادن، سەرەڕای تۆڕە نهێنییەکەی پاکستان، مالیزیا و ڤێتنام[4].

ئەو کارلێکردنەی نێوان (ASG) و تۆڕەکەی بن لادن، کاریکردە سەر هەر یەك لەتوانا و نیازەکانی (ئامانجەکانی) گروپەکە. لەو کاتەدا (ASG) ئامانجی خۆی گۆڕی، و تیشکی خستە سەر پەلاماردانی ئامانجەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و سعوودیای عەرەبی، بۆ نموونە: لە ساڵی **١٩٩٣** دا (ASG) هاوڵاتییەکی ئەمەریکییان لە ماڵی خۆی لە فلیپین ڕفاند و بۆ ماوەی سێ هەفتە

١- Rigoberto Tiglao, “To Fight or Not to Fight,” Far Eastern Economic Review, March ٩, ١٩٩٩; Tan (٢٠٠٠, pp. ٢٦٧–٢٨٨).

٢- Rigoberto Tiglao, “Terror International: Manila Claims Foreign Groups Support Extremists,” Far Eastern Economic Review, May ٤, ١٩٩٥.

٣- Tan (٢٠٠٠, p. ٢٧٥).

٤- Tan (٢٠٠٠).



هێشتبیانەوە[1]. لە هەمانکاتدا (ASG) زیادبوونێکی ئاشکرای لە تواناکانی سەلماند، کاتێ گروپەکە هێرشی دەکردە سەر هێڵی ئاسمانی فلیپین، هەروەها کڵێسایەکی لە ساڵی **١٩٩٤** دا تەقاندەوە، کە **٦** کەسی کوشت و **١٣٠** یشی بریندار کرد[2].

لە دیسێمبەری **١٩٩٨** دا، (ASG) یەخەگیری نسکۆیەکی گەورە بووەوە، کاتێك سەرکردە دامەزرێنەرەکەی، جەنجەلانی، لە ئەنجامی تەقەکردنی هێزەکانی فلیپینی کوژرا[3]. مردنی جەنجەلانی بووە هۆی ڕووخانی گروپەکە، چونکە ئەو ڕۆڵێکی سەرەکی لە هێشتنەوەی یەکگرتوویی گروپەکە و تاکتیك و ستراتیژییەکانی دەگێڕا. بەدوای ئەو ڕووداوەدا، گروپەکە لێکترازانی تێکەوت و بۆ چەند گروپێکی دیکە دابەش بوو، هەریەك بە سەرکردە و ئەگێندای خۆی[4]. سەرباری گۆڕانی نێوخۆیی لە پێکهاتەی گروپەکە، پاڵپشتی دەرەکیش بە شێوەیەکی کاتی دوای مردنی جەنجەلانی وەستا[5]. ئەم ڕەتکردنەوەیەی پاڵپشتی دەرەکیش لە ئەنجامی نادیاری داهاتووی گروپەکە و جەختکردنی زیاترییان لەسەر ئەنجامدانی تاوانی گەورە سەرچاوەی گرتبوو، وەك ڕفاندنی خەڵك بۆ دەستکەوتنی پارە کە تارادەیەکی کەم لەگەڵ ئامانجە ئایدیۆلۆجییەکانی

١- بۆ زانیاری زیاتر ، بڕوانە مێژووی ڕووداوەکانی تیرۆری دەزگای ڕاند کە لەم ماڵپەڕە دەست دەکەوێ: http://db.mipt.org

٢- مێژووی ڕووداوەکانی تیرۆری دەزگای ڕاند: http://db.mipt.org

٣- “Abu Sayyaf Will Take over a Year to Regroup” (١٩٩٨); “Who Are the Abu Sayyaf?” BBC News [online], June ١, ٢٠٠١.

٤- “Who Are the Abu Sayyaf?” (٢٠٠١).

٥- “Profile: Abu Sayyaf,” Online NewsHour, January ٢٠٠٢.

## تێبینی

(ASG)، ڕەهەندێکی زیاتر دەخاتە سەر شیکردنەوەکەی ئێمە، چونکە ڕێڕەوی پەرەسەندنەکەی کورت تر (لەچوارچێوەی کات) و، بچوکترە (بەرەچاوکردنی تواناکانی) ئەگەر لەگەڵ گروپەکانی دیکە بەراورد بکرێت. لە ماوەی نزیکەی پێنج ساڵدا توانای (ASG) لە ئەنجامدانی هەر هێرشێك گۆڕا بۆ توانای بە ئامانجگرتنی هاوڵاتیانی بێگانە. هۆکاری یەکەم کە لەم زیادبوونە بەشداریکرد، بریتیبوو لە کارلێکردنی (ASG) لەگەڵ (MNLF) و ئەلقاعیدە. هەردوو ڕێکخراوە ئیسلامییەکە کرداری مەشقپێدانیان بۆ (ASG) دابینکرد، هەروەك چۆن کە گاردی شۆڕگێڕانی ئێرانی مەشقیان بۆ حزب الله دابین کرد. بەڵام (ASG) هەرگیز نەگەیشتووەتە ئاستی حزب الله. ژمارەیەك هۆکار ئەو جیاوازییە شیدەکەنەوە بۆ نمونە، حزب الله پێویستی بەوە نەبوو کێبڕکێ لەگەل گروپێکی دیکەدا بکات لە ڕووی ئەندامگیری و چەك و تەقەمەنی یا دەستگرتن بەسەر هەرێمەکەدا. بە پێچەوانەوە، (ASG) لە ژێر سێبەری ڕێکخراوێکی گەورەتری وەك (MNLF) کاریدەکرد کە بزووتنەوەیەکی یاخیبووی دیکەی ئیسلامی بوو و توانای گەورەی لە نێو موسڵمانانی مینداناو هەبوو. دەتوانرێ هەمان شت بۆ (EIJ) بگوترێ لە بارەی پەیوەندی بە (جەماعەتی ئیسلامییە) کە ئەوە ڕووندەکاتەوە، بۆچی (EIJ) لەدەرەوەی میسر دەستی بە کارکردن کرد. بۆیە، پەیوەندی (ASG) و گروپە سەربازییەکانی وەك ئەلقاعیدە و گروپی ئیسلامی توندڕەوی ئەندەنووسی (جەماعە ئیسلامییە) لەوانەیە بەهۆی پێویستی پێشبڕکێکردنی (ASG) بووبێت لەگەڵ (MNLF) بۆ متمانە پەیداکردن و بەهێزبوون لە میندناوادا. سەرەڕای ئەوەش، مردنی جەنجەلانی کاریگەرییەکی نێگەتیڤی ئاشکرای لەسەر (ASG) هەبوو، چونکە ئەو زیانە تەنها لەدەستدانی ڕێچکەدانەرەکەی نەبوو، بەڵکوو بووە هۆی پارچەپارچە بوونی



یارمەتیدەرەکانیان هاوکۆك بوو[١]. لە هەوڵێکدا بۆ پڕکردنەوەی زیانەکانی، دوای مردنی جەنجەلانی، (ASG) بڕیاریدا کۆششی زیاتر بۆ ڕفاندنی هاوڵاتیانی ئەمەریکی و ڕۆژئاوایی بخاتە گەڕ، بۆ ئەوەی زیاتر سەرنجی جیهانی بەرەو خۆی ڕابکێشێت[٢]. لەوە دەچێ کە (ASG) لەو کارەیدا زیاتر هیوای ئەوە بووبێ بەهۆی ئەو بارمتانەوە پارە کۆبکاتەوە، جگە لەوەش ڕێگەیەکیش بوو بۆ هاندانی یارمەتی لە تیرۆریستییە بەخشەرەکانی وەك بن لادن[٣].

حاڵی حازری، (ASG) ڕووبەڕووی هەڵمەتێکی چڕی دژە تیرۆری حکومەتی فلیپینی دەبێتەوە. ئەو هەڵمەتە لەگەڵ پاڵپشتی مەشقی سەربازی ویلایەتە یەکگرتووەکان خێراتر و کاریگەر تربووە. لە ئەنجامی ئەوەشدا، (ASG) لەوەتەی ئەو هەڵمەتە دەستپێکردووە بەلای کەم لە بواری ئامانجی کورتخایەندا کاریگەری کەمتر بووەتەوە و بۆچوونەکانی دەربارەی سەرکەوتنی گروپەکە لە ئاستی ئامانجی درێژخایەندا لەژێر پرسدایە[٤].

١ـ Center for Defense Information, “In the Spotlight: Abu Sayyaf,” CDI Terrorism Project, March ٥, ٢٠٠٢a.

٢ـ Center for Defense Information (٢٠٠٢a).

٣ـ بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:

U.S. Department of Justice, “Six Additional Members of the Abu Sayyaf Group Indicted in Connection with Hostage-Taking and Murder of Americans and Others in the Philippines,” press release, December ١٠, ٢٠٠٢.

٤ـ “Airport Bomb: Islamic Group Blamed,” CNN.com, March ٦, ٢٠٠٣.

بەهەرحاڵ، لەکاتی ئەو نووسینەدا، هەرچەندە (ASG) هێشتا چالاکە، هەروەها (MILF) یش دەستی بە ئەنجامدانی چالاکی کر دووە لە فلیپین هەرچەندە لەوەتەی ساڵی ٢٠٠١ ەوە پابەندی ئاگربەست ببوو.


گروپەکەش. هەریەك لەو فاکتەرانە کاری خۆیان لە سنووردارکردنی فراوانبوون و گەشەسەندنی (ASG) داکردووە.

لە هەمووی گرنگتر، پەیوەندی (ASG) بە ئەلقاعیدەوە وەك ئاشکرایە لادانێکی لە ئامانجەکانی گروپەکە هێنایە ئاراوە، کاتێك کە (ASG) دەستیکرد بە هەڵکوتانە سەر ئامانجەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ڕۆژئاواییەکان. ئەم گۆڕانە ئەو کاریگەرییە دەسەلمێنێ کە بۆی هەیە ڕێکخراوە هاوبۆچوونەکان لەسەر گروپی یاخیبووان هەیان بێ، بە تایبەتی ئەگەر ئەو ڕێکخراوە دەرەکییانە پارە دابین بکەن، هەروەك (EIJ) و ئوسامە بن لادان یارمەتییان بۆ (ASG) دابین کرد و ئەو یارمەتییەش ڕێڕەوی پەرەسندنی گروپەکەی گۆڕی.

هەڵکشان و کەوتن: گروپە تیرۆریستییەکان لە گۆڕانکاریدان

ئەو بەشە هەندێ تێگەیشتن و دیدگەی خستە ڕوو کە چۆن ڕێکخراوە سەربازییەکان وەڵامی گۆڕانکاری ژینگەی نێوخۆیی و دەرەکی دەدەنەوە. ئەنجامەکەش بریتییە لە چوار باسی جیاواز کە ڕێڕەوی پەرەسەندنی هەر گروپێك کورت دەکاتەوە و لەوانەش گرنگتر، چۆنیەتی خۆگونجاندن و گۆڕانکاری لە گروپە تیرۆریستییەکان ڕوون دەکاتەوە. هەروەها گۆڕانکاری و چاکسازی لە سیستەمی هەڕەشەکەی ئێمە دەکەن لە خشتەی (٢ ـ ٣) کە لەبەشی دووەمدا لێوەی دواین، کاتێك کە خشتەکە نەخشەیەکی گریمانەیی دیاریکردبوو لە کۆچکردنی کادیرەکانی قاعیدە. بە هەرحاڵ ئەو شیکردنەوەی لەم بەشەدا هاتووە ڕێگەمان پێدەدا کە تێگەیشتنمان قووڵ بکەینەوە بۆ ئەو گۆڕانکارییە شاراوە و نادیارانە. بۆ ڕوونکردنەوەی چۆن ئەو گفتوگۆیە لەگەڵ کۆنتێکستی سیستەمەکەی ئێمە دەگونجێ، هێلکاری شێوە (٤ ـ ١، ٤ ـ ٢، ٤ ـ ٣) ڕێڕەوی پەرەسەندنەکان بە درێژایی کات بۆ هەرچوار گروپەکەی لەو بەشەدا باسیان لێوەکرا، دەکێشێ.







هێلکاری شێوە (٤ ـ ١)

نەخشەکێشانی هەڕەشەکان کە چوار گروپەکە سەپاندوویانە لە ساڵی ١٩٨٢

گرنگییەوە، هەرچەندە گروپەکان لە ژینگەی جیاوازدا گەشەیان کردووە، دووچاری دژە هێرشی جیاوازی حکومەتەکان بوونەتەوە و ئامانجی جیاوازییان هەڵگرتووە بەڵام شیکردنەوەکەی ئێمە چەند وێکچونێکی لە ڕێڕەوەکانیاندا دەرخستووە. کەواتە دەستەویەخەی ئەو دەمەتەقێیە دەبێ کەوا تێگەیشتنی وێکچوونەکان پێکهاتوویەکی گرنگ لە داڕشتنی سیاسەتی کاریگەری دژە تیرۆر دەنوێنێ، بۆ نموونە، هەر چوار گروپ وەڵامیان بۆ دژە هێرشی وڵاتەکانیان هەبووە و چاکسازییان تێداکردووە، هەرچەندە هەندێکیان سەرکوتووانە تر لەوانی دیکە کارەکەیان ئەنجامداوە. بە هەمان شێوە، چوار بارودۆخەکە ئەوە دەردەخەن کە

پاڵپشتی دەرەکی (لە وڵات یا ڕێکخراوی سەربازی دەرەکی) دەتوانێ کـار بکاتـە سەر نیاز و تواناکانیـان. لـە کۆتاییـدا هەرچـوار نموونەکـەی شـیکردنەوەکەمان جـەخت لـەوە دەکەنـەوە کـە چـۆن گروپـی سـەربازی هەسـتیارن بەرامبـەر بـە لەدەستدانی پاڵپشتی جەماوەر. لە هەمانکاتدا هیچ یەکێك لەو خاڵانـە بەتـەنیا بەدیهێنەری گۆڕانکاری نییە، بەڵام بەیەکەوە، ئەو ئەنجامەی لێ هەڵـدەهێنجێ: کاتێك گروپە تیرۆریستییەکان بـەماوەی گوێزرانـەوەدا تێپـەڕدەبن، هەسـتیار و لاوازن، بەتایبەتی ئەگەر ئەو دژە کردارانـەی ڕووبـەڕوویان دەبێتـەوە پەسـتانەکە گەورەتر بکات کە پێشکەوتنیان دەخاتە فشارەوە.





هێلکاری شێوە (٤ ـ ٢)

نەخشەکێشانی هەڕەشەکان کە چوار گروپەکە سەپاندوویانە لە ساڵی ١٩٩٢



بە ڕێی تێدەچێ یەکێك پێشبینی ئەوە بکات کە ئەوە ڕاستە، چونکە گۆڕان واتای دوودڵی و نیگەرانی دەگەیەنێ. کە گروپەکان بەگۆڕاندا دەڕۆن، دەکەونە دووڕیانی هەڵبژاردنـــەوە، هەڵبـــژاردن دەربـــارەی پێکهـــاتنی ڕێکخراوەییـــان، دەربـــارەی ستراتیژیەت و تاکتیکەکانیان. ئەگـەر شـێوازێکی لاواز هەڵبـژێرن، ئاکامەکـەی لەناوبـەر دەبێـت، بـۆی هەیـە ئـەم هەڵبژاردنـە یارمـەتی دەسـەڵاتداران بـدات ئەنجامدانی تەواوکەر بسەپێنن و لە ئاکامـدا دەروازەکـان لەبـەردەم تیرۆریـستان زیاد بکەن کە بڕیاری لاواز بدەن.




هێلکاری شێوە (٤ ـ ٣)

نەخشە کێانی هەڕەشەکان کە چوار گروپەکە سەپاندوویانە لە ساڵی ٢٠٠٢

هێرشەکانی ١١ ی سێپتێمبەری ٢٠٠١ بۆ سەر بنکەی بازرگـانی نێودەوڵـەتی و پنتاگۆن ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە سەختە بتوانرێ پێشبینی خواست و نیازی نـوێ و دەرکەوتوو لە تیرۆردا بکرێ. هەواڵگەری و دەزگاکانی ئاسایش بە ماوەیـەکی زۆر بەر لە ١١ ی سێپتێمبەر بە وردی سێرەیان لە چـالاکییەکانی ئوسـامە بـن لادن و بەرە ئیسلامییە جیهانییەکەی بۆ جیهاد دژی جوولەکە و خاچپەرستەکان، گرتبـوو. ئەمـە ئـەوەبوو کـە بینـرا، بـۆ نموونـە کـە حکومـەتی ویلایەتـە یەکگرتووەکانی ئەمـەریکا هێرشـی مووشـەکی وەك تۆڵـە سـەندنەوە لـە دژی گروپەکەی بن لادن و ئەفغانستان و سودان لە ساڵی ١٩٩٨ دا ئەنجامـدا، کەچـی گەلێ ئەندامانی دەستەی دژە تیرۆر لەوە دەچوو ڕادەی دوژمندارێتی گروپەکـەیان دژی ویلایەتە یەکگرتووەکان یا تواناکانی کەمتر لـە ئاسـتی ڕاسـتەقینەی خـۆی هەڵسەنگاندبوو، لـەوەش گـرنگتر، لـەوە دەچـێ یـەکگرتنی کوشـندەی هـەردوو بوارەکە (ڕادەی دوژمنداری و تواناکانی گروپەکە) کەمتر لە ئاستی ڕاسـتەقینەی خۆی خەمڵێنرابێ. کاتێ کە ئەو تێبینییانە دەخەینە ڕوو مەبەستمان ئـەوە نییـە کە بە شێوەیەکی گشتی ڕەخنە لە دەزگاکانی ئاسایشی ویلایەتـە یـەکگرتووەکان یا شیکارانی تیرۆر بگرین، بەڵام زیاتر بڕوامان وایـە کـە سروشـتی ڕاسـتەقینەی تیرۆر بە شێکی بەرچاوی کێشەکە دەسەپێنێ، وەك بروس هۆفمان لە (لە ناوەوەی تیرۆردا) گوتوویەتی: "هەڵمەتی تیرۆریستی وەك سەگی دەریایە لە ئـاودا: دەبـێ لە بەرەو پێشچوون بوەستێنرێ ـ گرنگ نییە چەند بە هێواشی یا بە هەر نرخێکی بەرز بێ ـ یا دەبێ لە نێو بـبرێ". لـە ڕووی بیرییـەوە ویلایەتـە یـەکگرتووەکان ڕووبەڕووی هەڕەشەیەکی تیرۆریستی دەبێتەوە لە دواوەی ئەلقاعیدە یا هەر تاکـە گروپێکی دیکەیە کـە ئیمـڕۆ بـوونی هەیـە. ئـەو هەڕەشـەیە یەخـەگیری وڵاتـە یەکگرتووەکان دەبێتەوە، بۆیە پێویستە هاوڵاتیانی بپارێزێ لە هەموو ڕێکخـراوە سـەربازییە جۆراوجۆرەکـان کـە ڕادەی دوژمنـدارێتی جیاوازیـان دژی ویلایەتـە یەکگرتووەکان و توانای هێرشکردنە سەر بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتە سەلماندووە.



# بەشی پێنجەم

## ئەنجام

گرنگتر لەوە، ئەو هەڕەشەیە لە توانایدایە بەیانی گۆڕانی بەسەردا بێ. لە ئەنجامی ئەو نەرمونیانییەدا، هەوڵمان داوە لەو ڕاپۆرتەدا سیستەمێك دروستبکەین کە ڕێگە بە داڕێژەرانی سیاسەت و شیکارانی تیرۆر بدا نیشانە لە چواردەوری هەڕەشەکە دابنێن بە بێ تێکدانی سروشتە دینامیکییەکەی.

گرژی نێوان پەرژینکردنی هەڕەشە بۆ سیاسەتدانەران و لەدەستدانی نەرمونیانی زۆر کە شیکردنەوەی تیرۆر گەرەکییەتی، بە درێژایی ئەو ڕاپۆرتە بەدی دەکرێ. سەرەڕای ئەوەش پێمان وایە ئەو گرژییەیە بەشداری فراوان لە بڵاوکراوەی تیرۆری ئەمڕۆ دەکات کە پەیوەندی بە پرسی ڕانەگەیەنراو هەیە، چی بە جەخت کردنە سەر گروپی تیرۆریستی دیاریکراو (بۆیە هەر ڕاسپاردەیەکی سیاسی تەنها لەسەر گروپێکی دیاریکراو جێ بەجێ دەبێ لە کاتێکی دیاریکراو)، یا گشتاندنی نیازەکانی تیرۆر بۆ ئەو ڕادەیەی کە سوودێکی کەمی پلانی سیاسەت لە شیکردنەوەکە وەربگیرێ. شیکارانی تیرۆری دەزگای ڕاند هەوڵیان داوە کە ئەم کەلێنە پڕبکەنەوە بۆ ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوو ـ نموونەیەکی ڕوون بریتییە لە پەرتووکی "ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆری نوێ کە (یان لێسەر و ئەوانی دیکە) نووسیویانە، لە ساڵی ١٩٩٩ دا بڵاوکرایەوە. بە هەمان شێوە ڕاپۆرتێك لەلایەن (بۆنی کۆردێس و ئەوانی دیکە) کە بریتیبوو لە "سیستەمێکی فیکری بۆ شیکردنەوەی گروپە تیرۆریستییەکان لە ساڵی ١٩٨٥ دا بڵاوکرایەوە" ئەویش هەوڵی دا بۆ شیکردنەوەی ئەکادیمییانەی تیرۆر بەیەکەوە لەگەڵ پێویستییەکانی سیاسەت ئامادە بکا بۆ یارمەتیدانی بڕیاربەدەستانی ویلایەتە یەکگرتووەکان. لەم چوارچێوەیەدا ئێمە ئەم ڕاپۆرتە وەك هەنگاوێکی زیاتر دەبینین لە دابینکردنی داڕێژەرانی سیاسەت بە ئامرازێکی سوودبەخش بۆ دیاریکردن و تێگەیشتنی هەڕەشەی نوێ و گەشەکردوو لە تیرۆر.

ڕوونتر لەوە، هێشتا زۆر زیاترمان پێویستە بکرێ، لەم ڕاپۆرتەدا ئێمە تەنها هەڵسەنگاندنێکی بەرایی بۆ ئەو هۆکارە (ناوەکی و دەرەکییانە) دابین دەکەین کە



دەبنە مایەی ئەوەی ڕێکخراوە سەربازییەکان بە درێژایی کات گۆڕانکاری یا چاکسازی بکەن. ئەو گۆڕانانە کلیلی سیاسەتی دژە تیرۆرن، چونکە تیشك دەخەنە سەر بڕیاردان لە نێو گروپە تیرۆریستییەکان و هەستیاری و لاوازی شاراوە و نادیار بەدیار دەخەن کە دەکرێ بەکار ببرێ و بقۆزرێتەوە. دۆزینەوە سەرەتاییەکانی ئێمە پێویستی بە قووڵتر بوونەوە هەیە، لەگەڵ لێکۆڵینەوەی ئەزموونی زیاتر. بە هەمان شێوە، ڕوانین لە گۆڕانکارییە هەنووکەییەکان بۆی هەیە لە چوارچێوەی جەنگی دژە تیرۆر کەڵکمەند بێ، بە تاقیکردنەوەی ئەوەی چۆن گروپە تیرۆریستییەکان کاردانەوەیان لەگەڵ هەڵمەتی جیهانی بە سەرکردایەتی ئەمەریکا و هاوپەیمانان کردووە. سەرەڕای ئەوە، ڕاپۆرتەکە لەو هەڕەشانە دەکۆڵێتەوە کە سەپێنراوەتە سەر بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان، بەڵام سوودیشی دەبێ بۆ چاککردنی سیستەمەکە کە تیشك بخاتە سەر نیشتمانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بە شێوەیەکی دیاریکراو.

لە کۆتاییدا پێویستە تێبینی ئەوە بکرێ ئێمە بە ئەنقەست تیشکمان خستە سەر پێداویستییە ڕێکخراوەیی و کردارییەکان کە کار لە تواناکانی ڕێکخراوە سەربازییەکان دەکات. بۆ مەبەستی ئەو شیکردنەوەیە ئێمە گەلێکمان وەلانا لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی نیاز و پاڵنەرەکانیان. بەڵام ئەو هەڵسەنگاندنە بە ڕوون و ئاشکرایی کار لە دڵ و هۆشی هەر هەڵمەتێك دەکا کە ویلایەتە یەکگرتووەکان بیگوزەرێنێ بۆ کەمکردنەوەی ئەندامگیری یان کەمکردنەوەی پاڵپشتی خەڵك بۆ ئامانجەکانی تیرۆریستان. ئەم پرسانە کەمێکن لە ململانێ و لەڕووڕاوەستانێکی زۆر زیاتر کە دەستەویەخەی داڕێژەرانی سیاسەت دەبێتەوە کاتێك هەوڵ دەدەن سیاسەتی دژە تیرۆر دابهێنن. بە واتایەکی دیکە، ئەو ڕاپۆرتە تایبەتە، دەبێ لەو چوارچێوە فراوانەوە لێکبدرێتەوە وەك یەکێك لە کۆمەڵە هەنگاوەکان بەرەو پەرەپێدان و درێژەپێدانی ستراتیژیەتێکی کاریگەرانەی دژە تیرۆر.

**پاشكۆ**

## خواستەكانی هێرشی تیرۆریستی

بەشی دووەم سیستەمی هەڕەشەی ئێمەی ڕوونكردەوە لە چوارچێوەی هەستی دژە ئەمەریكایی و توانا تیرۆریستییەكان. ئەم پاشكۆیە زانیاری زیاتر دەربارەی خواست و نیازە مێژووییەكانی هێرشە تیرۆریستییەكان دەخاتە بەر دیدی خوێنەر لە پێناو دامەزراندنی كۆنتێكستەكە بۆ ئاستەكانی توانای هێرشكردن. ئەم ئاستانەش وەكو خوارەوەن:

١ـ توانای سەلمێنراوی كوشتن یا بریندارکردنی زیاتر لە پەنجا كەس لە تاكە هێرشێكدا لەوەتەی ساڵی ١٩٩٨ەوە.

٢ـ توانای سەلمێنراو بۆ پێكانی هاوڵاتی بێگانە لەوەتەی ساڵی ١٩٩٨ ەوە.

٣ـ توانای سەلمێنراو یا پەی پێبراوی كوشتن یا بریندارکردنی زیاتر لە ١٥٠ كەس لە هەر تاكە هێرشێكدا لەوەتەی ساڵی ١٩٩٨ ەوە.


٤ـ توانای سەلمێنراو یا پەی پێبراو بۆ پەلاماردانی سەركەوتووانەی ئامانجی چاك پارێزراو لەوەتەی ساڵی ١٩٩٨ ەوە.

٥ـ توانای سەلمێنراو یا پەی پێبراو بۆ ئەنجامدانی كۆمەڵە هێرشی ڕێكخراو بە درێژایی كات و شوێن بە سەركەوتوویی لەوەتەی ساڵی ١٩٩٨ ەوە.

لە ساڵی ١٩٩٨ تا ٢٠٠٢، ئاماری دەزگای ڕاند ١,٠٢٨ هێرشی تیرۆریستی جیهانی تۆمار كردووە، بەڵام تەنها ٦٠ لەو هێرشانە گەیشتوونەتە ئەو ئاستانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێكرا. لەو ماوەیەدا، تیرۆریستان بۆ هەر هێرشێك وەك تێكڕا، كوژراوێك و سێ بریندارییان خستووەتەوە. ئەم تێكڕایە هێرشەكانی ١١ ی سێپتێمبەریش دەگرێتەوە، بەڵام ئێمە ئەوەمان دیاریكردووە كە بۆ ئەو سیستەمە ویستوومانە توانای ئەوەمان هەبێ ئەو گروپانە جیا بكەینەوە كە بەرچاوترین هەڕەشە دەسەپێننە سەر وڵاتە یەكگرتووەكان. بۆیە ئەو گروپانەمان هەڵبژارد كە توانای خستنەوەی ٥٠ قوربانیان هەیە وەك ئاستێكی بەرز كە مەبەستمانە.




زیاتر لەوە، تەنها لەبەر ئەوەی گروپێك توانای خۆی سەلماندووە بۆ تێپەڕین لە ئاستێك ئەوە ناگەیەنێ كە هەموو تاكە هێرشێك بە هەمان شێوە بڕینی هەمان ئاستە، بۆ نموونە، حزب اللە توانای ئەوەی سەلماندووە كە سەركەوتووانە پەلاماری ئامانجی پارێزراو بدات، بەڵام ئەوە مانای ئەوەنییە كە هەموو هێرشەكانی حزب اللە بۆ سەر ئامانجە پارێزراوەكان سەركەوتن بەدەست دێنێ یا هەموو هێرشەكانی ئەو گروپە دەگاتە ئەو ئاستە. حزب اللە ژمارەیەكی زۆر هێرش ئەنجام دەدا كە تەنانەت ناگاتە ئاستی یەكەمیش (كوشتن یا بریندار كردنی ٥٠ كەس). هێڵكاری شێوە ( أ ـ ١) ئەو (٦٠) هێرشە ڕوون دەكاتەوە كە بە گوێرەی (نیشانەكانی توانا) ی ئێمە دابەشكراون.




**هێرشە تیرۆریستییەكان**
**بە گوێرەی پێنج ئاستەكانی توانا (١٩٩٨ ـ ٢٠٠٠)**


لەم هێلکارییەدا تەواو ئاشکرایە کە نیشانەکانی توانا بە دوای یەکداهاتنی توناکان دەردەخەن. هەرچۆنێ بێ، لە ڕاپۆرتەکەدا تێبینی ئەوە دەکەین کە سەختە نیازەکانی گروپێکی تیرۆریستی دیاریکراو لە ئامانجەکانی جیا بکەیتەوە، بۆ نموونە، ناتوانی هاوڵاتیانی بێگانە جودابکەیتەوە لە قوربانیانی بێگانەی نائەنقەستانە لە هێرشێکی تیرۆریستی نێوخۆییدا. لە هێلکاری (أ ـ ٢) ئەو جیاوازییە ڕوون دەکەینەوە بە بەراوردکردنی شێوازەکانی هێرشەکان کە هاوڵاتیان و کۆمپانیاکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان ئامانجی دووەم بوون لەگەڵ ئەوانەی کە هاوڵاتیانی ویلایەتە یەکگرتووەکان یان هاوڵاتیانی بێگانە بە شێوەیەکی دیاریکراو هێرشیان کراوەتە سەر.




**هێلکاری شێوە (أ ـ ٢) هێرشە جیهانی و نائەنقەستانەکان بۆسەر هاوڵاتییانی بێگانە**



هێلکاری شێوە (أ ـ ٣) جیاکردنەوەیەکی ڕوون لە نێوان ئەو هێرشانەی کە زیاتر لە ٥٠ قوربانی و ئەوانەش کە زیاتر لە ١٥٠ قوربانی دەخەنەوە، دەردەخا. هەندێ شارەزایان لە کێشمەکێشمی ئەوە دابوون کە تیرۆریستان دەیانەوێ خەڵکێکی زۆر بیانبینن و بیانبیسن بەڵام نەك خەڵکێکی زۆر بمرن، ئەو بیرە باوەی کە لە بەشی یەکەمدا ئاماژەی پێکرا، کە تیرۆر وەك شانۆیەك لە قەڵەم دەدا. هێلکاری شێوە (أ ـ ٣) ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن کوشندەیی هێرشە تیرۆریستییەکان گۆڕانی بەسەر دا هاتووە لە ماوەی ئەو دەیەی ڕابردوودا.
ئێمە جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە ئامارە مێژووییەکانی سەرەوە هەرگیز مەبەست لێیان ئەوە نەبووە کە وەك نیشانە و بەڵگەی هێرشە تیرۆریستییەکانی ئایندە بەکار بهێنرێت. بەڵام زیاتر ئەو داتایانەمان خستووەتە نێو ڕاپۆرتەکە بۆ دابینکردنی چوارچێوەیەکی ئاستەکان کە بۆ شیکردنەوەی سیستەمەکەمان دەتوانن بە یەکسانی وەك نیشانەکانی توانا تیرۆریستییەکان سوودیان هەبێ ـ لەگەڵ ئاست نزمەکان بۆ دابینکردنی پێوانەیەکی گشتی توانا تیرۆریستییەکان یان ئاستە بەرزەکان بۆ دابینکردنی نیشانەکانی توانای گروپەکان لە هێرشکردنە سەر نیشتمانی ویلایەتە یەکگرتووەکان، هێشتا ئێمە بڕوامان وایە کە ئەو ئاستانە پێوانەیی سوود بەخشن بۆ هەڵسەنگاندنی توانا تیرۆریستییەکان لە بەرامبەر هەر یەکەیاندا ـ تەنانەت لە جیهانێکی هەمیشە گۆڕاو و دینامیکیدا.




**هێلکاری شێوە (أ ـ ٣) شێوازە کوشندەییەکانی هێرشە تیرۆریستییەکان**